# کوشتنی ڕیزوان پاشا و کەوتنی بەدرخانییەکان لە ئەستەمبوڵ

بەدواداچونێکی دێکۆمێنتارییە



پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

زانکۆی سلێمانی

**پێشکەشە بە هەر سێ جگەرگۆشەی خۆشەویستم:**

- **ئارین**
- **نارین**
- **لەرین**

## پێشەکی :

خوێنەری ئازیز، ئەمڕۆ ١١٤ ساڵ بەسەر رووداوی کوشتنی (ریزوان پاشا)ی پارێزگارو سەرۆک شارەوانیی ئەستەمبوڵدا تێدەپەڕێت، کە لەئێوارەی رۆژی ٢٣ی مارتی ١٩٠٦دا، لەنزیک وێستگەی شەمەندەفەرەکە، لە گویزتەپە کوژرا. ئەم رووداوە، کە تاوەکو ئێستا بەوردیی نەخراوەتە بەرباس و لەلایەن مێژوونووسانەوە لێی نەکۆڵراوەتەوە، پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەمێژووی کوردەوە هەیە، بەتایبەتی خاڵێکی وەرچەرخانە لەمێژووی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، کە راستەوخۆ لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدو دەسەڵاتدارانی باڵای دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەتاوانبار راگەیەندران و فەرمانی رەشبگیریی و دوورخستنەوەیان لە ئەستەمبوڵ و شارەکانی دیکەی ئیمپراتۆرییەتەکە بۆ دەرچوو. بەوەش ، ئەو رووداوە بووە هۆی کەوتنی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەئەستەمبوڵ ، ئەوانەی لەوکاتەدا خاوەن پێگەو نفوزو دەسەڵاتێکی بەهێزبوون و بەشێکبوون لەلوتکەی ستراکتۆری دەسەڵات و سیستمی حەمیدیی.

ئەم کارەی بەردەست هەوڵێکی دیکومێنتارییە بۆ پێشکەشکردنی زیاترین زانیاریی و تێڕوانین سەبارەت بەو رووداوەو کاریگەرییەکانی، بەپشتبەستن بەچەندین سەرچاوەو بەڵگەو رۆژنامەی بیانیی و پشتدەبەستێت بەمیتۆدی گێڕانەوەی درامایی و وەسفی مێژوویی و پێمانوایە ئەم کارە، بابەتێکی ناوازەیە لەبواری نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کوردو وەک بەرهەمەکانی دیکەمان، کەلێنێکی گەورە لەوبوارەدا پڕدەکاتەوە. هەربژین...

پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو/ ٢٣ی مارتی ٢٠٢٠

## پایتەختی خەلافەت لەخەزاندا

پایزی ساڵی ١٩٠٥ی ئەستەمبوڵ فرە باراناویی بوو، بەشێویەک کەمتر رۆژێکی خۆش و ساماڵی تێدەکەوت. وا ئەمڕۆ دوو رۆژە باران خۆشیکردۆتەوەو خانمی ژنی میریش نیازی سەردانی هەندێک لەخزمەکانی هەیە لەگەڕەکی سوڵتان تەپە، هەربۆیە لەبەیانییەوە ماڵی جێهێشتووەو چۆتە دەرەوە، نیازی نییە تا عەسریکی درەنگ بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی لەگەرەکی شیشلی کە زۆر لەکۆشکی یەڵدزەوە دوور نییە.

لەدوای نیوەڕۆیەکی درەنگ، عەرەبانچییەکە لەدەرەوە چاوەڕیی خانمەو بە دەرکەوانەکەی راگەیاند: بۆئەوەی درەنگ نەکەوین بەخانم بفەرمو کەمێک پەلەبکات، رێگاکەمان قوڕو چڵپاوەو ناتوانین بەخێرایی بڕۆین، بادرەنگ نەگەینەوە شیشلی و میریشم دڵی هیچ نەکات چونکە وتی تاریک نەکات بگەڕێنەوە!

پاش خوداحافیزی، خانم و یەک دوو لە کارەکەرەکانی، سواری عەرەبانەکە بوون و وردەوردە بەشەقامە سەرەکییەکانی ئەستەمبوڵدا بەرەو شیشلی کەوتەڕێ، ئەو شەقامانەی کە تا ئەو ساتەش، جگە لەوەی لەهەندیک شوێن نەبێ کە بەباشی تەخت و بەردڕێژکرابوون، بەڵام هەر لاتدا، ئیدی بەگشتیی کۆن و خراپ و پڕ چاڵوچۆڵیی و نالەبارن و وەک دەڵێن ئەستۆی کەری تیا دەشکێ!! بەتایبەت لەم کەشە پایزیی و قوڕو چڵپاوەی ئەم دواییە.

نزیک بە سەعاتێک رۆژی مابوو، کاتێک عەرەبانەکە لەشەقامە سەرەکییەکە بەرەو شەقامە لاوەکییەکە لایدا کە ماڵی میری لێ بوو، زۆری نەمابوو بگەنەوە ئەوێ، لەکۆتایی شەقامە لاوەکییەکە، کاتێک عەرەبانەکە کەوتە چاڵێکەوەو یەکێک لەتایەکانی لەلاوە دەرپەڕی، هەربۆیە خانم ناچاربوو دابەزێت و بەپیادەڕێ لەگەڵ کارەکەرەکانی بەنێو ئەو چڵپاوەدا ملی رێگای ماڵەوە بگرن.

لەو دەمەدا، میر لەحەوشەی ماڵەکەدا، لەهاتوچۆ و چاوەڕوانییدابوو، پاسەوان و خزمەتکارەکانیشی لەنێو ئەو خانووە گەورەو دوو نهۆمییەدا، لەهاتوچۆدابوون. وەک ئەوەی بیانەوێت بڕێک لە نائارامیی میر کەمبکەنەوە. دروست لەو کاتەدا، تەقەی کردنەوەی دەرکەی ماڵەکە میری راچڵەکاندا. ئەو میرەی بەبینینی خانمە خۆشەویستەکەی، کە ژنی یەکەمی بوو، ئەبڵەقبوو.

خانم لەدۆخێکی ئەوتۆدا بوو کە کەس ئیرەیی پێ نەدەبرد، بەشێوەیەک گیانی سەراپا لەقوڕ هەڵکشابوو، هەر دەتوت بۆ قوڕەکاری چۆتە دەرەوە، ئەو دیمەنەی بەتەواوەتیی میری دەهریی کرد. ئاخر بۆ دەبێت لەم سەدەی بیستەمەداو لەپایەتەختی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو گرانی وەک ئەستەمبوڵی ناوەندی دارولخەلافەتدا، کە شوێنی دەیەها کۆنسوڵخانەی وڵاتانی زلهێزی ئەورووپایە، شارەوانی ئەستەمبوڵ کە ماوەیەکی زۆرە خۆی بە نۆژەنکردنەوەی هەندێک لەو شەقامانەوە سەرقاڵکردووە کە دەچنەوە سەر کۆشک، ئاوا بەکەمتەرخەمیی و نیوەناچڵیی کاری خۆیان بکەن، بەجۆرێک تەنیا نیوەی ئەو شەقامەیان تەخت و بەردڕێژ کردووە کە ماڵی میری لەسەربوو، نیوەکەی تریان بەتەواونەکراویی و پڕچاڵوچۆڵیی جێهێشتتووەو هەر نەهاتن بەلایەوە تاوەکو بەم پایزە باراناوییە بۆتە لیتاو ، بەراستیی ئەمە کێشەیەکە دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە!!!!



ئەستەمبوڵ پایزی ١٩٠٥







## وێناکردنی قۆناغی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)، یەکێکە لەگرنگترین و پڕرووداوترین و چارەنووسسازترین سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی لەمێژوودا، بەشێوەیەک مەگەر هاوشێوەی لەسەردەمی سوڵتانەکانی وەک بایەزیدو سەلیم و سلێمان و محەمەدی دووەم و سوڵتان مەحموددا روویدابێت. سوڵتان عەبدولحەمید لەدۆخێکی زۆر دژواردا پاش لابردنی سوڵتان موورادی برای هاتەسەرتەخت، ئەو لەماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی حوکمی خۆی رووبەڕووی گەلێک کێشەو قەیران و گرفتی دەرەکیی و نێوخۆیی بووەو جگە لەو جەنگە گەورەیەی لەگەڵ روسیای قەیسەری لە ١٨٧٧-١٨٧٨ کە بەریکەوتننامەی پاریس و سانستیڤانۆ کۆتاییهات، لەبەلقان و هەرێمەکانی سربیا و یۆنان و مۆنتینیگرۆو بولگاریا و دواتریش میسرو تونس و ناوچەکانی تر، تووشی چەندین راپەڕینی خوێناویی و بزوتنەوەی سەربەخۆخوازیی بووەو بەشێک لەخاکی ئیمپراتۆرییەکەشی لەم ناوچانە بەتەواویی لەدەستدا، بەتایبەتی هەر لەسەردەمی ئەم سوڵتانە فشارو هەڵپەی وڵاتانی ئەورووپیی وەک فەرەنساو بریتانیاو ئەڵمانیا و هەروەها روسیا و دواتریش ئەمریکا بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان لەدەوڵەتی عوسمانییدا بەگەرمیی دەستیپێکردو ئەو وڵاتانە لەو پێناوەدا لەکارو ململانێی سەختدابوون، جا یان بە فشاری دیپلۆماسیی و راستەوخۆ وەیاخود بەدەستێوەردان و هاندان و وروژانی گەلانی بەلقان و کریستیانیەکان و دزەکردنەنیو دەزگاکانی عوسمانیی لەڕێگەی راکێشانی بەرپرسانی تورک و بەرتیل و چەندین شێوازی دیکەی هەژمونکاریی.

نەک هەر ئەوە، تەنانەت لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا، ئەنەدۆڵ و کوردستانیش ئارام و هێمن نەمانەوەو هەر لە ساڵی ١٨٨٠دا، گەورەترین جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی دژی کاربەدەستانی عوسمانی بەڕێبەرایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی هەڵگیرسا، ئەو جوڵانەوەیەی بەهاوکاریی وڵاتانی هەرێمیی و

هەروەها پشتگیریی روسیی - بریتانیی لە بابی عالی، شکستیخوارد لەبەدیهێنانی ئامانجەکەیدا.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا، سوڵتان هەوڵیدا سیاسەتێک بگرێتەبەر کەرێگە لەدەستێوەردانی دەرەکیی بگرێت و لەنێوخۆشدا چینی باڵادەستی کۆمەڵگا هەرێمییەکان و نەتەوە موسڵمانەکانی وەک کوردو چەرەکەس و عەرەب لەخۆی نزیکبکاتەوەو لەرێگەی پێدانی پێگەو پۆست و بڕینەوەی موچەو کردنەوەی قوتابخانەی جەنگی بۆ منداڵی عەشیرەتەکان، پاڵپشتییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیی لەنێوخۆ بۆخۆی مسۆگەر بکات.

لەلایەکی ترەوە، سوڵتان لەرێگەی دەزگایەکی بەهێزی هەواڵگریی و سیخوڕیی کە کەسانی بەتواناو دڵسۆزی وەک ئەحمەد جەلالەدین پاشا سەرپەرشتییدەکردو رۆڵێکی گەورەیان لە راوەدونان و رامکردن و لەداونانی نارازیانی حوکمی حەمیدیی گرتبووە ئەستۆ، توانی بۆماوەیەکی درێژ تەختی دەسەڵاتەکەی لەنێو شەپۆلی بەهێزی ئەو هەموو رووداوە چارەنووسسازو مەترسیدارانەدا، هەتا نزیک بەکۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم بپارێزێت.

لەنێو تەواوی ئەو رووداو و کێشانەی رووبەڕووی سوڵتان عەبدلوحەمید بوونەوە، بزوتنەوەی ئەرمەنیی و پیلانگێڕییەکانی تورکە لاوەکان کە دواتر لەرێکخراوی ئیتحادو تەرەقییدا خۆیان بەرجەستەکرد، لە تێکڕای ئەوانی دیکە کاریگەرتربوون و بۆ سوڵتان بێزراکەرتر بوون. ئەوانەی کە لەنێوخۆو لەدەرەوەی ئیمپراتۆرییەکە، بەجیا و پێکەوە، هەندێکجار بەیارمەتی دەوڵەتانی بیانی وەک فەرەنسیی و بریتانییەکان و روسەکان، بەپیلانگێڕییەکانیان و هەنگاوە رادیکاڵەکانیان گرفتی ئاسایشییان بۆ دەوڵەتی عوسمانیی پێکدەهێنا، بەڵکو کار بەوە گەیشتبوو کە دژی گیانی عەبدولحەمیدیش پیلانبگێڕن. وەک ئەوەی لەتەموزی ١٩٠٥دا روویدا،کاتێک سوڵتان لەمزگەوتی یەڵدز لەنوێژی هەینی هاتەدەرەوە تاوەکو بەرەو کۆشک بڕواتەوە، ئەرمەنییەکان گالیسکەیەکیان بۆمبڕێژکردبوو بۆئەوەی

لەوکاتەدا بتەقێتەوە، ئەو هەوڵەی کە سوڵتان بەپەرجو لێی ڕزگاربووو!!
بەم شێوەیە، دەوڵەتی عوسمانیی لەکۆتاییەکانی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیددا بەقۆناغێکی زۆر سەخت و دژواردا تێدەپەڕی، جگە لەو مەترسیی و پیلانگێڕییانە، ئیمپراتۆرییەکە بەرەو ئاستانەی سەدەیەکی نوێ هەنگاوی دەنا، ئەو سەدەیەی کە فشارو ململانێی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی و ئابووریی هیزە جیهانییەکانی تێدا گەیشتبووە لوتکە بەجۆریک پێشتر هەرگیز جیهان و ئیمپراتۆرییەکە شتی وای بەخۆوە نەبینیبووە. لەهەموو ئەوانە گرنگتر پەرەگرتنی جوڵانەوە ناسیونالیستییەکان و ڕۆژنامەوانییە پەلاماردەرو وروژێنەرەکان و خۆکوتینی کۆمپیانیاکانی جیهانی سەرمایەداریی بۆ دەستخستنی بەرژەوەندیی ئابووری لەئیمپراتۆرییەکە. پیویستە بەوترێت کە ماوەیەکبوو تۆوی ناسیونالیزمی تورکیی کەسەرەتا بزاڤێکی کەلتوریی و ئەدەبیی بوو، لەنێو کاربەدەست و کارمەندو بەرپرسانی ئیمپراتۆرییەکە، بەتابەت لەنیو کایەی سەربازییدا، چەکەرەی کردبوو. لەم نێوەشدا، ئەستەمبوڵ لەتەواوی ئەم گێرەو کێشە و ململانێیە نیوخۆیی و جیهانییەدا، پشکی شێری بەرکەوتبوو.









# ڕووداوێکی کوشتن لە ٢٣ی مارت

ئەستەمبوڵ، ماوەیەک بوو کزەی سەرماو کەشە باراناوێیەکەی تێپەڕاندبوو، چەند مانگێکیش دەبوو کە هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ لەشارەکەدا نەقەومابوو کە سەرنجی نێوخۆو بگرە نوێنەری کۆنسوڵخانەکانیش بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. لەهەموو شوێنیکی شارەکە بەڕواڵەت هەست بەئەمنیەت و ئارامیی دەکرا. ئەمڕۆ ڕۆژی هەینی ٢٣ی مارت، دووڕۆژە بەسەر یەکەمین مانگی نەورۆزی ساڵی نوێدا تێدەپەڕێت، سوڵتان عەبدولحەمید، ڕووی کردۆتە مزگەوتی یەڵدزو لەوێ بەحزوری خەلیفەی ڕەسولی ڕەبولعالەمین و پادشای قودسیەتقەرین عەبدولحەمید ئەفەندی، و سایری کارمەندانی باڵای حکومیی و کاربەدەستانی کۆشک، وتارو نوێژی جومعە خوێندرایەوەو کرا. لەوتاری ئەمڕۆدا، ئیمام و وتاربێژ، پاش دوعاو هیوای تەمەنی درێژو تەندروستی بەردەوام بۆ سوڵتان، سوپاسی خوای میهرەبانی کرد کە ئاسایشی لەسایەی خەلیفەی موسڵمانان بۆ وڵات و شارەکە فەراهەمکردووەو ئینشائەڵاو ڕەحمان بەهارێکی خۆش و پڕ بەرەکەت چاوەڕیی وڵات و سوڵتان و مەملەکەت دەکات!!

لەپاش تەواوبوونی نوێژی هەینی و ڕۆیشتنەوەی خەڵک بۆ ماڵەوە. هەورێکی تاڵ بەری ئاسمانی ئەستەمبوڵی گرت، وەک ئەوەی موژدەی ڕووداوێکی شومی پێبێ، بارانێکی بەخوڕ بۆماوەی دووکاتژمێرباری، عەسرێکی درەنگ وردەوردە دوکان و بازاڕەکان کۆدەکرانەوە، تاریکی خەریک بوو باڵی بەسەر دنیادا دەکێشاو مژدەی هاتنی ئیوارەی دەدا. دروست لەم کاتەدا، لە نزیک وێستگە تەختەکە ڕێگا ئاسنینەکەی بەگەڕەکی گویزتەپەدا تێدەپەڕی، شەمەندەفەرەکە هیواشی کردەوەو وەستا، زۆری نەبرد پیاوێکی پڕی باڵا ناوەنجی پێی لەدەرگای شەمەندەفەرەکە دەرهێناو بەرەو شۆستەی لای وێستگەکە هاوینا، ئەم پیاوە فێسێکی سورو چاکەتێکی درێژی لەبەردابوو، بەهێمنی بەرەو سەری ئەوسەری شەقامە هەنگاوی قورسی دەنا، وەک ئەوەی بارێکی گرانی بەسەر شانەوە بێت!!

هێشتا پیاوەکە بەتەواوەتی لەشەمەندەفەرەکە دوورنەکەوتبۆوەو هەر چل مەترێک شۆستەکەی جێهێلابوو، کاتێک چوار کەسی جەربەزەی و کردە، هەڵۆئاسا نیشتەنە سەر پیاوەکە و هەر لێی نزیکبوونەوە دەمانچەکانیان دەرهێناو نۆ فیشەکیان نا بەجەستەی پیاوەکەوەو خەڵتانی خوێنیانکرد. بەراستیی دیمەنەکە یەکجار هەژێنەرو ترسناک بوو، خوێن بەشێوەیەک لەجەستەی ئەو پیاوەفیچقەی دەکرد کە تاماوەیەک وەستانەوەی نەبوو. نەمەبارنیش زیاتر یاری بەخوێنەکە دەکرد و تادەهات شەقامەکە بەو خوێنەرژاوە سووردەبوو.

هەر بەبیستنی تەقەکان، پۆلیسی بنکەی گویزتەپە لەشوێنەکە ئامادەبوون و پیاوەکانیان بینی، لێرەوە راوەدونان و راکردن و هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی بکوژەکان دەستپێکرد. ئاخر ئەوەی کوژرا هەروا کەسێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ئەو پیاوە (ریزوان پاشا) بوو کە زیاتر لە ١٥ ساڵبوو پارێزگاری شارو وەزیری دەوڵەت و کەسێکی هەر نزیکی سوڵتان و خەلیفە عەبدولحەمید بوو.









## دەنگدانەوەی کوشتنی ریزوان پاشای پارێزگار

وەک وترا، ماوەیەکبوو ئەستەمبوڵ رووداوی هەژێنەری بەم شێوەیەی بەخۆوە نەدیتبوو، کوشتنی ریزوان پاشای پارێزگار کە بەشەهرەمینی عەبدولحەمید دەناسرا، نەک هەر ئەستەمبوڵی خرۆشان و ئیمراتۆرییەتەکەی بەرەو قۆناغێکی دیکە گواستەوە، بەڵکو لەوکاتەدا بووە جێی سەرنجی میدیاکانی جیهان، هەر لەئەمەریکاوە هەتاوەکو ئەڵمان و بریتانیا و فنللاندو تەنانەت ئوستورالیاو نیوزلاند. هەربۆیە لێرەدا هەندێک نموونە لەمبارەیەوە دەخەینەبەرچاو:

رۆژنامەی ئەمریکیی (DAILY EAST OREGONIAN) کەلەرۆژی ٢٤ی مارتی ١٩٠٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە ژێر ناونیشانی "کوشتنی سەرۆکی پۆلیس" دا، هەواڵی کوشتنی ریزوان پاشای پارێزگارو بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری ئەستەمبوڵی راگەیاندووە، کاتێک ناوبراو لە ماڵی خۆیان و شوێنی نیشتەجێبوونەکەیەوە بەرەو شوێنی کارەکەی بەرێکەوتووە.

رۆژنامەی ئوستورالیی ( DARLING DOWNS GAZETTE) کە لە٢٧ی مارتی ١٩٠٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەواڵی کوشتنی ریزوان پاشای لەژێر ناونیشانی "تیرۆری پارێزگار لەئەستەمبوڵ. سەرانەی ئیدعاکراو" بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت: " ریزوان پاشای پارێزگاری ئەستەمبوڵ غافڵکوژکرا، رووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ تۆڵەکردنەوەی شەخسیی، ئەو بەوە تاوانبارکرابوو کە سەرانەی دەخستەسەر نانەواکان تاوەکو رێگەیان بداتێ نانی بچووکتر بفرۆشن."

رۆژنامەی بریتانیی (EVINING EXPRESS) کە لەرۆژی هەینی رێکەوتی ٦ی ئەپڕلی ١٩٠٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "چوار پیاو بە مەرگ سزادران" هەواڵی تەواوبوونی

دادگایی ئەو پیاوانەی بڵاوکردۆتەوە کە بەکوشتنی ریزوان پاشا تۆمەتبارکرابوون و دەڵێت کە چواریان وەک تاوانبار راگەیەنراون و بەمەرگ سزادراون، بەڵام پێنجەمیان ئازادکراوە."

رۆژنامەی ئوستورالیی (THE TELEGRAPH) کەلە رۆژی سێشەممەی رێکەوتی ٢٧ی مارتی ١٩٠٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "ئانارشیستی تورکیی. کوشتنی پارێزگار " دەڵێت کە هەواڵێکی دیکەی ترۆری کارمەندێکی دیکە، لەکارمەندە باڵاکانی تورک گەیشت، ئەویش ریزوان پاشای پارێزگاری ئەستەمبوڵە، کە کوشتنەکەی بۆ تۆڵەی شەخسیی گەڕێنراوەتەوە. هەروەها نووسیویەتی کە ناوبراو تۆمەتباربووە بە بەوەرگرتنی بەخشیش لەبەرامبەر فرۆشتنی نانی بچووک لەلایەن نانەواکانەوە.

هەروەها، رۆژنامەی فنلەندیی (Hufvudstadsbladet) کەلە رۆژی ٣١ی مارتی ١٩٠٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، باس لەوەدەکات کە تەلەگرافیکیان لەئەستەمبوڵەوە بەدەستگەیشتووە، کە هەواڵی کوشتنی کەسێکی پایەبەرزی گرتۆتەخۆ، ئەویش ریزوان پاشای پارێزگاری شارەکەیە. ناوبراو ئەو کاتەی کە لەشەمەندەفەرەکەی دابەزیوە بگەڕێتەوە ماڵەکەی لەبەری رۆخی ئاسایی دەریاکە، لەلایەن دوو کەسەوە پەلاماری دراوەو بەفیشەکی دەمانچەکەیان کوشتویانە. بەگوێرەی ئەم رۆژنامەیە، ریزوان پاشا کەسایەتییەکی زۆر گرنگ و دڵسۆزێکی گەورەی سوڵتان و یەکێک بووە لە مرۆڤە هەر دڵرەقەکانی دەزگا ئیدارییەکانی مێژووی دەوڵەتی عوسمانیی و هەروەها جێگای متمانەو بڕوایەکی پتەوی سوڵتان عەبدولحەمید بووە. هەروەها رۆژنامەکە دەڵێت کە پیاوێکی ئاوا، بێگومان دوژمنێکی زۆری هەیە، لەوانەیە کوشتنەکەی بەهۆی کەسانێکەوە بێت کە بیانەوێ لەسەر رێگای خۆیان لایبەرن و زیاتر لە حکومەت و کۆشکدا، شوێنی خۆیان بکەنەوە."

لەوەش زیاتر، رۆژنامەکە ئاماژە بەدۆخی شەقامەکانی ئەستەمبوڵ دەکات کە بەهۆی بێبایەخیی و بەکارنەهێنانی پارەی گشتیی بۆ خزمەتگوزاریی، خراپن و رێگاکان تاریکن و هیچ جۆرە رووناکاییەکی تیدا نییە، هەربۆیە ئەم جۆرە رووداوانە قابیلی روودانن.

دیارە دەسەڵاتدارانی عوسمانیی و کاربەدەستانی بابی عالی، کە لەدزەکردن و بڵاوبوونەوەی هەر جۆرە هەواڵێک کە بۆنی کەوتنەوەی نائارامیی و پشێویی لێبێت، خۆیان بەدوور دەگرت، بەڵام هێشتا رووداوی کوشتنەکەی ریزوان پاشا لە٢٣ی مارتدا، شتێک نەبوو کە بتوانن بەتەواوەتی دەمی خۆیانی لەئاستدا قەپات بکەن، بۆیە وێڕای ئەو سانسۆرە توندەی کە لەسایەی حوکمی سوڵتاندا خرابووە سەربڵاوکراوەکان و ئەو هەستیارییەش، کە رۆژنامە فەرمییەکان لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان پێشانیان دەدا، کەچی هێشتا رۆژنامەی فەرمیی (اقدام)، رۆژێک پاش رووداوی کوشتنەکە، هەواڵەکەی لەبەشی "شئونات عمومیه"دا بلاوکردۆتەوە. ئیقدام پاش ئەوەی دوعای تەمەندرێژیی بۆ سوڵتان کردووە، بەخەم و پەژارەوە، هەواڵی پەلاماردان و بریندارکردنی ریزوان پاشای شەهرئەمینی بآوکردۆتەوە لەنزیک وێستگەی شەمەندەفەرەکە لە کوزتەپە لەلایەن دووکەسەوە، پەلامارەکەشی بۆ عەداوەتی شەخسیی/دوژمنایەتیی شەخسیی گێڕاوەتەوەو رایگەیاندووە کە جەنازەی ناوبراو بەڕێڕەسمیکی شکۆدارانە بەرێدەکرێت و داواکارە مەرحوم غەریقی رەحمەت بێ.
شایەنی باسە، هەردوو نووسەر ( کریس کۆک و جۆن پاکستۆن) لە لاپەڕە ٣٣٣ی یەکێک لەکتێبەکانیاندا بەناوی (راستییە سیاسییە ئەورووپییەکان ١٨٤٨-١٩١٨/ European Political Facts, 1848-1918 )کەلەندەن لەساڵی ١٩٧٨دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، رووداوی کوشتنەکەی ریزوان پاشایان لەریزبەندی کەسایەتییە ناودارە تیرۆرکراوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم و لە چوارچێوەی باسی جوڵانەوە شۆڕشگێرییەکان داناوە.

in the sloppy gutter, the animal climbed upon the sidewalk, taking the buggy with him. In doing so he turned the rig completely around on the sidewalk and the frightened girls jumped out upon the sidewalk. As the horse started to run he was caught by Frank Pierce, the high school student.

Several who saw the incident admired the horse for his disapproval of the filthy gutter.

### Chief of Police Murdered.

Constantinople, March 24.—Redvan Pasha, chief of police of this city, was murdered en route from his country home to his office.

### Governor Pattison Slept Well.

Columbus, O., March 24.—Governor Pattison slept well and awoke this morning refreshed and apparently stronger.

## NOME'S OLD LANDMARK.

### Theater Which Recently Burned Was a Pioneer Building.

The Louvre theater at Juneau, which was destroyed by fire Sunday night, is one of the oldest landmarks of Gastineau channel, says the Seattle Star. Max Endleman, the present proprietor, built the theater in the early days and the scenes of revelry by night and the big gambling games operated in the Klondike days will be long remembered.

n offence against the

—

NS PROCEEDING.

ondent advises that he Duma now are in at order prevails ev-

—

S CAUSED BY RDERS.

how that during the last year, 14,130 per- and 19,524 wounded. assume that the Go- imised the figures.

—

SPITAL FIRE ATIONS.

son hospital at Mos- he fact that political chained to their beds d their ankles.

—

GIRLS POISONED.

creant recently pois- irls at Pabianize (in ence of their refusal ors of the workshop a poisonous powder. 11 girls will die.

—

# NG A GIRL

o : —

LONDON, Monday.

res, to compel her to lent at Spirdova was death for assassinat- nor of Tamboff.

—

# L SCARE

— : o : —

CANADIAN COMMISSIONER.

—

LONDON, March 25.

Mr. John Dryden, an ex-Minister for Agriculture in Ontario, is to join the commission which is to inquire into the agricultural conditions of Ireland. The invitation emanated from the Imperial Government, through Lord Strathcona, the High Commissioner for Canada.

# PREFECT ASSASSINATED

— : o : —

AT CONSTANTINOPLE.

—

ALLEGED BLACKMAILING.

—

LONDON, Monday.

Redvan Pasha, Prefect of Constantinople, has been assassinated. The act is ascribed to private revenge. He was accused of levying blackmail on bakers for allowing them sell undersized loaves.

—

# LEAVE TO MORTGAGE

— : o : —

APPLICATION TO THE COURT.

BRISBANE, Monday.

In the Supreme Court this morning, before the Chief Justice (Sir Pope A. Cooper), Mr. Lilley (instructed by Messrs Osborn and Waugh as town agents for Mr. F. W. Payne, of Bundaberg) appeared in support of a petition by Sophie Josephine Steindl, eldest daughter of the late Gustave Steindl, brewer, of Bundaberg, for leave to mortgage the estate

... men should ... islation should ... that effect.

Mr. Kidston, i... of talk had been ... of the Pastoralis... this. It was a... men were unfair... continued somet... done. He said h... to deal with the ... good thing for t... fere between em... was sorry that s... things existed, a... thing would hav...

—

# N.S.W. L

—

Geo. M'Nair ... committed for tr... with charges of ... with the land fr...

—

# A VETERAN

—

DEATH OF

James Pennell, ... in the State, died

—

# SAVAG

—

BRISBANE

died late last night. Both motor-cycle and motor-car were badly smashed.

## 'VARSITY CREWS AT WORK.

The crews did some brief spins this morning to wind up their practice at Putney. Oxford rowed two minutes with a Leander scratch, and, giving a third of a length, beat them half, about their best piece of fast rowing. Cambridge only had half a minute at racing pace, but they went extremely well.

## FOUR MEN DOOMED TO DIE

Constantinople, Friday.—The trial of the men accused of the murder of Redvan Pasha has terminated. Four have been found guilty, and condemned to death. The fifth was acquitted.—Reuter.

## PRINCE BUELOW BETTER.

Berlin, Friday.—Prince Buelow has passed a good night, and his mind is quite clear this morning. The physicians in attendance are perfectly satisfied with his Excellency's condition.—Reuter.

## ALARM IN THE CANADIAN HOUSE OF

## G FATALITY.

Y BULLET.

LONDON, March 26.

curred on Saturday at
in connection with
hich were being con-
by of volunteers. By
cartridge got mixed up
munition supplied to the
was fired in due course,
a spectator was killed

## BY JURY.

AS DEFENDANT.

Brisbane, March 26.

Heness versus Bell
was before Mr. Jus
ks ago, his Honor ex-
tion to try it without
uestion of negligence on
mister was raised, his
ted an application to
d by a jury. He ob-
ently it was an estab-
cedure to appoint tem-
He himself would not
out a jury, and he
all the circumstances,
better for permanent
rule which would be
ases where the issue
negligence on the part

## AND MISSION.

ATIVE GOVERNOR.

Melbourne, March 26.

China Inland Mission,
adquarters are in Mel-
ipt of information to
Governor of Hunan has
ent £300) towards the
The change of atti-
foreigner" is regarded
It is thirty years
tempted to work this
en years since a mis-
the city of Changsha.

and the authorities, foiled in their designs have now sentenced her to death.

## RELIGIOUS TOLERATION.

EFFECT ON ROMAN CATHOLICISM.

LONDON, March 26.

The Roman Catholic Bishop in the Russian Lithuanian province of Vilna, has handed to the Russian Government a list of those persons who have rejoined or joined the Roman Catholic Church, on the strength of the Imperial decree, extending toleration to all creeds. The list comprises 20,000 names.

## TURKISH ANARCHISTS.

A PREFECT KILLED.

LONDON, March 26.

Another assassination of a high Turkish official is reported from Constantinople, the victim being Redvan Pasha, prefect of police, whose murder is ascribed to "private revenge." The deceased is accused of having levied blackmail on bakers in Constantinople, who in return for "backsheesh" were allowed to sell bread considerably under weight.

## NEW SOUTH WALES LAND SCANDALS.

THE CONSPIRACY CASE.

Sydney, March 26.

The hearing was continued at the Central Court this afternoon of the charge of conspiracy preferred against George McNair and Bernard Hoskins, arising out of land transactions. The case for the prosecution was concluded, and the accused, who reserved their defence, were committed for trial at the next court of gaol delivery. Bail was allowed.

## LORD M

SUGGESTED PUB

L

Sir Bartle Frere (
diplomatist and admi
was appointed Hig
South Africa), in
press this morning,
tion of a committee
emphatic testimony t
almost universal fee
spect, and admiration
Britain for Lord Mil
toil in the service o
and Empire."

## LONDON C AUST

"IMPROVING

PROTECTIO

M

Mr. O. C. Beale, th
manufacturer, who is
in a letter to Mr. C
"Australia is improvi
every hour. I am a
the old lies are dy
prophecies are bein
is growing fast, and
carry the day within
the poverty is a
philanthropist is try
of the country—a
of the Irish are go
neither prosperous no
is said to be good
where if one wanted
houses he would fin
cure them, and there

## QUEEN

BR

A SHIPMASTER

W. Mottin och G. Martin.

blodsdåd, som sannolikt
tt få dödlig utgång, föröfva-
a i onsdags kl. half 3-tiden
ddagen på Långviksgatan, i
kaniske verkstadsarbetaren
mpoika Minne eller Lehto
tilldelade plåtslagaren Vik-
näki ett hugg i hufvudet, så
ibstans utträngde, samt två
gen. Den slagne fördes till
a sjukhuset och föga hopp
vederfående finnes. Går-
nen är född i Storkyrö 1885,
ven f. n. i Vasa. Den slag-
n skrifven i staden. — Vbl.

ndsfastighetsköp. Hand-
J. Knaapi har försålt Tou-
m med därtill hörande Pok-
ehemman i Hauho åt landt-
n Oskar Olsson från Sääks-
1,000 mark. Tillträdet eger
llet af april.
torn Erkki Alhainen från
r för en köpeskilling stor
af handlanden E. J. Knaa-
lat sig Iso-Hannula skatte-
ofvannämnda socken. Till-
edde genast. Bägge köpen
es af Aksel Alanders Sakfö-
r i Helsingfors.

**verse landsortsnotiser.**
er i dag häradsskrifvaren i
rad David Johan Ikonen.
arsam farsot (barnförlam-
för närvarande gängse i
ides belägna byar i Kittilä
Den dödar i synnerhet barn
a timmar. Provinsialläka-
st ut för att undersöka far-
talar Pohjois-Suomi.

# legram.

**lern von Bülows ställ-**

N, 29 mars. Norddeutsche
ne Zeitung förklarar, att
ånga tidningar utspridda
n rikskanslerns föresthei.-
sion är he't och hållet gri-
ften.

**ken i norra Frankrike.**

20 mars. Vid grufarbeta-
ssens andra sammanträ-
le deputeraden Bally ett
upprop: „Omröstnin-
ltat förpliktar oss att till
arbetare rikta en uppma-
ansluta sig till strejken,
t våra fordringar måtte
pfyllda. Arbetets återupp-
vore ett förräderi mot den
mma saken. Endast enig-
eda oss till seger". Kon-
beslöt att ansluta sig till

England, Spanien och Italien.

**Från Konstantinopel.**

KONSTANTINOPEL,30 mars.Bland de i samband med mordet å Redvan Pascha utvisade släktingarna till kurden Bederkan Pascha befinna sig bl. a. divisionsgeneralen Alischamil, ceremonimästaren Abdul-Rezak,tjänstemannen Bedri, ledamöterna af prefekturkonseljen Hasan och Nedschid-bei m. fl., inalles 52 personer. Ryktesvis förmäles, att mördarne aflagt bekännelse och utpekat Bederkan Paschas släktingar som upphofsmännen till mordet.

## Mordet på stadsprefekten i Konstantinopel.

Från den turkiska hufvudstaden skrifves beträffande denna af telegrafen redan omtalade händelse:

En af de stora, riktigt stora tjufvarna, stadsprefekten,öfverborgmästaren Redvan Pascha som under en half människoålder ledt Konstantinopels öden, blef den 23 mars på kvällen, medan han var på väg till sitt landtgods på den asiatiska stranden, öfverfallen af två personer och nedskjuten med några revolverskott. Detta skedde just då paschan steg ned från tåget. Härmed afslutades ett lif, som på det intimaste varit förbundet med den nuvarande sultanens regering. En af härskarens mest trogna tjänare och dessutom en af hans gunstlingar, som tycktes honom oumbärlig, var Redvan Pascha tillika en af de mest hänsynslöse administrativa personer Turkiet någonsin egt, så snart det gällde hans egen pekuniära fördel. De summor, han beredt vägen till sina fickor, måste räknas i millioner. Den dåliga gatläggningen i Konstantinopel, den otillräckliga belysningen m. fl. dylika brister i den turkiska hufvudstadens exteriör äro alla att hänföra till den samvetslösa förvaltningen af de allmänna medlen.

Att en man som Redvan hade många fiender är självfallet. Mordet kan därför varit en akt af hämnd. Möjligt är också, att detsamma utgått från en sammansvärjning af personer, som icke längre kunde bevittna paschans usla förvaltning och trodde sig göra ett godt verk genom att rödja honom ur vägen. Den mördade prefekten hade redan uppnått en ålder af 72 år.

**Serbien och England.**

BELGRAD, 29 mars. Särskilda tec-

kant för publiken och har alltid kunnat påräkna det intresse som samlar godt hus till teatern. Äfven i går erbjöd salongen sålunda en tämligen angenäm anblick med sina ganska tätt besatta platser och stämningen på båda sidor rampen steg också under inflytande häraf till det gradtal, hvaraf ett lustspel mer än andra pjeser har ett oundgängligt behof.

Anledningen till att „Första fiolen" nu ånyo kommit upp på repertoaren står närmast att sökas i fru Bosses önskan att på vår svenska teater få uppträda i en lustspelsroll, som hör till hennes äldsta och mest bekanta. Det var som Anna Möller fru Bosse vann en af sina tidigaste framgångar inför den stockholmska publiken och rollen kan fortfarande nämnas bland dem, som man gärna vill förknippa med den älskvärda skådespelerskans namn. Det är också en glad och alltigenom af godt lynne buren prestation fru Bosse skänker oss i denna pjes. Hennes mjuka och graciösa spel mildrar hvad som kan finnas af stötande djärfhet eller intriglystnad i rollens innebörd för att i stället med ett det skalkaktigaste upptågsmakeri teckna denna lilla energiska och praktiska unga dams förslagenhet och list. Som naturligt var samlades aftonens intresse i främsta rummet kring fru Bosses spel, som framkallade lifliga applåder efter hvarje aktslut.

„Första fiolen" hör jämväl till de pjeser, som alltid fått ett särdeles godt och jämnt utförande på vår svenska teater. Allt fortfarande gäller det om herr Svedbergs Dilling, herr Ahlboms Möller och Malmströms Clausen att de måste räknas bland sina värderade framställares bästa lustspelsprestationer — hvilket inte vill säga så litet. Särskildt är herr Svedbergs Dilling mycket roligt både anlagd och utförd hvarför också publikens munterhet alldeles speciellt följer hans uppträdande. Fru Lindhs Stina försvarar godt sin plats liksom äfven herr Ljungqvists Ludvig utföll fullt till nöjes. Öfriga roller i pjesen handhades af herrar Lundmark och Lindh.

H. F.

واقتصاد صندوقلری تأسس ایتمدی. اوفق تفك اصناف، کوندەلکجیلر، تجارتخانەلر، مستخدم کوچك بازجیلر، اورتە حالی عائلە صاحبلری تصرف ایدەبیلەجکلری نقود جزئیەیی مستفید اولمق شرطیلە یاتیرەجق مؤسسات مالیە وصرافیە بولەمیورلر. صاحب بصیرت ودور اندیش اولان مؤسسات صرافیە بو احتیاج عمومییی حسن استعمال ایتدیکی تقدیردە منافع عظیمە الدە ایدەبیلیرلر. فقط بونك ایچون ارباب مراجعتی تشویق ایدەجك تدابیر اتخاذ اولنملی، یعنی ویریلەجك فائض لاتی متناسب اولملی وقبول ایدیلەجك اڭ جزئی تودیعاتك بیلە کذلك‌سی ایشلملیدر. بوندن ماعدا پارەسنی یاتیران کیمسەلر مدت ایلەدە تقیید اولنمامالی، یعنی ایستدکلری زمان هیچ برضرر کورمکسزین پارەلرینی مع گذشتە کری آلمالیدرلر.

بانقەلرك بوخدمتندن اڭ زیادە حصەمند منفعت اولەجق اولانلر اصنافدر، تجاردیك ایستیورز. اصناف بانقەسی، کوچك اصنافە معاملەلرندە بر معاونت اولمق اوزرە جزئی فائضلە پارە اقراض ایدر وتصرف صندوق معاملاتی‌دە اجرا ایدر. مثلا اصنافدن بری اوجوزجە بر مال بولور. بونی آلەجق اما الدەکی نقد کافی دکل. آلدیغی مالك برقسمنی ویا جملەسنی بانقەیە ترهین ایدر. بر ایکی هفتە ویا برآی صکرە پارەیی کوتورر مالنی کیری آلیر. بو جهتلە کوچك اصناف ایچون اهمیت مخصوصەسی واردر. بزدەدە بحث ایتدیکمز بانقەلردن بر طاقمی ایشلریك بر قسمنی ایجابنە کورە رهنلی وایجابنە کورە رهنسز اولەرق اصنافە پارە اقراضنە ودیکر طرفدن آنلرك ثمرۀ تصرفاتنی تمالکدیرمکە تخصیص ایدەبیلیرلر.

ایشك جهت تطبیقیەسی وتفرعاتی بانقەلرك بالذات تحت قرارە آلەبیلەجکلری مواد وخصوصاتدن اولوب بوبابدە نەبولدە حرکت لازم کلەجکنی یتە آنلرك غیرت کار آکاهیلرینە حوالە‌ایلرز. فقط شهرمزدەکی اصنافك معاملەلرندە کسب وکارلرینی آرتدیرمق ایچون بانقەلرك کندیلرینە معاونت ایتمك کی برخدمتدە بولنملرینە بحق انتظار ایدرز. بالکز زنکین و اعتباری بوکسك اولان تجاری دوشو ...

صورتیلە اصرار اولنمش دیمك اولەجقندن بونلردن اسکلەدە دەپو اجرتی الغاسی ومواد مذکورە اسکلەیە اخراجندە درحال سوق اولنمازلرسە مواد مذکورەنك آچیقدە طورەبیلمسی جائز اولەمیەجقندن اوحالدە اسکلە محلندەکی دەپویە لاجل المحافظە موقتاً وضعیلە بر هفتە ظرفندە سوق اولندیغی تقدیردە هر صندوقدن اجرت محافظە اولەرق یالکز بشر پارە استیفاسی، برهفتە ظرفندە سوق ایدلمدیکی صورتدە بوکا ارلق ترالسبت لظرلیلە یاقلمەرق دەپو اجرت معینە. سنك قرارینە توفیقاً اخذی ایجاب ایدەجکی تقرر ایتمشدر.

* * *

کچن سنە احمال ایتدیریلوب قونیە وانقرە ولایتلرینە ارسال ایدلمش اولان کوچك قطعەدە خرمن ماکنەلریلە پترول ایلە متحرك موتور. لردن فوائد کلیە استحصال اولندیغی جهتلە سنە حالیە حصاد زماننە قدر بونلردن لااقل یکرمی بش طاقمنك بالاحضار ولایتین مشار الیهمایە کوندرلمسی ایچون ایجاب ایدنلرە اوامر لازمە اعطا بیورلمشدر.

جناب حق عمر وعافیت جهانقیمت حضرت پادشاهی‌یی مزداد وفراوان بیورسون آمین.

مطبعەمزجە مع التأسف خبر آلدیغنە کورە شهر امینی رضوان پاشا دون اقشام اوزری کوزتپە استاسیونندە شمندوفردن چیقەرق کوشکنە کیتمکدە ایکن عداوت شخصیەدن طولایی ایکی شخص طرفندن جرح ایدلمش وآلمش اولدیغی جریحەدن متأثراً وفات ایتمشدر. جنازەسی بوکون احتفالات لازمە ایلە قالدیریلوب مدفن مخصوصنەدفن ایدیلەجکدر. جناب حق غریق رحمت ایلیە

* * *

اطەلر ایلە مالتپە ارەسندە روز حضردن اعتباراً رومور کورواپورنك اجرای سیروسفر اتمسی تنسیب ایدلمش ایسەدە بو سیر و سفرك نیسان ابتداسندن اعتباراً باشلامسی دها زیادە موافق مصلحت اولەجغی ادارۀ مخصوصەجە درمیان ایدلمشدر. ادارەنك بو قراری مصیبدر.

* * *

جلائل آثار سنیۀ حضرت خلافتپناهیدن

دون اقشامکی ترنلە محل مذکورە متوجهاً عزیمت ایلمشدر.

* * *

بهار مسرت آثار

بوسنە موسم شتانك بهار آسا کچن کونلری، اطرافدن قار فورطنەلری خبرلری کلیرکن خفیف یاغمورلرلە، معتدل صغوقلرلە شکایت محل کورلمیەجك درجەدە خوش کچن زمانلرنی موسم بهار بدایع آثار بتون شعشعۀ لطافتیلە تعقیب ایلدی. بر ایکی سنەدر قیشك یابنجیل کونلری مارتە ـ کچن سنەدە اولدیغی کبی ـ نیسانە قدر سوروکلنوب کیتمش، بهارە بدل بردن‌برە موسم صیف شدت حرارتی‌دە برابرجە آلەرق کلیویرمش ایکن بوسنە تام وقتندە، فیض بهار استانبولمزە، صیرەلرینە، تزهکاهلرینە سعدآبادە لطافت نثار اولمشدر. آچلمق ایچون بهارك ایشارتی بکلەین چیچکلر، اوایتسام فیض آوری کورنجە آچلمش، هوای نسیمی‌یی بوی لطیفیلە تعطیر ایتمش، سحرخیز اولان صبا اوبوی لطیف اطرافە صاچمش، ارباب تنزهدە بر شوق ونشاط اویاندرمش ایدی. بولطافتدن مستفید اولمە شتابان اولان تنزهپروران، دونکی جمعەیی کاغدخانە موسمنك یوم کشادی عد ایتمشلر، اورایە قدر کیتمشلر ایدی. شیشلی جادەسی کاغدخانە تپەلرینە قدر برچوق ارباب تنزهە جولانکاە اولمش، بالخاصە جادەسی‌دە اقشامە طوغری بورادە خفیف کزتی‌یە چیقانلرە تنزهدن عودت ایدنلرکدە انضمامیلە فوق العادە غلبەلك اولمش ایدی.

* * *

تنکیل اشقیا

مارتك التنجی بازار ایرتسی کونی صباحلین ساعت اون بررادەلرندە طقوز کشیدن مرکب بر ایلقار اشقیا جتەسنك دیرۀ بالانك ترسینە قریەسندە مختفی بولندیغی خبر آلمسی اوزرینە مفرزە ضابطی یوزباشی محمد اغا قوماندەسندەکی عساکر شاهانە ایلە ژاندارمەلردن چاوش حسین وعبد الرحمن رفاقتیلە مذکور قریەیە شتاب اولنەرق وقوع بولان مصادمەدە اشقیانك طقوزیدە میتاً استیصال ایدلمشدر.

* * *

آیدین ولایتندە قوزە سرکیسی ـ آیدین ولایتی داخلندە بولنان قوزەجیلر طرفندن


Chris Cook and John Paxton
EUROPEAN POLITICAL
FACTS
1848–1918

| | |
|---|---|
| 29 July 1900 | King Humbert I of Italy (by Gaetano Bresci). |
| 11 June 03 | Alexander I of Serbia (together with his wife, Draga). |
| 16 June 04 | Bobrikov (Governor-General of Finland). |
| 28 July 04 | De Plehve (Tsarist minister). |
| 17 Feb 05 | Grand Duke Sergius. |
| 13 June 05 | Delyanni (Greek Prime Minister). |
| 23 Mar 06 | Redvan Pasha (Prefect of Constantinople). |
| 11 Mar 07 | Petkov (Prime Minister of Bulgaria). |
| 29 Apr 07 | Masiwoda (Montenegro Chief of Police). |
| 1 Feb 08 | King Carlos of Portugal (and the Crown Prince) shot by Buica and Da Costa. |
| Sep 11 | Stolypin, Russian Prime Minister. |
| 28 June 14 | Archduke Franz Ferdinand (at Sarajevo). |
| 31 July 14 | Jean Jaures (French socialist leader.) |

MAJOR ASSASSINATION ATTEMPTS 1848–1900

| | |
|---|---|
| 19 May 1849 | Queen Victoria (by William Hamilton). |
| 22 May 50 | Frederick William IV of Prussia (by Sofelage). |
| 2 Feb 52 | Isabella of Spain (by Merino). |
| 18 Feb 53 | Francis Joseph of Austria (by Libenyi). |
| 28 Apr 55 | Napoleon III (by Pianori). |
| 8 Sep 55 | Napoleon III (by Bellemarre). |
| 28 May 56 | Isabella II of Spain (by Raymond Fuentes). |
| 14 Jan 58 | Napoleon III (the Orsini plot). |
| 14 July 61 | William I of Prussia (by Oscar Becker). |
| 16 Apr 66 | Alexander II (by Karakozow). |
| 7 Mar 66 | Bismarck (by Blind). |
| 6 June 67 | Alexander II (by Berezowski). |
| 19 July 72 | King Amadeus of Spain. |
| 13 July 74 | Bismarck (by Kullmann). |
| 11 May 78 | William I (Emperor of Germany) (by Hodel). |
| 2 June 78 | William I (Emperor of Germany) (by Nobiling). |
| 25 Oct 78 | King Alfonso XII of Spain (by J. O. Honcasi). |
| 17 Nov 78 | King Humbert I of Italy (by Passasanti). |
| 14 Apr 79 | Alexander II (by Soloviev). |
| 30 Dec 79 | King Alfonso XII of Spain (by Francisco Gonzalez). |
| 14 Dec 80 | Bratiano (Prime Minister of Romania). |
| 17 Feb 80 | Alexander II of Russia (explosion at the Winter Palace). |
| 6 May 82 | Emperor Francis Joseph (by Overdank). |
| 23 Oct 82 | Milan IV of Serbia (by Payitch). |
| 13 Mar 87 | Alexander III. |
| 10 Dec 87 | Jules Ferry (by Aubertin). |

## ریزوان پاشا کێیە؟!

لەڕاستییدا، وێڕای بایەخ و گرنگی کەسایەتیی ریزوان پاشاو ئەو پاشهاتانەی کە دوای کوژرانی ناوبراو بەسەر خودی دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها نفوزی کوردو بەدرخانییەکان لەشاڕی ئەستەمبول و ئیمپراتۆرییەکەدا روویاندا، کەچی تاکو ئێستا بایەخدارانی مێژوو کەمترین زانیارییان لەسەر ژیان و چۆنێتی کوشتنەکەی ریزوان پاشاو ئاکامە مەترسییدارەکانی پاش رووداوەکەوە هەیە، ئەو ریزوان پاشای، جگە لەوەی هەر ئەیلولی ساڵی ١٨٩٠ەوە، بۆماوەی ١٥ سال و ٥ مانگ و ٢٩ رۆژ، زۆربەی دەسەڵاتە کاریگەرەکانی ئەمنی و جێبەجێکاری ئەستەمبوڵی، هەر لە سەرۆکایەتیی شارەوانییە تاوەکو پێڕاگەیشتنی کاروباری ئەمنیەتیی و ئابووری لە سەرۆکاری بازاڕەوە، بەدەستەوە بوو.

ریزوان پاشا، بەگوێرەی ژیاننامەکەی کە رۆژنامەی ئیقدام، دوو رۆژ دوای کوشتنەکەی، واتە لە ٢٥ی مارتدا بڵاویکردۆتەوە، هەروەها هەروەک لەکتێبەکەی "ئیبراهیم عەلائەدین" دا بەناوی "تورک مەشهورلەر"دا هاتووە، لەبنەڕەتدا ناوی ئیسماعیل ریزوان پاشایەو تورکەو کوڕی موحەمەد نەزهەت ئەفەندی مودیری مەتبووعات/چاپخانە بووە، ناوبراو لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٥٢دا، لەئەستەمبول لەدایکببوو، ئەو لەقوتابخانەی سەرەتایی بایەزید لەئەستەمبوڵ و دواتر لەتاغستانی ئیبراهیم ئەفەندی، خوێندنی لەسەردەستی مامۆستای تایبەت بەزمانەکانی عەرەبیی و فارسیی وەرگرتبوو. دواتر لیسانسی لەزمانی فەرەنسییدا وەرگرتووەو پاش دەرچوون لە ١٨٦٦دا چۆتە خانەی شواری سەربازیی و پاش ساڵێک دواتر، لەژووری وەرگێڕانی بابی عالی کاری وەرگرتووە. ئەو لە ١٨٦٩دا کراوەتە جێگری مەکتوبچی لە بۆسنە، پاش سێ ساڵ واتە لە ١٨٧٢داو لەسەردەمی ولایەتی عەلی رەزا پاشادا، رەوانەی تەرابلوسی رۆژئاوا کراوە. ئەو هەر لەسەرەتاوە چەندین پۆست و لەچەندین جێگای جیاوازی ئیمپراتۆرییەکە ئەرکی جیاوازی پێ

سپێردراوە، وەک باشکاتبی و قایمقامی و پشکنەری دادگا/موفەتیشی عەدلیە لە میهالیج و ئینەگۆل. ریزوان، لەکاتی دەستپێکردنی ژیانی دەستوریی و کردنەوەی یەکەمین مەجلیسی مەبعوسانی عوسمانی، وەک سکرتێری ئەو ئەنجومەنە دەستنیشانکرا. پاش داخستنی ئەنجومەنەکەش لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە بەبیانوی هەڵگیرساندنی جەنگی عوسمانیی-روسیی، ریزوان پاش دووساڵ کرایە باشکاتبی کۆمسیۆنی ئەحواڵ لە شیشلی، پاشتریش لە ١٨٧٩دا پشکنەری داگا / موفەتیشی عەدلیەوەک بۆ ترابزۆن. پاش ساڵێک چۆتە سالۆنێک و بۆرسەش وەک لێکۆڵەر کاری کردووە، هەتا لە ١٨٨٤دا کراوەتە کاتبی مەبین و دواتر ئەو لە٢٢ی ئەیلولی ١٨٩٠دا،لەپاش ئەحمەد مزهر پاشا، کراوەتە شەهرئەمینی ئەستەمبوڵ کە هاوشێوەی پارێزگارەو تەواوی کاروبارەکانی پایتەختی خەلافەتی عوسمانیی، بەکاروباری ئەمنیەت و پۆلیسیشەوە، کەوتەدەست . ناوبراو بەدرێژایی تەمەن و خزمەتکردنی لەدەزگاکانی حکومەتی عوسمانییدا، جگە لەوەی چەندین جار پلەی بەرزکراوەتەوە، چەندی نیشانەو میدالیای لیهاتوویی وەک پاداشت لەلایەن حکومەتەوە پێدراوە. ئەو هەتاوەکو مردن، یەکێکبووە لە کارمەندە هەرە باڵا دڵسۆزەکان و کەسە هەرە نزیکەکانی سوڵتانی عەبدولحەمیدی دووەم. ناوبراو تەنانەت هێندە لەسوڵتان نزیکبوو کە لەئەستەمبول، ناوو دەسەڵاتی ریزوان پاشا لەدوای ناوی سوڵتان و خەلیفە عەبدولحەمیدەوە دەهات و دەنووسرا. باشترین نموونەش بۆ ئەمە تابلۆ مەڕمەڕەکەی سەر دەرگای کڵێسای "سانتا ماریا دراپێریس"ی بیزەنتیە لەئەستەمبوڵ، کە ساڵی ١٩٠٤ نۆژەنکراوەتەوەو تائێستاش ناوی هەریەک لە عەبدولحەمیدو ریزوان پاشای لەسەرە!!

ریزوان بەوهۆیەوە کە لە خوێندنگای هاوچەرخی دەوڵەتیی دەرچووبوو، لیسانسیشی لە فەرەنسی وەرگرتبوو، زمانی فەرەنسیشی بەباشیی دەزانی، خولیای رۆژئاواگەرایی لەسەردابوو، ئەو سەروسەودای لەگەڵ دیپلۆماتکاران و بازرگانانی فەرەنسییدا هەبوو،

حەزێکی زۆریشی بۆ بینینی نمایشی شانۆیی و سەردانی تیاترۆخانەکان هەبوو، تەنانەت ریزوان ئەوکاتەی کە ببووە پارێزگاری ئەستەمبوڵ، لەساڵانی ١٨٩٠ەکاندا، هەوڵیدا هانی تیمەکانی شانۆکارە بیانییەکان بدات، بەتایبەت فەرەنسیی و ئیتاڵییەکان، تاوەکو بێنە ئەستەمبوڵ و نمایشی خۆیان پێشکەشبکەن. هەرلەوبارەیەشەوە (ئادەم نێسیتان/Adam Nestyan ) لە لاپەڕە ١٥١ی نامەی دکتۆراکەیدا، کە لەبودابێست لەسەر شانۆی میوزیکی و سیاسەتی کەلتوریی لەقاهیرەو ئەستەمبوڵ (١٨٦٧-١٨٩٢)، لەساڵی٢٠١١دا، پێشکەشیکردووە، باسی لەوەکردووە کە تیاترۆخانەکەی تەپەباشی لەلایەن ریزوان پاشاوە، نۆژەنکراوەتەوە، بۆئەوەش پشتی بە ئەندازیاری کارامەی ئەرمەنیی "هۆڤسیپ ئەزناڤور" بەستووە.

ریزوان پاشا، بۆخۆی کوڕی ئەستەمبوڵ بوو،ماوەیەکی زۆریش لەئەستەمبوڵدا بالاترین پۆست و دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، هەربۆیە زۆر لێزانانە کاری بۆ بەهێزکردن و چەسپاندنی پێگەو دەسەڵاتی خۆی کردبۆوەو دەستوپێوەندو پیاوی بڕواپێکراو و کردەی خۆی لەتەواوی جومگەو دەزگاکانی حکومەت و کۆشک و هەروەها بازاڕو کوچەو کۆڵانەکانی شاردا هەبوو. شایەنی باسە، ئەوەی زیاتر ئەم دەسەڵات و نفوزەی ریزوان پاشای بەهێزتر کردبوو، ئەو پەیوەندییە بەهێزەی ریزوان و سوڵتان بوو لەلایەک و هەروەها ئەو پەیوەندییە بەهێزەی ریزوان و بەشێک لەکاربەدەستەباڵاکانی دیکەی حکومەتی بابی عالی و کۆشکی یەڵدزبوو. لەم رووەوە، پێویستە بوترێت، کە دایکی ریزوان پاشا، لەحەرەمسەرای کۆشکی سوڵتان پێگەو دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، هەروەها ریزوان پاشا، کچێکیشی هەبوو بەناوی "نوریا" ودابوویە کوڕەکەی فەریق ئەدهەم پاشا ، کە پاڵەوانی جەنگی عوسمانیی-یۆنانیی بوو، ئەو ئەدهەم پاشایەی کە دواتر لەبەهاری ساڵی ١٩٠٩دا، بەهاوکاری مەحمود شەوکەت پاشا، پەلاماری کۆشکی یەڵدزیانداو سوڵتان عەبدولحەمیدیان لەدەسەڵات هێنایەخوارەوە!!



ریزوان پاشا (١٨٥٥-١٩٠٦)


TEPEBAŞI DRAM TİYATROSU





فەریق ئەدهەم پاشا پاڵەوانی شەڕی یۆنان  (١٨٥١-١٩٠٩)



حەرەمسەرای کۆشکی سوڵتان


D.O.M.


D.O.M.
BYZANTII. ABDVL. HAMID. HAN. II.
IMPERANTE.
VRBANIS. RERVS. PRÆFECTO.
RIDVAN. PACHA.
MINORITICA. MISSIONE. MODERANTE.
P. HADRIANO. RIDOLFI.
OPVS CVRANTE.
C. SEMPRINI. ARCHTTO
1904.


ئیبراهیم عەلادین . نووسەری کتێبی" تورک مەشهورلەر" (١٨٨٩-١٩٤٩)


TÜRK
MEŞHURLARI
ANSİKLOPEDİSİ
Edebiyatta, Sanatta,
ilimde, Harpte, Politi-
kada ve her sahada
şöhret kazanmış olan
TÜRKLERİN
HAYATLARI
ESERLERİ
YAZAN:
İBRAHİM ALAETTİN GÖVSA
YEDİGÜN NEŞRİYATI



## چەند زانیارییەک سەبارەت بە رووداوەکەی ٢٣ی مارت و بەخاکسپاردنی ریزوان پاشا

ریزوان پاشا لە رۆژی ٢٣ی مارتی ١٩٠٦دا، کوژرا. بەگوێرەی پیلانی بکوژەکان دەبوو رۆژێک پێش ئەو رێکەوتە بکوژرایە، بەڵام بەڕێکەوت، یەک لەبکوژەکان، کە بەبەردەوامی لەوماوەیەدا خەریکی شوێنپێهەڵگرتن و چاودێرییکردنی ریزوان پاشا بوو، لەرۆژی پێنج شەممەدا، چەندی هەوڵدابوو، نەیتوانیبوو بزانێ ناوبراو لەکوێیەو بەرەو کوێ دەڕوات تاوەکو لەتەنکاییدا دەستیان پێبیگات و پیلانی کوشتنەکە بەوردیی جێبەجێبکەن.

بەڵام رۆژی دواتر، هەر لەبەیانی زووەوە هاتوچۆو هەنگاوەکانی ریزوان پاشایان بەوردیی چاودێریی کردو چاودێرەکە لەمزگەوتی یەڵدز، لەهەمان ئەو ریزەدا نوێژی کردبوو کە ریزوانی لێبوو، پاشتر دوای ریزوان کەوتبوو بۆ حەیدەرپاشا، ئەو کاتەشی ناوبراو سواری شەمەندەفەرەکەی گویزتەپە ببوو، ئەو چاودێرە لەگەڵی سەرکەوتبوو، هەتا گەیشتبوونە وێستگەکەی گویزتەپە، لەوێ پێش ئەوە ریزوان دابەزێت، ئەم بەپەلە لەشەمەندەفەرەکە هاتبووە خوارەوەو بەراکردن خۆی گەیاندبووە چایخانەکەی بەری ئەوبەری وێستگەکە کە ٣ بکوژەکەی تر لەوێ لەچاوەڕوانییدا بوون و خەریکی تاوڵەکردن بوون. ئەو بەپەلە هەواڵی گەیشتنی ریزوان پاشای پێدابوون و هەرچواریان بەخێرایی رۆیشتبوون بەدوای ناوبراوداو بڕیاریاندابوو ئەگەر دۆخەکە لەباربوو هەر ئەوکات بیکوژن، ئەگەریش نا دوای دەکەون هەتا دەگاتە ڤێلاکەی و ئەوسا بۆی دەچنە ژوورەوەو لەوێدا کۆتایی پێدێنن.

بەهەرحاڵ، کاتیک بکوژەکان گەیشتنە ریزوان پاشا ناوبراو زۆری مابوو بگاتە ڤێلاکە و دنیاش تاڕادەیەک خەریکبوو تاریکی دەکرد، هەربۆیە پێیانوابوو کە لەم دەرفەتە باشتریان دەستناکەوێ و لەپشتەوە چەند فیشەکێکیان پێوەنا، ریزوان پاشا بەدەماکەوت و ئەنجا بکوژەکان

چوونەسەری چەند فیشەکێکی تریشان لیداو بەتێکڕا نۆ فیشەکیان بەپشت و مل و لاکەلەکەکانێوە نا.
ئەوان پاش ئەم کارە بێئەوەی پلانیکی وردیان بۆ هەڵاتن دانابێت، وەک ئەوەی زۆر پشتیان قایمبێت، ویستیان سواری عەرەبانەیەک بن کە لەوناوە بوو هەڵبێن، بەڵام نەیانتوانی. هەربۆیە ئەوان بەرەو کێڵگەکانی دەورەبەر هەڵاتن بێئەوەی ئاگاداری ئەوە بن کە هێزکی قەرەقولخانەی گویزتەپە لەوناوە بە سەرپەرشتی هەردوو قۆمیسەر مستەفا ئەفەندی و سەروەتە فەندی دەسوڕێنەوە، ئەوانەی بەبیستنی تەقەکان بەپەلە هاتبوونە شوینەکەو خێرا شوێنپێی بکوژەکانیان هەڵگرتبوو.
بکوژەکان، بۆ خۆڕزگارکردن نیازیان هەبوو بەرەو قورباغڵی دەرە هەڵبێن، بەڵام قەرەقولخانەکەی ئەوێ، بەسەرپەرشتیی حوسێن ئەفەندی و سەعدەدینە فەندی و عەبدوڵا چاوەش، ڕێگەی دەربازبوونیان لێگرتن و ناچاریان کردن بکشێنەوە. بەمشێوەیە بکوژەکان کەوتنە نێو گەمارۆی هێزەکانی پۆلیسی هەردوو قەرەقولخانەو ناچاربوون بۆ بەرگریی لەخۆیان بەرگریی بکەن و بەم جۆرە شەڕەفیشەک لەنێوان هەردوولا بۆماوەیەک دەستپێکردو بەردەوامبوو.
هێزەکانی پۆلیس بەخێرایی هێزی سەربازیی پاڵپشتیان بەفەرماندەیی مولازم حسێن گەیشتێ و بەمشێوەیە فشاریان خستە سەر بکوژەکان و ناچاریانکردن خۆیان بەدەستەوە بدەن و دەمانچەو خەنجەرو چەکەکانیان رادەستی ئەو هێزانە بکەن. بەوەش بکوژان دەستگیرکران و برانە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس لە گویزتەپە بۆ لێکۆڵینەوە.
هەندێک لەو کەسانەی کە لەو ناوەبوون، لەگەڵ بەشێک لە کارمەندەکانی وێستگەی شەمەندەفەرەکە، بەڕاکردن بەدەم ریزوان پاشاوە چوون، کەلەسەر شەقامەکە کەوتبوو. عاتیفە فەندی هەوڵیدا بەیارمەتی هەندێک لەوانە ریزوان بگەیەنێتە خەستەخانەی گویزتەپەو لەوی لەلایەن دکتۆر رەفعەت پاشاوە هەندێک فریاگوزاریی سەرەتایی

بۆ کرا، بەڵام برینەکەی ئەوەندە سەختبوو کە هەر پاش کەمێک گیانی سپارد بێئەوەی بتوانن هیچ قسەیەکی لەبارەی تاوانەکەوە لێوەرگرن.

ئەو شەوە هیچ، بەڵام ڕۆژی دواتر، واتە ٢٤ی مارت، چۆن ئاگر بەپوشدا بڵاودەبێتەوە، ئاوها هەواڵی کوشتنی پارێزگار لەپایتەختی خەلافەت و ئیمپراتۆرییەکەدا بڵاوبۆوەو خەڵک بەگەورەو بچووکەوە ، بەیارو نەیاری حکومەتی سوڵتانەوە، هەستیان بەترسێکی گەورە دەکرد. نەیاندەزانی نهێنیی پشت کوشتنی ئەو کەسایەتییە دەسەڵاتدارە گەورەو کاریگەرە چییە و کێ لەپشتی کوشتنەوەکەیە.

تەنانەت کارمەندو بەرپرسە باڵاکانی حکومەتیش لەوترس و دڵەڕاوکێیە بێبەش نەبوون، ئەوان دەترسان ئەو کوشتنە تیرۆریکی سیاسیی بێت و بەشێکبێت لەو ململانێ و ڕکابەرییەی کە لەنێوان باڵەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی کۆشک و حکومەتی بابی عالیی و سوڵتانیش لەسێبەرەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی بێت.

بەڵام وەک روون بووەوە، کە بابی عالی و کۆشکیش، بەرواڵەت ڕووداوەکەیان بە گورزێکی گەورە لەخۆیان و هەیبەتی حکومەت و سوڵتان لەقەڵەمدەدا، هەربۆیە بڕیاریاندا پاش ئەوەی تەرمی ریزوان پاشا لە مەراسیمێکی گشتی و فەرمیی پرسەدا بەڕێوەدەچێت، بەوردیی بەدواداچوون بە ڕووداوەکە بکرێت و تاوانکاران بەسزای خۆیان بگەنریت.

ڕۆژی ٢٤ی مارتی ١٩٠٦، لەدوای سەعات ١٠ی بەیانی، تەرمی ریزوان بەگ لە گویزتەپەوە بەشەمەندەفەر هێنرا بۆ کۆشکی چراغان، لەوێ بە ئامادەبوونی بەشێکی گەورە لەتەواوی بەرپرسان و کارمەندانی باڵای حکومەت و نوێنەری کۆشک و دامودەزگاکانی وەک قایمقامیەت و شارەوانی و دیوانی حەربیەو ئەوقاف و پۆست و تەلەگراف و موتەسەریفی هەرێمەکان و ژمرێریاری و زەبتییە و تەندروستی و ئەنجومەنی شورای ئەستەمبوڵ و ژاندارمەریی و ئەرکانی سەربازیی، هێندێک لە سەرۆکی کۆمپانیا بازرگانیەکان و تەنانەت مسیۆنێرە بێگانەکانیش لەوێ ئامادەبوون. تەنانەت محەمەد عەلی خانی وەرگێڕی سەفارەتی ئێرانیش لەو مەراسیمەدا ئامادەیی

هەبووە. کەسایەتیی وەک مەمدوح پاشا، تەڕخان پاشا، راغیب پاشا، شەفیق پاشا، رەشید پاشا، حەمدی بەگ ، ماجید ئەفەندی، مەحمود بەگ ئەفەندی، فەریق ئەحمەد پاشا، دکتۆر حوسنی پاشا، فەیزی ئەفەندی، فەریق عومەرپاشا، وەلی بەگی ئەندازیار، تەوفیق بەگ، سامی بەگ، خەسرەو بەگ، حەسەن فەهمی پاشاو..هتد لەمەراسیمی بەخاکسپاردنی ریزوان پاشادا بەشداربوون.

پاش نوێژکردن لەسەر تەرمەکە، مەراسیمی بەخاکسپاردنەکە بەردەوامبوو، تەرمەکەی ریزوان بەرەو گۆڕستانی یەحیا ئەفەندی لە ئۆرتاکۆی بەڕێکراو هەر لەوێ بەخاسپێردرا.



ریزوان پاشا



ڤێلاکەی ریزوان پاشا لە گویزتەپە



بنکەی پۆلیسی هەمایۆنی لەئەستەمبوڵ



قەرەقولخانەی پۆلیس لەسکوداری



کۆشکی چراغان




وێستگەیە شەمەندەفەری گویزتەپە



مەراسیمی بەخاکسپاردنی ریزوان پاشا



## جنازه‌ده حاضر بولنان ذوات

داخلیه ناظری دولتلو ممدوح پاشا حضرتلری . اوقاف همایون ناظری دولتلو طرخان پاشا حضرتلری، قرنای حضرت شهریاریدن دولتلو راغب پاشا حضرتلری . شطبه ناظری دولتلو شفیق پاشا حضرتلری . مرحوم مشارالیهك برادری مدعی عمومی عسکری برنجی فریق عطوفتلو رشید پاشا حضرتلری، اثوابی ثانی حضرت شهریاری عطوفتلو الیاس بك افندی حضرتلری . بك اوغلی متصرف عطوفتلو حمدی بك افندی حضرتلری . اسکدار متصرف عطوفتلو حمدی بك افندی حضرتلری . شورای دولت ملکیه دائره‌سی اعضاسندن عطوفتلو ماجد بك افندی حضرتلری. تلغراف وپوسته ناظری عطوفتلو حسین حسیب بك افندی حضرتلری . التنجی دائرهٔ بلدیه مدیری عطوفتلو محمد علی بك افندی، خارجیه نظارت جلیله‌سی مستشار معاونلرندن عطوفتلو احسان بك افندی . شهر امانتی مجلسی رئیسی عطوفتلو خلیل بك افندی . مالیه نظارت جلیله‌سی سر وزنه‌داری وبانق عثمانی ناظری عطوفتلو خالدبك افندیلر حضراتی، مرحوم مشارالیهك محدوی خارجیه نظارت جلیله‌سی قلم مخصوص مدیر معاون اولی عطوفتلو رشاد رضوان بك افندی . شورای دولت ملکیه دائره‌سی اعضاسندن عطوفتلو بخور افندی . شهر امانتی مکتوبجیسی عطوفتلو اسماء بك افندی. دردنجی دائرهٔ بلدیه مدیری عطوفتلو مصطفی بك افندی حضراتی . درسعادت رژی ناظری عطوفتلو حبیب ملحمه افندی حضرتلری . اورمان ومعادن وزراعت نظارت جلیله‌سی معادن هیئت فنیه رئیسی عطوفتلو نظیف بك افندی حضرتلری . یاوران حضرت شهریاریدن فریق سعادتلو طلعت پاشا. سکزنجی دائرهٔ بلدیه مدیری سعادتلو محمد پاشا . شهر امانتی صحیه مفتشی سعادتلو راسم پاشا . باب والای سر عسکری صحیه دائره‌سی رئیس ثانیسی وشهر امانتی هیئت صحیه اعضاسندن فریق سعادتلو عمر پاشا . مابین همایون جناب ملوکانه اطباسندن فریق سعادتلو عارف پاشا . بشکطاش محافظی فریق سعادتلو واصف پاشا حضراتی . شهر امانتی مجلس اعضاسندن سعادتلو حسن فهمی پاشا . اوقاف همایون مجلس رئیسی سعادتلو سلیم سری پاشا . مجلس مالیه اعضاسندن سعادتلو علی بك . شهر امانتی مجلس اعضاسندن سعادتلو حسین ظافر و یحیی وحسنی، اسکندر، محمد صفی الدین بك افندیلر و دیگران افندی حضراتی وسعادتلو بدیع نوری ورفعت ورضا بك افندیلر حضراتی جمعیت رسومیه اعضاسندن سعادتلو قدری و حفظی بك افندیلر. شهر امانتی محاسبه‌جیسی سعادتلو محمود بك افندی. اوچنجی دائرهٔ بلدیه مدیری سعادتلو محمد علی بك. طقوزنجی دائرهٔ بلدیه مدیری سعادتلو موسی بك افندی ومعاونی سعادتلو حاجی حسین بدرالدین بك افندی. دائرهٔ سادسه محاسبه‌جیسی سعادتلو فیضی بك افندی. دفتر خاقانی تحریر قومسیونی اعضاسندن سعادتلو مصطفی بك افندی. محکمهٔ تمیز اعضاسندن سعادتلو خالد بك افندی واطه‌لر قائمقامی سعادتلو عبدالله صبری بك افندی . شورای دولت تنظیمات دائره‌سی اعضاسندن سعادتلو بکر کامی بك افندی. شهر امانتی سرمفتشی سعادتلو عثمان بك افندی. قارلر اداره‌سی مشاوری سعادتلو نشأت بك افندی. اوپراتور شهیر سعادتلو نورالدین بك افندی. دیوان حرب مخصوص باش کاتبی سعادتلو بشیر بك افندی. شهر امانتی اوزان مدیری سعادتلو توفیق بك. شهرامانتی مجلسی اعضاسندن دوقتور سعادتلو حسنی پاشا و شهر امانتی هیئت صحیه اعضاسندن سعادتلو فانو پاشالر و دیگران بك افندی . بك اوغلی ایکنجی جزا دائره‌سی رئیسی سعادتلو حامد بك افندی . بك اوغلی ایکنجی جزا محکمه‌سی اعضاسندن سعادتلو عبدالله بك. خسته‌خانه‌سی مدیری سعادتلو مصطفی بك. دیاربکر والی اسبق سعادتلو فائق پاشا. دیوان حرب مخصوص رئیسی فریق سعادتلو احمد پاشا حضراتی . التنجی دائره مدیر معاونی سعادتلو خاص توفیق بك افندی حضرتلری . شهر امانتی بیطار سرمفتشی سعادتلو حیدر پاشا وطاش قشله همایون دیوان حربنه مأمور میرلوا سعادتلو طاهر پاشا . دیوان حرب مخصوص مدعی عمومی معاونی میرلوا سعادتلو فاضل پاشا . شهر امانتی مجلس فنی میزاولی سعادتلو عارف حکمت بك افندی . شهر امانتی حقوق مشاوری سعادتلو غالب بك، نافعه نظارت جلیله‌سی طرق ومعابر فنی باش کاتبی سعادتلو سالم بك. ایکنجی واوچنجی دائرهٔ

ایلشدر. بر واپورك جسامت ودرجهٔ استیعابنه کوره حموله المسی حقنده‌کی مادهٔ نظامیه‌نك ده یالکز ایکی اوچ سنه‌صکره سفائن اجنبیه‌یه تطبیقی طلب ایدیور. انکلیز واپورلرنده استخدام اولنان و الیوم بتون انکلیز مرتباتك یوزده یکری ایکیسی تشکیل ایدن اجنبی مرتباتك قوللانلمسی مسئله‌سنه کلنجه انکلتره تجارت ناظری بونلرك انکلیز تجارت واپورلرنده استخدامنده بر بأس کورمدیکی جهتله بو مادهٔ قانونیه‌یی تصدیق ایتمیور . انجق اجنبی کمیجیلرینك انکلیز اوامرینی اکلایه‌جق قدر انکلیزجه‌یه واقف اولملرینی شرط اتخاذ ایدییور . معمافیه موی الیه ویردیکی لایحه‌ده یواجنی کمیجیلرینك یرینه قائم اولمق اوزره انکلیز کمیجینك یتشدیرلمسنه غیرت ایدلمسی توصیه ایتمشدر . لایحه‌نك برفقره‌سی ده واپورلرده بولنان مرتباتك ویریلن معیناتك اصلاحنه دائردر .

عوام قاره‌سی موی الیهك تقدیم ایلدیکی لایحه‌یی ایلك قرائتده قبول وتصویب ایتمشدر .

## شؤونات عمومیه

### رشید پاشا حضرتلری

ئەمە ئەو پرۆپاگەندە زۆر بەردەوامانەیە کە لەرێگای سەد کەناڵی جیاوازەوە دەکرێت، هەر لەوتاری مەلاکان و هەژاران و سوڵکەرو خوێندکارانی گەشتیارەوە، ساڵ بەساڵ ئەنجامدەدرێت. لەناوەندێکی موسوڵمانەوە بۆ یەکێکی دیکەو لەسایەی دیدێکی باڵاوە لەکۆشکی یەڵدزەوە ئاراستە دەکرێت.

گێڕانەوەکەی (بلاکوود)، سەبارەت بە دۆخی نێوخۆیی دەولەتی تورکیا، چەند خاڵێکی بۆ هەندێک لە کۆمێنتەکانی سەردیمەنەکە زێدەکردووە، پاشان رۆژنامەی (تایمزیش)، باس لەو سێ ستونە دەکات کە لەلایەن ئەم رۆژنامەیەوە نووسراوەو نهێنییەکانی مێژووی

راستەقینەی ڕووداوەکەی کوشتنی ریزوان پاشای لەمارسی ڕابردووەوە بۆ خوێنەران ڕاگواستووە.
گوایە، ریزوان پاشای پارێزگاری ئەستەمبوڵ، بەهۆی ئەحمەد ئاغای پیاوێوە، تێکەڵ بە بەزم و هەرا بووە لەگەڵ عەبدولڕەزاقی بەرێوبەری ئاهەنگەکانی/تەشریفاتچی کۆشکی ئیمپراتۆریی و ئەندامی ناوداری بنەماڵەی بەدرخانی کوردیی. پاش ئەوەی، ئەحمەد ئاغا ڕەتیکردبۆوە تەختکردن و بەردڕێژکردنی ڕێگاکە لەبەر ماڵی خۆیانەوە تاوەکو ماڵی دراوسێکەی بەرێت. ئەوەش بۆتەهۆی ئەوەی ئەحمەد ئاغا، لەلایەن عەبدولڕەزاقەوە دەستبەسەرو زیندانیبکرێت، ئەو عەبدولڕەزاقەی ئامادەنەبوو بەریبدات.
ئەوجا ریزوان پاشا، پاکەوان و کرێکارەکانی شارەوانی چەکدارکردووەو داوایکردووە پەلاماربدەن و ئەحمەد ئاغا ڕزگاربکەن، بێگومان بی خوێنڕشتنیش ئەوە ڕووینەداوە. بەڵام سوڵتان، کاتێک هەواڵی شەڕەکەی بیست، پشتگیریی خۆی لەریزوان پاشا کشاندەوە، بەمەش دووەمین بەشی دراماکە دەستیپێکرد!
عەبدولڕەزاق، وادەردەکەوت، کە لەنفوزی خۆی و پەیوەندیی بەسوڵتانەوە دڵنیابێت، هەربۆیە بڕیاریدا کە تۆڵەو غەرەزە شەخسییەکەی هەتا کۆتایی بەرێت. ئەو بانگێشتی خانەکانی بنەمالەکەی کردو بڕیاری کوشتنی ریزوانیاندا. پلانەکە بەشێوەیەکی گشتگیر ئامادەکاریی بۆ دەکرا، تەنانەت پیدەچێت قوربانییەکەش ئاگاداری چارەنووسەکەی خۆی بووبێت...لە٢٣ی مارتدا، کاتێک شەمەندەفەرەکەی بەرەو گویزتەپە جێهێڵا، چوار کورد، نۆ فیشەکیان نا بەجەستەیەوە. بکوژان گیران و تاوانبارکران، هەرچەندە عەبدولڕەزاق هەوڵیدابوو کە بیانپارێزرێت.
هاندەرانی کوشتنەکە، ڕەتیانکردەوە هەڵبێن، ئەوان ڕەوانەی تەڕابلوس کران[2]، بڵاوکردنەوەی دواتری چیرۆکەکە دەشێت

[2] بەگوێرەی ئەو لیستەی کە کۆنسوڵی بریتانی لە تەڕابلوس ١٤ی ئەپرڵ ١٩٠٦دا ناردویەتی بۆ وەزرارەتی دەرەوە: عەبدولڕەحمان بەگ، عەلی شامیل پاشا، سەعیدبەگ، سامی بەگ، میدحەت بەگ، جەمیل بەگ، فوئادابەگ، حیکمەت

دروستکرابێت و زێدەی پێوەنرابێت. گوایە ئەوان نیازی تیرۆرکردنی وەزیرانی دیکەش بوون، بۆیە پەلەیان لەدادگاییکردنیان کرد، هەموو ئەوانە، جگە لەدانەیەکیان، وەک تاوانبار ناسێنران.

لەکاتی دادگاییەکەدا، عەلی شامل، فەرماندەی سکوتاری و هاندەری سەرەکیی کوشتنەکە، هەڵمەتی بردە سەر داواکاری گشتیی کە لێکۆڵینەوەی لێدەکرد و هەروەک بەوەرز گازی لەقوڕگی گرتووە. ئەمەش هێڵی گشتیی تراژیدییەکە کە دەمی بورکانێکە لەجیهانێکی پڕ هەراو بێهەوساردا، هەر لەسەرەتای مێژووەوە.

---

بەگ، نوری بەگ، یوسف بەگ، خەلیل بەگ، ئەسعەد بەگ و هەروەها پزیشکێکی سەربازیی عوسمانیی بەناوی تاڵیب بەگەوە، لەو تاقمەدا بوون کە لەئەستەمبوڵەوە رەوانەی ئەوێکراون. هەروەها ناوی حوسێن بەگ بەدرخانیش لەدوارابۆرتدا هاتووە. شایەنی باسە، حوسێن کەنعان پاشا بەدرخانیش کە کوڕی بەردخان بەگ بوو لەو کاتەدا بۆ نابلوس دوورخرایەوە. وەرگیراوە لە:

Barbara Henning: Narratives of the History of Ottoman-Kurdish Bedirhani Family in Imperial and post-Imperial Contextes, University of Bamberg press, 2018, p 278.



سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

## ریشەکێشکردنی کردارییانەی بنەماڵەیەکی خانەدانی میرایەتیی

رۆژنامەی ئەمریکیی (THE MINNAPOLIS JOURNAL) کەلەرۆژی یەک شەممەی ریکەوتی ٩ی سێپتەمبەری ١٩٠٦دا، لەژێر ناونیشانی "درامایەکی تراژیدیی تورکیی. لەژیانێکی واقیعییەوە . ناکۆکییەکی بێبایەخ دەبێتە هۆی ریشەکێشکردنی کردارییانەی بنەمالەیەکی خانەدانی میرایەتیی، راستییە و هێشتا سەمەرەترە لەچیرۆکی هەزارویەک شەوە" نووسراوە:

لەپەیامنێرێکی تایبەتی رۆژنامەکەمانەوە: ئەمێستا وردە وردە پەردە لەسەر یەکێک لە سەمەرەترین و سەرنجڕاکێشترین و دراماتیکیترین چیرۆکی ژیانی راستیینە هەڵدەدرێتەوە، کە هەرگیز لەلایەرەکانی چیرۆکی عەرەبیی هەزارویەک شەوەدا، نەبینراوە، کە لەم رۆژانەی ئەمڕۆداو لەم ساتەدا بەتامەزرۆییەوە لەسەر زاروزمانان دەگەڕێت. کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم درامایە لەو پیاوە دەرکەوتەو درەوشاوەو ناسراوانەن کە لەهەر کۆکەڵگایەکدا لەئەستەمبوڵ، لەنیۆرک، لە لەندەن یان واشنگتۆنن. بەڵام لەناوەخندا، ئەوە چیرۆکەکەی (ئۆسیلۆو ئیاگۆیە / Othello and Iago) لەرۆژگاری هاوچەرخدا.

ئەو درامایەی کە لەوانەیە هێشتا دواین بەش و کارەکتەری نەبینرابێت، لەواقیعدا، زادەی کوشتنی بەڕێوەبەری ئەمنییەتی ئەستەمبوڵ،و ئیعدامی بەڕێوەبەری تەشریفاتی کۆشک و مامێتی کە فەرماندەی سەربازیی سکوتارییە. هەروەها ریشەکێشکردنی کردارییانەی یەکێک لە مەزنترین بنەماڵە میراتییەکانە لەتورکیا.

هەموو ئەمە چەند مانگێک لەمەوپێش، بەشێوازێکی زۆر کەمبایەخ قەوما، کاتێک ئەحمەد ئاغا، پیاوی کارای ریزوان پاشای دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار، کە بەڕێوەبەری ئەمنییەت و ئاسایشی شارەکەیە، هات بۆئەوەی لە شیشلی بژی، کە گەڕێکێکی ئەستەمبوڵەو زۆریش لەکۆشکی یەڵدزەوە دوور نییە. بۆ بەدبەختیی، هەر لەهەمان شەقام کە

عەبدولڕەزاقی بەڕێوەبەری تەشریفاتی کۆشکی ئیمپراتۆریی لی نیشتەجێبوو.

## بەکارهێنانی پۆست بۆ بەدەستهێنانی قازانجی ناڕەوا

ریزوان، پێگەو پۆستی خۆی بۆ چنین و پتەوکردنی هێلانەی خۆی بەکارهێنا، بەشێوازێک لەئەمەریکا پەی پێ نەبراوە. بۆ نموونە یەکێتی پیشەیی نانەواکان رۆژانە ٢٥٠ لیرەی تورکییان دەدایە، بۆئەوەی لەکاتی پابەندنەبوون بەکێشی گونکەکان و فرۆشتنی نانی بچووک، بیانپارێزێت. ئەحمەد، ئەو پیاوە بوو کە کاروباری بەشی قازانجە ناڕەواکان و سەرانەسەندنی بۆ بەڕێوەدەبردو کارە پیسەکانی بۆ ئەنجامدەدا. بەوشیوەیە، ئەویش بەشێوەیەکی سروشتیی وایدەبینی کە بەشێکی باشی لەو راوڕووتە زۆرەی پێ دەبڕێ و هاتەسەر ئەو بڕوایەی لەماڵێکی گەورەو لەشەقامێکی خۆش و قەرەباڵغی نزیک لەکۆشکەوە، ژیان بەرێتەسەر. وێڕای ئەوەی گەڕەکەکەی خۆش و نوێ بوو، بەڵام شەقامەکانی وەک هەر شەقامێکی دیکەی پایتەخت بەخراپیی تەخت و بەردڕێژکرابوو. ئەحمەد هەموو هەوڵیکیدا تاوەکو لەسەر حیسابی پارەی شارەوانی بەردەمی ماڵەکەی خۆی نۆژەن و بەردڕێژبکاتەوە. عەبدولڕەزاق، پەیامیکی بۆناردو داوای لێکرد ئەو چاککردنە تا ماڵەکەی ئەویش درێژبکاتەوە. ئەحمەد، دەیوست بزانێت کە ئەگەر ئەوە بکات، چەندەی بۆ ئەو تێدادەبێت، وەڵامەکەی پەسەند نەبوو.

ئەحمەد زانی کە ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ چاککردنی شەقامەکە تەرخانکراوە، خەرجکراوەو بەوەش جەنابی بەڕیوەبەری تەشریفانی دەبێت چاوەڕێ بکات تاوەکو پارەی دیکە تەرخاندەکریت! یاخود ئەگەر دەیەوێت، ئەوە عەبدولڕەزاق با لەگیرفانی تایبەتی خۆی بیدات، بۆئەوەی بەردەمی ماڵەکەی بۆ بەردڕێژبکرێت!!

ئەحمەد تورکی بوو، سەر بەبنەماڵەیەکی هەژاربوو، لەکاتێکدا عەبدولڕەزاق، سەرۆکی بنەماڵەیەکی کوردیی بەهێزو مەزن بوو کە

بەدرخانییەکان بوو. ئەو بنەماڵەیەی کە پێش پەنجا ساڵ لەسایەی بەدرخان بگەی باپیرەیانەوە، راپەڕینیکی چەکداریی گەورەی دژی حکومەت و سوڵتانی ئەو کاتە بۆ پاراستنی ئاشتیی، وای بەگونجاو زانی ، کە بەشێک لەباشترین زەوییەکانی لەسەر سەرۆک بەدرخان وەقف بکات. عەبدولڕەزاق سوێندی خوارد بە رێشی پێغەمبەر کە وانەیەکی باشی ریزوان پاشای لوتبەرز دابدات. بۆیە هەستا بەبیانویەکەوە، ئەحمەد پاشای بانگکردە ماڵەکەی خۆی و زۆر بێرەحمانە ئەشکەنجەیداو لەشوێنێکی خراپدا زیندانییکرد.

## گەیشتنەوەی قسەکان بەسەرۆک

ئەحمەد، هەوڵێدا چیرۆکی دۆخە شپرزەکەی خۆی بگەیەنێتە سەرۆکەکەی. ریزوان، لەو جۆرە پیاوانە بوو کە پیاوە گوێڕایەڵەکانی خۆی لەنیوەڕێ جێنەدەهێشت. ئەو باشترین هەوڵی خۆیدا تاوەکو هانی عەبدولڕەزاق بدات کە ئەحمەد ئازاد بکات. تەنانەت ئەوەشی پێشنیار کردبوو کە لەپێناو بەرەڵاکردنی ئەحمەددا بەرتیلێکی باشیش دەدات. بەڵام خولیای عەبدولڕەزاق بۆ تۆڵەسەندنەوە لە خولیای پارەپەرستیی زیاتربوو، هەربۆیە بەردانی ئەحمەدی رەتکردەوە. ئەوسا ریزوان یاسای بەدەستی خۆی جێبەجێکردو هەندێک لەپیاوەکانی پاکەوانی شارەوانیی بە دەمانچەو کوتەک چەکدارکردو هانیدان کە ئەحمەدی بۆ بەردەن. ئەمەش شەرێکی گەرمی لەنێوان کرێکارەکان و خزمەتکارەکانی عەبدولڕەزاقی لیکەوتەوە، کە تیایدا یەکێک لەکوردەکان کوژراو چەندین کەسیش لە پیاوەکانی ریزوان برینداربوون. بەڵام ئەحمەد دۆخە پشێوییەکەی قۆزستەوە بۆئەوەی لەزیندانەکەی هەڵبێت.

لێکۆڵینەوەیەکی ئاشکراو فەرمیی لەبارەی ئەم بەزمەوە نەکرا، وێڕای ئەوەی هەموو کەسێ بە مەسەلەکەیان دەزانی و ئەوانەشی لەئەستەمبوڵ، لەجێبەجێکردنی یاسا بەرپرسیار بوون، زۆر باکیان بە

بابەتێکی بێبایەخی وەک مردنی پیاوێکی خزمەتکار نەدەدا، جا بەڕووداو بێت یان بەهەر شێوەیەکی دیکە.
ناکۆکیی و جەنگەکە لەبندیواری کۆشکی ئیمپراتۆرییدا قەوما، بەجۆرێک هەراوزەنای شەڕەکە دەگەیشتە بنگوێی خودی سوڵتان. سوڵتان دوای راپۆرتیکی کرد، بەمەش ئەم بابەتە بووە مەسەلەیەک کە گەورەترین سەرنجی سوڵتانی بۆخۆی رادەکێشا. عەبدولڕەزاق سەلماندی کەبەهێزترە. دەوترێت، ریزوان پاشا، تەنیا بەهۆی نفوزی دایکێوە لەدوورخستنەوە رزگاریی بوو، ئەوەی کە پێگەیەکی گرنگی لەحەرەمسەرای ئیمپراتۆرییدا هەبوو. ریزوان پاشا، لوتف و موحیبەتی سوڵتانی لەدەستدا، ئەوەش هەروەها مانای ئەوەبوو کە ئیدی زۆرناخایەنێت کە لەسەر کارەکەی لادەبرێت!

## پیلان بۆ کوشتنی ریزوان

ئەمە عەبدولڕەزاقی رازیی نەکرد.ئەو ئەندامانی بنەماڵەی ەبەدرخانی بانگێشتکرد، تاوەکو بڕیاربدەن کە چ هەنگاوێکی دیکە بنێن، بۆئەوەی سزای ئەو پیاوە بدەن کە ئەندامێکی خێڵەکەی کوشتووەو بەهێرشکردنە سەر بنەماڵەکەیان ئیهانەتی بە کەرامەتی بەدرخانییەکان کردووە، لەڕیگەی تاقمێک گەجەروگوجەرەوە کە پاکەوان و کرێکارەکانی ئەستەمبوڵن. لەبەڕێوەچونی قسەو باسەکاندا، رۆڵی یەکلاکەرەوە لەلایەن سکوتارییەوە بوو(مەبەستی عەلی شامیلە/سەردەشتی)، ئەو پیاوەی کە تەنانەت لەئەستەمبوڵیشدا بەهۆی دڵڕەقیی و غەدارییەوە، بەدناو بوو.
عەلی شامیل، دوای خوێن و ژیانی لەبەرامبەر خوێن و ژیاندا کرد، ئەو رایگەیاند کە جگە لەکوشتنی بەڕیوبەری ئاسایش هیچ شتێک ناتوانێت قەرەبوی لەدەستچونی کوردێک و هێرشکردنە سەر بەدرخانییەکان بکاتەوە. عەلی شامیل بەهۆی توندیی و ئەو زبرییەی هەیبوو، تەنانەت ترسنۆکترین ئەندامانی ئەنجومەنی بنەماڵەکەی خستەپاڵ خۆی و بەکۆی دەنگ بڕیاری کوشتنی ریزوان پاشا درا.

عەبدولڕەزاق، کە بەڕێوەبەرێکی جوانخاس و دڵگیری کاروباری تەشریفاتیی بوو، لە درککردنی نەریتە رۆژهەڵاتییەکاندا زیرەک بوو، ئەو هیچ کاتێکی بۆ جێبەجێکردنی سزاکە بەفیڕۆ نەداو داوای لە یەکیک لەخزمەتکارەکانی کرد کە لەشەرەکەی پێشوو لەگەڵ کرێکارەکانی شارەوانیدا بەشداربوو، ئامادەکاریی پێویست بۆ کوشتنی ریزوان پاشا بکات.

ئەم پیاوە، سی پیاوی تریشی بۆ هاوکاریی خۆی تیوەگلاند، تاوەکو لەبەرامبەر بڕی مانگانەی ١٥ مەجیدی کە دەکاتە ١٢,٥ دۆلارو نیو، داواکەی عەبدولڕەزاق جێبەجێبکەن.

ریزوان ڤێلایەکی لە گویزتەپە هەبوو، کە گوندێکە لەهەرێمی سکوتارییەو دەکەوێتە سەر رێگەی وێستگەی شەمەندەفەری رێگای ئەنەدۆڵ. ئەو ویستی لەڕێگەی گەڕانەوەی لە شەمەندەفەرەکەوە بۆ ڤێلاکەی بیکوژێت، وەک ئەوەی کە لەنێو ئەستەمبوڵدا ئەوە بکات، چونکە دانیشتووانەکەی ئەوێ کەمەو پەرتەوازەیە. لەراستیشدا هێزە سەربازییە خۆجێیەکەی ئەوێ لەژێر فەرماندەیی عەلی شامیلدایە، بەوەش ئەگەر ئەنجامدانی کوشتنەکە ئاسانترە.پاش ئەوەی عەبدولڕەزاق، دەمانچەو پارەو فیشەکی بەسەر چوار کوردەکەدا دابەشکرد، هەر چواریان رەوانەی گوزتەپە کران، ئەو بەشەخسیی، ریزوانی بۆ دەستنیشانکردن و فەرمانی خۆی پێدان.

## بەکارهێنانی سیخوڕی پۆلیس

شاراوە نییە، کە بەدرخانییەکان سویندی تۆڵەکردنەوەیان خواردبوو کە ریزوان پاشا بکوژن. دەشێت ئەو لەلایەن سیخورەکانی پۆلیسەوە شتێکی زیاتری لەو پیلانە درک پێکردبێت کە دژی ئەو چنرابوو، هەربۆیە داوای لەکۆشک کرد بیپارێزن. بەلام سوڵتان هێشتا لێی دڕدۆنگبوو، ئنجا بەقەولی تورکان ریزوان چارەنووسی خۆی بەقەزاوقەدەر سپارد. پاش ئەوەی وەسێتی خۆی کردوو و کاروباری زۆری سامان و موڵومالەکەی حەلو فەسڵ کرد، ئێوارەیەک پاش

ئەوەی کەشەمەندەفەرەکەی جێهێشت لە گویزتەپەو خەریکبوو بگەڕێتەوە قێلاکەی لەلایەن چوار کوردەوە پەلاماردرا. ئەوان بۆئەوەی لەکوشتنەکەی دڵنیابنەوە، پێش ئەوەی هەڵبێن نۆ فیشەکیان لێدا، هەروەها لەوەدەچێت ئەوان کە پلانێکیان بۆ هەڵاتن دانەنابێت، لەوەشدا پشتیان بە دەسەڵات و نفوزی بەدرخان بەستبوو تاوەکو لەو میحنەتە رزگاریان بکات. ئەوان پاش کەمیک شوێنکەوتنیان دەستگیرکران و لەیەکێک لە بنکەی خۆجێیەکانی پۆلیس لەناوچەکە زیندانییکران. عەلی شامیل، هەوڵیدا کە هانی ئەفسەرانی پۆلیس بدات ئازادیان بکەن، پاش ئەوەی لەوەدا شکستیهێنابوو، ئنجا وەک فەرماندەیەکی سەربازیی هەرێمەکە دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنابوو، ئەوانی هێنابوو لەسەربازخانەکە دابنابوون و خواردن و جگەرە دابوونێ و پێی وتبوون کە هی دڵ لەدڵ نەدەن بۆخۆی چاوی لییان دەبێت.

بەدڵنیاییەوە، سوڵتان بەهەواڵی کوشتنەکەی زانیبوو، ناردبووی بەشوێن عەبدولڕەزاقدا کە پشتی بەهێزو نفوزی بەدرخانییەکان قایمبوو، بۆئەوەی هێمنییبکاتەوەو زامنیبکات. بەڕێوەبەری تەشریفاتی ئازایانە دانی بەبەرپرسیارێتیی خۆیدا لەبارەی کوشتنەکەوە، نابوو. ئەو دانی بەوەدانابوو کە ئەوکارە لەلایەن خزمەتکارەکەیەوەو بەفەرمانی ئەو کراوە.تەنیا داخیشی ئەوەبووە کە ئەرکەکەی لەکۆشک، رێگەی ئەوەی لێگرتووە کەبۆخۆی بەشەخسیی تۆڵەی ئەو سوکایەتییەی لێ بکاتەوە کەدژی ئەو و بنەماڵەکەی ئەنجامیداوە.

### بەدرخانییە ترساوەکان

لەپاش ئەو ناکۆکییە توندەی لەنێوان دەستوپێوەند و تاقمی بەدرخانییەکان لەکۆشک و باقی دیکەی حاشیەی ئمپراتۆریی سەبارەت بەو بابەتە روویدا، کە چۆن پێویستدەکات مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکەن. عەبدولحەمید لەقەڵەمرەوەکەیدا، هێندەی دوژمن هەبوو کە نەیدەویست ژمارەیان زۆرتر بکات، بەوەی هەنگاوی

یەکلاکەرەوە دژ بە بنەماڵەیەکی وابەهێزی وەک بەدرخانییەکان بنێت. ئەو بانگێشتی ئەندامانی سەرەکیی ئەنجومەنی وەزیرانی خۆی کرد. هەموو بەیەک دەنگ داوایان لێکرد، کارێکی بەهێزبکات بۆئەوەی باڵادەستیی خۆی لەبواری دەسەلاتداریی خۆیدا بسەلمێنێت. بەپێچەوانەوە، ئاماژەیان بەوەدا، کە پرستیژی سوڵتان بەشێوەیەکی حەتمی توشی پاشەکشەو لەکەداریی دەبێتو بەردخانییەکانیش وەکو حاکمی راستەقینەی ئمپراتۆرییەکە دەرەکەون و لەقەڵەمدەدرێن.

ئەمەش، دوودڵیی عەبدولحەمیدی نەهێشت و هێنایەسەر ئەو باوەڕەی، کەهەنگاوێکی توندو کاریگەر باشترین سیاسەتە. هەربۆیە بەخێرایی هەنگاوینا. پاش سێ رۆژ لەکوشتنەکەی ریزوان پاشا[واتە ٢٦ی مارت/سەردەشتی]، عەبدولڕەزاق و عەلی شامیل و تەواوی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، لەشەوێکدا قۆڵبەستکران و خرانە سەر کەشتییەک. چوار پەلاماردەرەکە راستیینەکەشن دادگاییکران و هەڵواسران. لیکۆڵینەوەکەیان، تیشکێکی ئاشکرای خستەسەر رەوشی کۆمەلگا لەتورکیا:" ئێمە فەرمانمان پێکرا کە ریزوان پاشا بکوژین، ئەگەر ئەومان نەکوشتایە، ئەوە گەورەمان بۆ خۆی دەیکوشتین."

هەمانکات، سەرکردەی بەدرخانییەکان بۆ قەڵای تەڕابلوس گواسترانەوە، کەلەوێ بەتۆمەتی خیانەت و کوشتن دادگایی کران. هەموویان لەوێ هێڵرانەوە تەنیا یەکیکیان نەبێت کە سزای کوشتن درا. بەڵام پێش ئەوەی عەلی شامیل ئیعدام بکرێت، ئەو نمایشێکی لەدڕندەیی پێشاندا کەلەژێر پەردەی شارستانییەتی سەدەی بیستەمدا، خۆی مەڵاسدابوو. لەکاتێکدا دادگاییدەکرا، ئەو هەڵیکوتایە سەر داواکاری گشتیی و هەروەک بەوەرز دانی لەقوڕگی گیرکردو کوشتی.

هەروەها هەموو ئەم رووداوە تراژیدییانە، لەئاکامی رەتکردنەوەی ئەحمەدئاغاوە بوو، کە بەهیمەتی خۆی بۆ بەردرێژکردنی رێگاکە بخاتەگەڕ، تاوەکو بگاتە بەردەم ماڵەکەی عەبدولڕزاق."

## ڕەشبگیریی بەدرخانییەکان لەبیرەوەرییەکانی خالیدە ئەدیب ئەدیڤاردا

ژنە شاعیرو ئەدیب و فێمینستی تورک "خالیدە ئەدیب"، بەو هۆیەی کە دایکی کۆنەژنی عەلی شامیل پاشا بوو، هەروەها باوکیشی ناسیاوی عەلی شامیل بوو، جگەلەوەی ماڵی خوشکە گەورەکەی دراوسێی ماڵی عەلی شامیل بوون، لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووەو بەشێکی لە بەشی پێنجەمی بیرەوەرییەکانییدا بۆ ڕاگواستووین کە تایبەتە بەڕووداوەکانی سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانیی. ئەو دەڵێت:

" لەبەهاردا گەڕاینەوە بۆ سوڵتان تەپەو هاوینمان لەوێ بەسەربرد. لەم ساڵەدا، نیلوفەری خوشکم شوی بەشێخیک کرد لەبۆرسە، ئەو تەنیا تەمەنی ١٥ ساڵان بوو.

دووەمین ڕووداوی گرنگ لەم ساڵەدا، کێشە پور مەهمورە ئەبڵە بوو، ئەو یەکەمین قوربانیی دەستی ڕژێمە کۆنەکە بوو لەخێزانەکەماندا.

ئەوە بەم شێوەیە ڕوویدا، عەلی شامیل بەو هێزە نوێ و بەدەوام و پەرەسەندووەی خۆیەوە، کە لەگەڵ هێندێک پیاوی خاوەن نفوزی دەوروبەری عەبدولحەمییددا، لەناکۆکییەوە گلابوو، عەبدولڕەزاقی برازای، کە کوردێکی ئەریستۆکراتی گەنج و نەحەواوە بوو، لەگەڵ ریزوان پاشا پارێزگاری ئەستەمبوڵدا، تووشی ناکۆکیی ببوو، کە کەسایەتییەکی گەورەبوو لەدەستوپێوەندەکانی سوڵتان. ناکۆکییەکە لەسەر چاککردنی ئەو بەشەی شەقامەکە بوو کە لەبەردەم ماڵی عەبدولڕەزاقدا بوو. ریزوان پاشا، پیاوێکی لەنزیک خۆی هەبوو کە ناوی ئەحمەد ئاغا بوو، کە پێگەیەکی نافەرمیی، بەڵام زۆر کاریگەریی لەبەشی چاککردنی ڕێگاوبان و شەقەماکان هەبوو. ئەحمەد ئاغا ڕەتیکردەوە فەرمان بە چاککردنی شەقامەکەی بەرماڵی عەبدولڕەزاق بدات، عەبدولڕەزاقیش کە ئەمەی بیست، ئەحمەد ئاغای فڕاندو لەماڵەکەی خۆی زیندانیی کردو بەشێوازە کوردییەکە مامەڵەی

لەگەڵ کردو هەڕەشەی ئەوەی کرد کە هەتاوەکو ڕێگاکە چاک دەکەن ئەحمەد ئاغا وەک بارمتە لای خۆی دەهێڵێتەوە.  ریزوان پاشا، کە ئەحمەد ئاغای زۆرلەلا پەسەندبوو، ئەوەی کردە بەڵگەی شکات لەلای سوڵتان. لەو بڕوایەدام کە سوڵتان بڕیاری ئەوەی دابوو وەک باوە مەسەلەکە بە ئاشتبوونەوەو یەکتر ماچکردن و بوونەوە بەهاوڕێ چارەسەر بێت. بەڵام عەبدولڕزاق، هەر لەسەر دەمارگیرییە کوردانەکەی خۆی مایەوەو ئارەزووی ماچوموچ و ئاشتبوونەوەی نەبوو. ریزوان پاشاش، کرێکارەکانی ڕێگاوبانی ژێردەستی خۆی نارد و فەرمانی ئازادکردنی ئەحمەدئاغای پێدان. ئەوانیش بە پاچ و خاکەنازەو ئامرازەکانی دیکەی کارکردن، هەڵیانکوتابووە سەرماڵەکەی عەبدولڕەزاق و شەڕ هەڵگیرسابوو. چەندین پیاو لەهەردوولا بریندار بوون. فەرمانێکی دیکە ئەحمەدئاغای لەشانۆکە دوورخستەوەو وایێدەچوو کە هێمنیی و ئاشتیی بەرقەرار بوو بێت. بەڵام ئەو هێمنییە ناسروشتییە پێش گەردەلولێکی فرە خراپ بوو.

لەپاش نیوەڕۆیەک، باوکم زوو لەرۆژانی دیکە هاتەوە ماڵەوەو بێزارو ڕەنگزەرد دیاربوو. شەوی رابردوو، ڕووداوی زۆر مەترسیدار ڕوویدابوو. ریزوان پاشا، چووبوو بۆ ڤێلاکەی لە ئێرنکۆی، لەلایەن چوار[3] کوردەوە لە عەرەبانەکەیدا کوژرابوو، ئەوانەی لەسەر پردەکەوەو لەنزیک ماڵی عەلی پاشاوە لە حەیدەرپاشا، هێرشیانکردبوو. ئەوانە گیرابوون و هێنرابوونە لای عەلی شامیل پاشای فەرمانداری سکوتاری. ئەو بۆ چەند کاتژمێریک زیندانییکردبوون و بەیانی رۆژی دواتر بەریدابوون. ئەم ڕووداوە ترسی خستە دڵی سوڵتانەوە، هەربۆیە لەو شەوانەدا تەواوی بنەماڵەی

[3] ناوی ئەو چوارە بەمشێوەیە بوو: عەبدوڵا کوڕی تەتار ناسراو بەئەمین هەکارلی تەمەن ٣٥ ساڵ کە سەرۆکی باندەکە بوو، ئەسەد کوڕی سادۆ ناسراو بەمحەمەد وانلی تەمەن ٢٢ ساڵ، عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد ناسراو بە عەبدوڵڵا بدلیسی تەمەن ٢٢ ساڵ لەگەڵ ئەحمەد کوڕی محەمەد وانلی تەمەن ٣٠ ساڵ. هەروەها ناوی کەسێکی دیکە بەناوی عەلی چاوشیش لەگەڵ ئەو چوار کەسە هاتووە.

بەدرخانییەکان، بە عەلی شامیلیشەوە کە سەرۆکیان بوو، قۆڵبەستکران و خرابوونە نێو کەشتی و بەزنجیرکراوی رەوانەی تەرابلوس کران.

ماڵەکەی عەلی شامیل و ماڵە بچووکەکەی بەرامبەریان کە خوشکەکەمی لێ دەژیا، لەژێر چاودێریی و پاسەوانییەکی زۆر توندا بوو، رێگە نەدەدرا کە لەگەڵ دەرەوەدا هیچ پەیوەندییەکیان هەبێ. مێردی خوشکەکەم، کە داماوە بەتەمەنی هیچ شتێکی نەکردبوو، تەنیا بەسەرکزیی خەریکی کاری دەرمان و کیمیاگەریی بوو، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەستوپێی کۆتکرابووو فڕێیاندابووە کەشتییەکەوە. تەنانەت منداڵی دوازدە ساڵەش لە قوتابخانە دەستگیردەکراو دەبراو دووردەخرایەوە. نەدەبوو هچ رەگەزێکی نێر لە بەدرخانییەکان لەئەستەمبوڵدا جێبهێڵرێ.

بەوشێوەیە، ژمارەیەکی زۆر لەبەدرخانییەکان، کە هیچیان لەبارەی شەڕەکەی عەبدولڕەزاق نەدەزانی، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نەهامەتییان چێشت و تووشبوون...

عەلی شامیل پاشا، قوربانی شکۆی بنەماڵەکەی بوو، ئەو شەڕو ناکۆکییەکەی پەسەند نەدەکرد، بەڵام دەسەڵات و کاریگەی برازاکەی وایکرد کە ئەویش فەرمانی کوشتنی ریزوان پاشا دەربکات...عەلی شامیل پاشا دەهاتە ماڵی ئێمەو سەردانی دەکردین، هەربۆیە پێمانوابوو باوکیشمان هەروەها قۆڵبەست بکرێت، چونکە سوڵتان بەهۆی ئەو بیروباوەڕە لیبراڵانەیەی کە باوکمی پێ ناسرابوو،چارەی باوکمی نەدەویست...خوا هەرکەسێک لەم سیستمە بپارێزێت، وێڕای ئەو نەهامەتییانەی کە تاکەکان لەسایەی ئەم سیستمەدا دەیانناڵاند، لەهەمووی مەترسیدارتر ئەو فەسادە بوو کە ببووە دەرگایەکی فراوان بۆ نەریتی نزم و پەست و بڵاوبوونەوەی سیخوڕیی. پیاوانێک رێگای ئاسانیان بۆ سەرکەوتن دەگرتەبەر تەنیا لەرێگەی راپۆرتنووسین لەدراوسێکانیان...

ئەو دادگا نائاساییەی کە سوڵتان رەوانەی تەڕابلوسی کردبوو بۆ دادگاییکردنی بەدرخانییەکان، مێردی خوشکەکەمیان لەبەدرخانییەکان جیاکردبۆوەو بۆ ئۆرشەلیم دووریان خستبۆوە.

عەلی شامیل پاشا، پلە سەربازییەکەی لێ سەنرابۆوەو لەگەڵ باقی دیکەی ئەندامانی خێزانەکەی بەزیندانی هەتاهەتایی سزادرا. ئەو، لەساڵی ١٩٠٧دا، پاش بەسەربردنی ژیانێکی خەمبارو تەنیا، لەزینداندا مرد[4].

---

[4] رۆژنامەی بریتانیی ( THE GLAMORGAN GAZETTE) کەلەرۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠ی ئەپرڵی ١٩٠٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت: ژنەکەی شامیل پاشا، کە لەئەستەمبول دوورخراوەتەوە بەهۆی تێوەگلانی لەکوشتنی ریزوان پاشای بەرێوەبەری پۆلیس، خۆی خستۆتە بیرێکەوە.



عەلی شامیل پاشا



عەلی شامیل و بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان



ژنە شاعیرو نووسەری تورک خالیدە ئەدیب (١٨٨٤-١٩٦٤)



*Memoirs of*

# HALIDÉ EDIB

*With a frontispiece in color by*

*ALEXANDRE PANKOFF*

*and many illustrations from photographs*

THE CENTURY CO.

*New York* *London*

In the spring we went back to Sultan Tepé and spent the summer there. This year my sister Neilüfer married a young sheik in Broussa. She was only fifteen years old.

The second important event of this year was poor Mahmouré Abla's trouble. She was the first victim of the old régime in our family

It happened in this way. Ali Shamil Pasha with his new and constantly increasing power was brought into conflict with other influential men around Abdul Hamid. His nephew Abdurazzak, a young and impetuous Kurdish aristocrat, had begun a quarrel with Ridvan Pasha, the prefect of Constantinople, a great personage in the immediate entourage of the sultan. The quarrel arose about the mending of a piece of road in front of Abdurazzak's house. Ridvan Pasha had near him a man called Ahmed Aga who had some unofficial but very influential post in the road-mending department. Ahmed Aga refused to give orders for the mending of the road before Abdurazzak's house. Abdurazzak, having heard of this, kidnapped Ahmed Aga, imprisoned him in his house, and handled him in Kurdish fashion, threatening to keep him in his house as a hostage till the bit of road was repaired. Ridvan Pasha, with whom Ahmed Aga was a favorite, took the matter up and complained to his Majesty. I believe an iradé of the usual kiss-and-be-friends kind was issued, but Abdurazzak was in his fiercest Kurdish temper and by no means in a kissing mood. Ridvan Pasha sent the road repairers under his command to release Ahmed

Aga, and they bore down upon Abdurazzak's house with their spades and other road-making implements. A fight took place, and men were wounded on both sides. Another iradé removed Ahmed Aga from the scene, and an apparent calm was established; but it was the unnatural calm that precedes a worse storm.

One afternoon father came home earlier than usual looking distressed and pained. Serious events had taken place the night before. Ridvan Pasha, going to his summer residence in Erenkeuy, had been murdered in his carriage by four Kurds who attacked him on the bridge near Ali Pasha's house in Haidar Pasha. They were arrested and brought to Ali Shamil Pasha as the governor of Scutari. He imprisoned them for a few hours but released them the next morning, evidently at the instance of his nephew. This aroused the fears of the sultan, and that very night all the Bederhani family, of which Ali Shamil Pasha was the head, were arrested, packed into a boat, and sent off to Tripoli in chains. Ali Shamil Pasha's house and the little houses opposite where my sister lived were under the strictest guard, and no contact with outsiders was allowed. My poor brother-in-law, who had done nothing all his life but humbly and conscientiously mix and prepare drugs as a chemist, was huddled into the boat with the others and put in chains also. Even boys of twelve were taken from school and exiled. No male Bederhani was to be left in Constantinople; consequently a great number of Bederhanis who knew nothing whatever about the quarrel of Abdurazzak suffered with the rest. Poor

Once only I saw her white veil, which she used at her prayers, hung up to dry, and so great was my pain that even this upset and excited me to a night of fever. Father went more frequently and mourned for her like a lost soul. He saw her once on the balcony, and their eye or rather soul contact was described to me by her after her release. "When I saw him pass, forgetting the police guard under the window, I waved my hands; he was searching the house with his eyes. The moment he caught sight of me he sat down in the carriage and covered his face with his hands." He was sobbing aloud, and that in a public train. After he came home that day he sat by a table and cried as he used to do after mother's death. Meanwhile granny and Teïzé had taken a house in Sultan Tepé not far from ours, and during all these days of anxiety I went often to see granny and talk about Mahmouré Abla. She also cried bitterly and continually. After two months of this helpless suffering, she told me one day that she was going to try and get to Mahmouré Abla. Father went on trying hard in the palace through influential friends of his to get some relief for my brother-in-law. Humanity, although so cowardly at times, is not entirely extinguishable even in the worst régime, so that he had some hopes.

Granny said a significant good-bye to me one day, and taking a humble one-horse carriage she drove away in her loose black *charshaf*. When she did not return in the evening, I felt that it was ominous; but the next day early in the morning she was back with tears and smiles.

through her tears. But Mahmouré Abla in spite of her pride had wept copiously and kissed her continually, asking about every one of us, and talking loudly about the rough way in which the house was searched and the difficulty she had in getting the guards to buy even medicine for her. Shut up for months in the state she was in, she had of course been suffering, but the guards looked upon the desire for medicine by a woman whose husband and father were in the bad graces of the sultan as luxurious whims. There were hardly three months more before her confinement, and if she were not released she would be condemned to face the ordeal all alone.

My old enemy Insomnia came back and stared at me through long nights, presenting Mahmouré Abla's image distorted in pain and with no one except babies and a very stupid little maid to help her. Why did women have babies any time and anywhere? [2]

The extraordinary court which was sent by the sultan to try the Bederhanis in Tripoli separated my brother-in-law from the Bederhanis, and he was exiled to Jerusalem, which was heaven after the dungeons of Tripoli.

[2] During the first Greek revolution in the Greek provinces of the Turkish Empire, the Turkish people in Istamboul were uneasy about the Greeks, who might rise in sympathy and start massacres, and so the Moslem youth kept guard in the Turkish quarters. Chenghel Tahir Pasha, a strict and wonderfully able man, was appointed to govern Istamboul at the crisis. He issued an order that every one should go to his home after night prayers and that no one was to be seen in the streets. The first night the guards arrested everybody who was found abroad. One of them had gone in search of a *sage femme* for his wife who was going to have a baby. "Tell your woman," said Tahir Pasha, "she must not have a baby at night and at such a time again."

Ali Pasha's military grade was taken from him, and he was condemned to perpetual imprisonment with the rest of his family in Tripoli. He died in the prison in 1907 after a sad and lonely life. Mahmouré Abla was released after two more months, and she had her baby near us. She soon sailed for Jerusalem with her five children to join her husband. They came back with all the other exiles in 1908, and a great reception was given to all the passengers in the boat as having been the victims of the great tyrant.

In the fall of 1906 before we could go back to our place in Pera I had a dangerous internal operation which kept me in bed for six months. I was very near death, but despite very high fever I never lost consciousness. My head was full of strange whims and regrets. I was, as once before, immensely conscious of myself and distant in feeling from every one else. Something was hurting me in an unutterable way. I seemed a foolish child playing with words and as though I had missed the essence of life. What had I missed? I had made a love marriage. I had two babies who made me realize the full ecstasy of motherhood. I could not complain much of the details of my daily life, for they were more or less the same as the daily life of the great majority of other Turkish women. I did not envy the bustle and the empty pleasures of the few more or less described by Pierre Loti. I never had "hat and ball" [3] longings. What I had missed and what I wanted, I did not know. I remember repeating the

[3] That is, to go out unveiled in a hat like Christian women, and to dance.

## SNOW IN SCOTLAND.

The fine weather in Perthshire was interrupted on Monday by rain, and on Tuesday morning there were heavy showers of snow and sleet. The Grampians and Ochil Hills were thickly coated with snow down to their base, and even some of the low grounds were quite covered.

Throwing himself from a four-storey window in Darwin's-building, Walworth, a carman named Henry Carter, aged fifty, has been killed.

The wife of Chamyl Pasha, who was exiled from Constantinople for complicity in the murder of Redvan Pasha, the police prefect, has drowned herself in a well.

The death is reported of Catherine Tynan at Glasshouse, Co. Waterford, at the age of 106.

Stepney Borough Council have decided to ask the Commissioner of Police to issue such regulations as will lessen the noise of motor-omnibuses passing through the borough.

An Italian named Assandri and his wife have been suffocated in their bedroom in Princess-street, Marylebone, owing to a defective gas-pipe.

The New Zealand Government has entered business as a retail distributor of State-mined coal.

It is stated in Pretoria that a new native labour association is being formed, with a capital of £50,000, for the recruiting of labour on the East Coast.

## پەیامنێری سەندەی تایمز کوشتنی ریزوان و کەوتنی بەدرخانییەکان دەگێڕیتەوە

رۆژنامەی (THE SUNDAY TIMES) کە لەرۆژی یەک شەممەی رێکەوتی ١٤ی ئۆکتۆبەر ی ١٩٠٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بابەتیکی دوورودرێژی لەژێر ناونیشانی "تۆڵەسەندنەوەیەکی تورکیی. چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەپیلانگێڕییەکی رۆژهەڵاتیی وەک بەشێک لەمێژووی کۆن"دا، بڵاوکردۆتەوە، کەلەلایەن پەیامنێری رۆژنامەکەیانەوە لەئەستەمبوڵەوە نێرداوە و نووسیوەیەتی:

" لەکۆتایی مانگی نۆڤەمبەری پێشوودا، خەڵکە باشەکەی ئەستەمبوڵ سەریان سوڕما یان تووشی شۆکبوون، بەگوێرەی مەزاج و تەبیعەتیان، بەو ناکۆکیی و پێکدادنە توندوتیژەی لەنێوان پیاوەکانی هەردوو پاشا بەهێزەکەدا روویدا، عەبدولڕەزاقی بەڕێوەبەری تەشریفاتی کۆشکی ئیمپراتۆریی و ریزوان پاشای پارێزگاری شارەکە. لەم ساڵانەی دوایدا، ئەم رووداوانە، زۆر لەنێو جیهانی کارمەندە باڵاکانی تورکییەکاندا، چەند بارە دەبێتەوە. وەک ئەوەی کە تەنیا ورووژانێکی تێپەڕبن، بڵاوکراوەکان زۆر بەتوندی سانسۆری تەنانەت ئاماژەدانیش بەم رووداوانە دەکەن. هەروەها ئەم کاروبارە تایبەتانە بەشێوەیەک تێدەپەڕێتو بیردەچێتەوە، هەروەک ئەوانەی دیکەی پێشوو. ئەوەی کە ئەو دیمەنە تراژیدییەشی نەچەسپاندو بووەهۆی مردن یان کەوتنی هەندێک لەو پیاوە هەرە دەسەڵاتدارانەی لەئیمپراتۆرییەکەدان.

ریزوان پاشا، وەک تەرزێکی نائاسایی کاربەدەستی تورکیی بوو، بەڵام لەڕووی هەوڵ و لەپێناو بەدەستهێناتنی ئامانجەکانیدا، باڵادەستبوو. هەروەها بەگوێرەی هەندێک لەبیرو تێڕوانییەکان، لەڕووی کارەکتەرەوە، بەبەراورد بە هاوڕێ و هاوکارەکانی. ئەو وەک پارێزگار، بەتایبەتیی خۆی بۆ بەشی سیخوڕیی و ئەمنییەت

تەرخانکردبوو، چاویشی لەوە پۆشیبوو کە تەواوی کاروباری شارەوانی بکەوێتە چنگی ئەحمەد ئاغا، ئەوەی پیاوێکی پلەنزم بوو، لەرووی ئاستی خوێندەواریشەوە لاوازبوو. ئەوەی وەک دەلاڵ و بریکارێک، لەراپەڕاندنی کاروباری بیزنسە ئاڵۆزەکاندا، کاری بۆ ریزوان پاشا دەکرد.

ئەوە بەهۆی ئەحمەد ئاغاوە بوو کە ریزوان پاشا لەگەڵ عەبدولڕەزاق پاشادا تووشی ناکۆکیی بوو. دوژمنێکی سەرسەخت کە نەک هەر بەتەنیا کاربەدەستێکی باڵای کۆشک بوو، بەڵکو ئەندامی بنەماڵەیەکی بەهیزی کوردیش بوو کە بەدرخانییەکانە. ئەو بنەماڵەیەی کەناوەکەی خۆی لە باپیریان بەدرخانەوە وەرگرتووە، ئەو سەرۆکە کوردە بەناوبانگەی، کەلەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیددا، بۆماوەی چەند ساڵیک لەخەباتێکی بێهودەدا بوو دژی حکومەتی عوسمانیی. ئەو بەچەند مەرجێکی باش وازیهێناو هێنرا بۆ ئەستەمبوڵ. دواجار خێزانەکەی زۆر زیاتر لەجاران بەهێزتربوو وەک لەو کاتەی کە بەدژی سوڵتان وەستابوو. یەک لەکوڕەکانی بەدرخان، کە عەلی شامیلە، بووە فەرماندەی سەربازیی سکوتاری و کوڕو کوڕەزاکانی دیکەی بەدرخانیش بوونە فەرمانڕەوای شارە گرنگەکان، یان پۆستی هاوشێوەیان پێدرا.

عەبدولڕەزاق، کە لەگەڵ ریزوان پاشادا کەوتە ناکۆکییەوە، بووە بەڵگەیەک بۆ هەرەسی بنەماڵەکە. ئەو برازای عەلی شامیل و هەروەها کوڕەزای بەدرخانی گەورەبوو. ریشەی ناکۆکییەکە لەوە زۆر بێبایەخترە کە چاوەڕوان بکرێت. ئەحمەد ئاغای پیاوی ریزوان پاشان هاتبوو تاوەکو لەشیشلی بژی کە گەڕەکێکە لەئەستەمبول و زۆر لەکۆشکی یەڵدزەوە دوور نییە. لە بەختی خۆی ئەو هاتبووە هەمان شەقام کە ماڵی عەبدولڕەزاقی لێبوو. ئەم شەقامە، هەروەک زۆر لەشەقامەکانی دیکەی پایتەخت، زۆر بەخراپیی بەردرێژکرابوو. هەربۆیە ئەحمەد ئاغا فەرمانی بە کاربەدەستانی رێگاوبانی شارەوانی کردبوو، بەردەم ماڵەکەی خۆی بۆ تەخت و بەردرێژبکەنەوە. کاتێک عەبدولڕەزاق ئەمەی بیست، پەیامێکی بۆ ئەحمەد ئاغا ناردو داوای

لێکرد چاککردنی شەقامەکە تاکو ماڵی ئەوانیش درێژ بکرێتەوە. ئەحمەد ئاغا، وەڵامێکی بێماریفەتانەو نالەبارانەی ئەم داوایەی عەبدولڕەزاقی دایەوە. ئەو بەعەبدولڕەزاقی بەڕێوبەری تەشریفاتی وتبوو، بەکاری خۆیەوە سەرقاڵبێت و دەست وەرنەداتە کاری شارەوانییەوە!! ئەمەش کوردەکەی توڕەکرد، ئەوەی بڕیارییدا کە بۆخۆی ئەحمەد ئاغا سزا بدات. ئەو بەفێڵێک ئەحمەد ئاغای هێنایە ماڵەکەی و بەتوندی کوتایان و ئنجا لەئاودەستەکەی ڕاڕەوەکەدا زیندانییان کرد.

ئەحمەد ئاغا، توانی کە هەواڵی دۆخی نالەباری خۆی بە ریزوان پاشای گەورەی بگەیەنێت، پاش ئەوەی هەولی بێهودەیدا بۆ رزگاربوون. ریزوان پاشا بۆ رزگارکردنی پیاوەکەی، ژمارەیەک لە لە کرێکارەکانی شارەوانی بە دەمانچەو کوتەوە نارد تاوەکو بچن بەدەم ئەحمەد ئاغاوە. بەوەش شەڕێکی توند لەنێوان دەستوپێوەندەکانی عەبدولڕەزاق و کرێکارەکاندا روویدا، تێیدا کوردێک کوژراو و چەند پیاوێکی ریزوان پاشاش برینداربوون. ئەحمەد ئاغاش دەرفەتی هەراکەی بۆ هەڵاتن قۆزتەوە. هەربۆیە ئەنجامی شەڕەکە بەسەرکەوتن بۆ پارێزگار درایە قەڵەم. بەڵام کوردان رەگەزێکی تۆڵەسێنن و تۆڵەکردنەوە نەریتێکە لەنێوانیاندا.

ئەوانەی تورکیا دەناسن، پێویست ناکات پێیان بوترێت کە لێکۆڵینەوەی فەرمیی لە بەزمی ئەوانە ناکرێت کە لە شیشلی دادەنیشن و هیچ یەکێکیش لەوانەی گلابوونە هەراکەوە لەلایەن دادگاوە بانگ نەکران بۆ لێکۆڵینەوە لەو رۆڵەی لەو هەرایانەدا گێڕاویانە. لەئەستەمبوڵ، ئەوە باو نییە کە کەسانی باڵادەستی وەک پارێزگاری شارەکە، یان تەشریفاتچی، لەبارەی بابەتگەلێکی بێبایەخی وەک کوشتنی خزمەتکارێکەوە نیگەران بکرێن. هەرچەندە لەو بارەیەشەوە راپۆرتێک خرایە بەردەم سوڵتان، ئەوەش بۆ ئەو کاریگەرییە دەگەڕێتەوە کە عەبدولڕەزاق و خزمەکانی هەیانبوو. ئەم راپۆرتە زۆر بەدژی ریزوان پاشا نووسرابوو.

خاوەنشکۆ سوڵتان زۆر لەپارێزگار توڕە بووە، لەوەدەچێت ئەوە بێزاری کردبێت کە پارێزگار بوێری ئەوەی کرووە باندێکی چەکداری لە نزیک کۆشکەوە بەکارهێناوە. هەروەها دەوترێت، کە ئەوەش زۆر مەحاڵ نییە، گوایە دەنگ و هەرای شەڕەکە، لەکۆشکی یەڵدزەوە کەوتۆتەبەر گوێی سوڵتان.

بۆماوەی چەند هەفتەیەک، ریزوان لە شەرمەزارییەکی قووڵدا دەژیا، لەلایەکەوە سوڵتان دەیویست وەک نیوەدوورخستنەوەیەک و وەک حاکمی گشتی یان والی رەوانەی بەغدای بکات، بەڵام سوپاس بۆ دەستێوەردانی دایکی، کە بەهۆی هاوڕێکانییەوە لەحەرەمسەرا، قسەی زۆر لەلای سوڵتان دەڕۆیشت، ئەو رێگەی پێدرا لەئەستەمبوڵ لەپۆستەکەیدا بمێنیتەوە. هەرچەندە ئەو نەیتوانی پاڵپشتی و لوتفی ئیمپراتۆریی و سوڵتان بەدەستبێنێتەوە.

هەرئەوەندە روونبووەوە کە ریزوان پاشا سزا نادرێت، عەبدولڕەزاق بانگێشتی ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانی کرد بۆ کۆبوونەوە. بەهێزترین ئەندامی بنەماڵەکەو قسەرۆیشتووترین کەسایەتیی نێو کۆبوونەوەکە ، عەلی شامیل بوو، کە پیاوێکی رۆشنبیر نەبوو بەڵام کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو. زۆر لەوانەشە بەهۆی ئەو دەسەڵات و کاریگەرییەوە بووبێت، زێدەتر لەعەبدولڕەزاق، کە وایکرد ئەنجومەنی بنەماڵە، لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاری ئەوە بحەنە بەردەم بەدرخانییەکان، پارێزگاری شارەکە بەگیانی خۆی باجی ئەو هێرشەی بۆسەر بەدرخانییەکان بدات.

عەبدولڕەزاق، راستەوخۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە هەنگاوینا، ئەو فەرمانی بەیەکێک لەخزمەتکارەکانی کرد، کە لەشەڕەکەی شیشلیدا بەشداربوو، ئامادەکاریی پێویست بۆ کوشتنی ریزوان پاشا بکات، هەروەها کەسانێکیش بۆ ئەم کارە بکاتە هاوکات و پشتیوان. ئەم پیاوە، سێ کوردی دیکەی پەیداکرد تاوەکو هاوکاریی بکەن و کردنی بە خزمەتکاری عەبدولڕەزاق بەبڕی مانگانەی ١٥ مەجیدی (٢ دۆلار). ریزوان پاشا کۆشکێکی بەخۆی هەبوو لە گویزتەپە، کە گوندێکبوو لەهەرێمی سکوتاری، کە دەکەوێتە وێستگەی

شەمەندەفەری ڕێگەی ئەنەدۆڵ. ئەو بڕیاریدا کە لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی ریزوان پاشا لە شەمەندەفەرەکەوە بۆ کۆشکەکەی بیکوژێت، تا ئەوەی کە لەئەستەمبوڵدا ئەو کارە بکات. کەمی دانیشتووانەکەی ئەوێن هەروەها ئەو ڕاستییەی کە هێزە سەربازییە خۆجێیەکەی سکوتاری لەژێر فەرماندەیی عەلی شامیل پاشادا بوو، ئەوەش وادەکات کە پیاوکوژەکان بتوانن هەڵبێن. چوار کوردەکە ڕەوانەی گویزتەپە کران پاش ئەوەی عەبدولڕەزاق دەمانچەو فیشەک و پارەی پێدان و خودی خۆی ریزوان پاشای وەک ئامانج بۆ دیاریکردن و فەرمانی کوشتنی پێدان. سەرەتا پێشنیاری ئەوەیان کرد، کە قاوەخانەکەی ئەوبەری وێستگەکە بەکرێ بگرن، بۆئەوەی چاودێری جوڵە و هاتوچۆی ریزوان پاشا بکەن و پیلانەکەیان دابنێن. بەڵام قاوەخانەکە بۆ بەکرێدان نەبوو، هەربۆیە ماڵێکی تایبەتیان بەکرێ گرت. ئەوان لەوە دەترسان ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی دەرنەکەون ئەوا گومانی پۆلیس دەخەنە سەر خۆیان، هەربۆیە پێشنیاری ئەوەیان بۆ گەورەکەیان کرد مامەڵە لەگەڵ باندی قاچاخچیی توتن بکەن. عەبدولڕەزاق بەوە ڕازی بوو، هەربۆیە بڕیک پارەی پێویستیشی بۆ تەرخانکردن.

هەمانکات، دۆخ و پێگەی ریزوان تادواڕادە مایەی بەزەیی بوو. ئەو وەک هەرکەسێک لەئەستەمبول، دەیزانی کە عەبدولڕەزاق سوێندی خواردووە تۆڵەی لێبکاتەوە. ئەو لەرێگەی سیخوڕەکانییەوە هەواڵی خراپی پێگەیشتبوو کە ئامادەکاریی بۆ کوشتنی دەکرێت. ئەو تکای لەکۆشک کرد کە بیپارێزن، بەڵام تکاکەی بێکاریگەر بوو. بەگوێرەی هاوڕێکانی، ئەو خۆی ڕادەستی چارەنووس کردو هەنگاوی پێویستی بۆ حەلوفەسڵکردنی موڵک و سامانەکەی نا، لەترسی ڕووداوی تیرۆرکردن و لەناکاوکوشتنی، هەروەک ئەوەی هێندەی ەبەلاوە ناخۆش نەبێ کە قەناعەت بەخۆی بکات، ئەو تۆڕەی دوژمنەکانی بۆیان چنیوەن وا هێواش هێواش لەگەردنی دەئاڵێت. کچەکەی ریزوان پاشا، کە لەگەڵ کوڕەکەی کەسایەتیی بەناوبانگ و پاڵەوانی جەنگی یۆنان، ئەدهەم پاشا، هاوسەرگیریی کردبوو،

بەزمێکی نوێتری بەسەر شانی باوکیدا هێنابوو. ئەو لەگەڵ پارێزەرێکی چەرکەسییدا هەڵگیرابوو و چووبووە ئیزمیت تاکو لەگەڵ ئەودا بژی. لەڕاستییدا، ئەو پاش چەند رۆژێک گەڕایەوە ماڵی باوکی و لەواقیعدا لەگەڵ مێردەکەی رێککەوتبوونەوە، بەڵام هەڵگیرانەکەی، خەم و پەژارەیەکی زۆری بۆ ریزوان هێناو بووەهۆی ئەوەی کە زیاتر لەقاوغێکی داخراو و بێزراوی سوڵتاندا بمێنیتەوە، ئەوەی زۆر رقی لەمجۆرە بەدناویی و ئیشە قۆڕانە دەبۆوە. هێشتا خاوەنشکۆ بێتاقەتیی لەهەڵاتنی ئەو دووکچەی کاربەدەستێکی باڵای دیکە دەرنەچووبوو، کە ماوەیەک لەوەو پێش روویدابوو. یەکێک لەوانەش ژنی مێردار بوو، کە زووتر لەزستاندا عەباو پەچەی داکەندبوو، بەرگی فەرەنگیی پۆشیبوو، هەڵاتبوو بۆ پاریس.

پێشئەوەی جەنابی پارێزگار لەشۆکی هەڵگیرانی کچەکەی بەهۆش خۆی بێتەوەو سەربەرز بکاتەوە، ئەو گورزەی بەرکەوت کە بەدرخانییەکان بۆیان ئامادەکردبوو. ئێوارەی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٣ی مارت، کاتێک لەشەمەندەفەرەکە هاتەدەر لەگویزتەپە، زۆری نەمابوو بگاتە کۆشکەکەی و لەگەڵ کوڕەکەیدا بوو، لەلایەن چوار کوردەوە پەلاماردرا، ئەوانەی نۆ فیشەکیان پێوەنا.

پێشئەوەی هیچ لێکۆڵەرێک بگاتەجێ، ریزوان دەستبەجێ گیانی سپارد. بکوژەکان هەڵاتن، بەڵام پۆلیس شوێنیانکەوتن و پاش راوەدونانێکی کورت، دەستبەسەریانکردن و لەیەکێک لەبنکە خۆجێییەکانی پۆلیس زیندانییان کردن.

بەیانی زووی رۆژی دواتر، عەلی شامیل، کە بەدڵنیاییەوە ئاگاداری ئەوە بوو کە روویداوە، هاتبوو بە فریایانەوە، ئەو هەوڵیدابوو کە ئەو ئەفسەرانەی بەرپرسی بنکەکەی پۆلیس هانبدات گیراوەکان ئازادبکەن و پێیبوتن: ئەوان بکوژنین بەڵکو قاچاخچیی توتنن. کاتێک ئەم قسانە کاریگەریی نەبوو، عەلی شامیل وەک فەرماندەی سەربازیی هەرێمەکە، دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا و بەرپرسیارێتیی ئەو دەستگیرکراوانەی گرتەئەستۆ. ئەو، ئەوانەی بردە

سەربازخانەکەو خواردن و جگەرەی پێدان و پێیوتن کە نەترسن و دوودڵ نەبن چونکە ئەم بۆخۆی لەپشتیانەو پشتگیرییان دەکات.
هەمانکات، سوڵتان لە هەواڵی کوشتنەکە ئاگادار کرایەوە، ئەوەی بۆئەو شتێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو بوو. هەرچەندە لەماوەی پێشوودا، وازی لەپشتگیریی و نەوازشی ریزوان هێنابوو، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو دەنگۆیانەی بڵاودەکرانەوە، ئەو هێشتا ئارەزووی مردنی ریزوانی نەدەکرد. ئەوە ئەستەم بوو کە بەوردیی بڵێی چی لەکۆشکدا دەگوزەرا، بەڵام بەگوێرەی هەموو گێڕانەوەکان، ململانێی و ناکۆکییە توند لەنێوان تاقمی بەدرخانییەکان و باقی دیکەی دەستوپێوەندی ئیمپراتۆرییدا هەبوو. سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە دەبوو لەو پێناوەدا بنرێن، دەوترێت کە سەرەتا سوڵتان نەیدەویست باوەڕ بەوە بهێنێت کە عەبدولڕەزاق لە پیلانگێڕییەکەوە تێوەگلاوە. هەربۆیە پەیامێکی بۆ عەبدولڕەزاق نارد کە داخۆ لەوبارەیەوە هیچ شتێک دەزانیت؟! بەڕێوبەری تەشریفاتی کە وەڵامیدابۆوە دانی بەتاوانی خۆیدا نابوو، ئەو وتبووی کە ریزوان بەفەرمانی ئەو و لەلایەن خزمەتکارەکانییەوە کوژراوە، تەنیا داخیشی ئەوەیە کە ئەرکەکەی لەکۆشک، رێگەی ئەوەی لێگرتووە کە بەشەخسیی بۆخۆی تۆڵەی ئەو سوکایەتییە بکاتەوە کە لەنۆڤەمبەری پێشوودا دژی ئەو کردوویەتی. تەنانەت دوای ئەوەش لەوەدەچوو هێشتا سوڵتان بەلایەوە زەحمەت بێت هەنگاوی توند دژی بەدرخانییەکان بنێت.
وەزیرە سەرەکییەکان، بانگی کۆشکی یەڵدز کران و داوایان لێکرا بیرو راوێژی خۆیان دەربڕن. ئەوان بەیەک دەنگ بڕیاریاندا، کە پێویستە هەنگاوی توند لەم رووەوە بگیرێتەبەر. ئەوان وتیان: ئەگەر ئەم تورەییە بێ سزا تێپەڕێت، ئەوا گیانی هیچ کەسێک لەپارێزراوییدا نامێنیتەوە و ئەوسا ئەم بنەماڵە کوردەش دەبنە خاوەنی راستیینەی تورکیاو ئەوساش ئامادە دەبن کە بوێری ئەوەیان هەبێ گورزی خۆیان لەهەر کەس بوەشێنن کە لەبەردەمیاندا سەرهەڵبڕیت.
ئەم قسەو باسانە، کاری خۆی لە سوڵتان کرد، ئەو بڕیاری خۆیدا، کە ئەو چوار کوردەی تاوانەکەیان ئەنجامداوە، بخرێنە زیندانی

وەزارەتی داد بۆئەوەی لەسەر کوشتنەکەی ریزوان دادگایی بکرێن. دەوترێت پاش ماوەیەک دوودڵیی، ئەو فەرمانی پلە سێی لەکۆشکەوە دەرکرد، عەلی شامیل ، پیاوەکانی رادەست کرد. پێدەچێت نە عەلی شامیل و نە عەبدولڕەزاقی برازای، لە مەترسییداریی دۆخەکە تێنەگەیشتبن و ئامادەکارییان بۆ ئەو کودەتایە نەبێت کە بەدوای ئەم دۆخەدا هات. فەرمانێکی نهێنیی هات، هەر ئەندامێکی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، ئەوانەی لە ئەستەمبوڵ دەژین، یان ئەوانەی لەهەرێمەکانی دیکەن، دەبێت دەستبەجێ دەستگیربکرێن و بۆ شوێنە دووردەستەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە دووربخرێنەوە. لەتاقە شەوێکدا، کە ٢٦ی مارتە، چەند دەرزەنێک لەبەدرخانییەکانن تەنیا لە پایتەخت قۆڵبەستکران و وەک زیندانیی خرانە نێو ئەو کەشتییانەوە کە ئامادەکرابوون بۆئەوەی بیانگوێزێتەوە بۆ مەنفاکانیان لە یەمەن و ئەفریقیا و هتد. ئەم شاڵاوە بەرفراوانە، هەڵمەتێکی رۆژنامەکانی بەدواداهات، بەوەی کە ئاماژەدانی بەناوی کارەکتەرەکانی ئەم رووداوەی بەتەواویی قەدەغەکردو لەو رووەشەوە لەکۆشکەوە فەرمان بەنووسینی وتاری زۆر درێژکرا کە بەشان و باڵی پاریزگاری کوژراودا هەڵبداو زۆر بەزمانێکی توندیش هێرشیان دەکردە سەر بەدرخانییەکان و وەک بنەماڵەیەکی بکوژو غەدار وێنا دەکران.

چەند رۆژیکی کەم پاش ئەوە، چوار کوردەکە دادگایی کران و دانیان بەتاوانەکەیاندا ناو و بەمەرگ سزادران. دادگاییەکەش لەفەزایەکی کراوەدا کراو دەرگای دادگا کراوە بوو، وردەکاریەکانیش لە رۆژنامە خۆجێییەکاندا بڵاوکراوەتەوە. هەرچەندە، پارێزەر بۆ تۆمەتبارەکان دانرابوو، بەڵام دادوەر رێگەی لەوانە گرت تەنانەش یەک وشەش چییە لەبەرگرییەکردنەکەیاندا بیڵێن!! لەوەش زیاتر، رێگەیان نەدرا کە هیچ پەیوەندییەک لەگەڵیاندا بگرن.

بەگشتیی، ئەو هەنگاوانەی کە حکومەت لەم رووەوە گرتییەبەر لەگەڵ ویست و پەسەندی رای گشتییدا یەکیگرتەوە. عەلی شامیل، بەجۆرێک خۆی بێزراو کردبوو، کە هەواڵی ریسواییەکەی لەهەموو لایەکەوە بەخۆشیی و گاڵتەوە پێشوازیی لێکرا. عەبدولڕەزاق زیاتر

جەماوەریی بوو، بەڵام هێشتا هەستێکی وا هەبوو کە ئەویش شایەنی ئەو سزایەیە کە بەسەریدا سەپێنراوە. تەنانەت هەر زوو دوای ئەوەی کە دادگاییەکە کۆتاییهات، دەنگۆیەک داکەوت کە گوایە عەلی شامیل و عەبدولڕەزاقی برازای، مەبەستیان نەبوو کە تەنیا بەکوشتنی ریزوانی بەدبەخت بوەستن، بەڵکو لەبەرنامەیاندا بووە کە تەواوی وەزیرە کاراکان و پیاوە دەستڕۆیشتووەکانی کۆشک لەنێوبەرن و هەژمونی کوردیی بەسەر سوڵتان و حکومەت و وڵاتەکەدا بسەپێنن. ئەم دەنگۆیە، ئەو راگەیاندنەی بەدواداهات پێشئەوەی کە ئەوان ببرێن بۆ شوێنە جیاوازە دوورخاوەکانیان، ئەوەی کە ١٥ ئەندامی رێبەری بنەماڵەی بەدرخانیین دەبێت وەک زیندانیی رەوانەی قەڵای تەڕابلوس بکرێن لەئەفریقا، هەتاکو کۆمسیۆنێک دەگاتە ئەویّ و لەسەر هەردوو تۆمەتی: کوشتن و خیانەتی عوزما دادگاییدەکرێن.

چیرۆکەکە باس لەوە دەکات، کە لەنێو کاغەزەکانی عەبدولڕەزاقدا، تەواوی ئەو پیلانە دۆزراوەتەوە، کە بۆ لەنێوبردنی وەزیرو کاربەدەستەکانی دەوڵەت هەیە، لیستێک هەیە بەناوی ئەوانەی کە دەبوو لەسەر رێگەکە لاببرێن، لەوانە: سەدری ئەعزەم، وەزیری جەنگ، وەزیری داد، وەزیری نێوخۆ، سکرتێری دووەمی سوڵتان کە عیزەت پاشای خاوەن نفوزو دەسەڵاتە!

بەگشتیی، لەئەستەمبوڵ، بڕوا وایە کە ئەم پیلانە ساختەو دروستکراوەو زیاتر بۆ وروژاندنی عەقڵی سوڵتانە، بۆئەوەی هانییدەن کە فەرمانی کوشتنی ئەو پیاوانە دەربکات کە ژیانیان دەبێتە هەڕەشەیەکی بەردەوام لەدژی ئەوانەی لای دژیان لەبەرمامبەریان گرتووە.

بەدڵنیاییەوە، دەردەکەوێت، کە لەوانە نییە سەرکردە کوردەکان ویستبێستیان لەپیلانگێڕییەکی لەم چەشنەوە بگلێن. ئەگەر وابووایە، ئەوا دەبوو پێش کوشتنی پێشوەختی ریزوان پاشا خۆیان ئاشکرا دەکرد، یان عەبدولڕەزاق ئەوەنە گەمژە نەدەبوو، مەبەستێکی ئەوا بەنووسین لەنیو کاغەزەکانییدا هەڵبگرێت. بەڵام سەنجڕاکێشترین شت کە لەتورکیا روویداوە، تەنیا یەک کەس لەو ١٥ کەسە بێتاوان

دەرچووەو ئەوانەی دیکە هەموویان وەک تاوانبار بەکوشتن و خیانەت، ڕاگەیەندران.

سێ لەوانە، بەهەریەک لە عەلی شامیل و عەبدولڕەزاقیشەوە، بەمەرگ سزادران. یازدەکەی دیکەش، بەپلەی جیاواز حوکمی قورسیان بەسەردا درا. ئەو چوار کوردەش کە کوشتنەکەیان ئەنجامدابوو، درانە لیژنەیەکی تایبەت، تاوەکو بەڵگەی تاوانەکەیان لی وەریگیرێت و دواتر بەمەرگ سزادران و بەسەریاندا جێبەجێکرا.



قشڵەی سەلیمییە لە سکوتاری لەژێر فەرماندەیی عەلی شامیل



سەدری ئەعزەم محەمەد فەرید پاشا (١٨٥١-١٩١٤)


عیزەت پاشا سکرتێری دووەمی سوڵتان (١٨٥٢-١٩٢٤)



سوڵتان و کۆبوونەوەی وەزیرەکان

## دادگایی بکوژەکانی ریزوان پاشا

رۆژنامەی (اقدام)ی عوسمانیی، لەژمارە ٦ی نیسانی ساڵی ١٩٠٦دا،لەژێر ناونیشانی "دادگایی بکوژانی خوالێخۆشبوو ریزوان پاشا و سزای لەسێدارەدان / رضوان پاشا مرحومک قاتللرینک محاکمەسی و حکم اعدام "دا بەشێک لەوردەکاریی و زانیارییەکانی دادگایی بکوژانی ریزوان پاشای بڵاوکردۆتەوە کە لێرەدا هەوڵدەدەین پوختەکەی بە وەرگێڕدراوی رابگوازین:

" بە هێزترین و پتەوترین بنەمای موڵک و دەوڵەت بۆ بەرگریکردن لە دارمانی دەوڵەت ڕاگرتن و پاراستنی دادپەروەیی لە بناخەی ژیاریی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە، لە رێگای دانانی یاساکانەوە دەست پێدەکا و هۆکاری سەرەکییە بۆ پاراستنی ئاسایشی گیان و موڵک وماڵ ناموسی رەعیەتەکان و پێشگرتن لە تەجاوزکردنێتی.
لە ژێر سێبەری دادپەروەرانەی حەزرەتی خیلافەتپەنای گەورەی مەمالیکی مەحروسەی شاهانە، دابینکردنی یاساکان زۆرتر بە مەبەستی راوەستان لەبەرامبەر تاوان و جینایەت و ئەو کەسانەی توانای جەنایەت و تاوانیان هەیە، بە شمشێری بەهێز و تۆڵەسێنی و شکۆی پادشایە.
دوابەدوای ئەمە لەسەر گرینگی پێدانی بڕیارەکانی عەدالەت و دلۆڤانی پرشنگدار بە پێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئەحکامی بە بایەخ و دادپەروەریی ئیسلام و تێکیستە باڵاکانی مافدار بوونیان و هەر وەها بەدواداچوون لە سەر بنەمای دەقی ئایاتی فورقانیە کە پێیوایە پەیوەندی نێوان ئیسلام و دەزگای داد-ە، لەسایەی چرای رووناکی ئامانج پیرۆزی خەلیفەی فاروق سیفەت پێداگری دەکات، کە شەو رۆژ وازی لە ئیسراحەتی خۆی هێناوە لەپێناو چەسپاندنی دادپەوەرییدا.
بەمەبەستی بەدیهێنانی رەزامەندی پادشا لەم ناوەندە [مەحکەمەیە] و بۆ دادپەروەری و دوورڕاگرتنی هەموو کەسێک لە هێرشکاریی و

زوڵمەوە، بە بێ جیاوازی وبەدیهێنانی ئەولەهی، سەبارەت بە بەدرخانیەکان و کێشانەوەی سیما و نیشاندانی شەڕانی بوون و گەندەڵبوونی ئەم بکوژە ناسراوانە، و سەلماندنی ئەوەی کە خاوەن بیرۆکەیەکی خوێنڕێژانە و وەحشیگەریی سەبارەت بە خوالێخۆشبوو ریزوان پاشا بوون... تەواوی جیهان نەفرینیان دەکات. ئەو بکوژنە بێ ئەوەی بتوانن بینای ئیلاهی برۆخێنن شایەنی لەعن و نفرین بوون.
لەبەردەوامیدا ئەم ئیدعانامەیە بە ئاماژە کردن بەو ئاژەڵە دڕندانەی تاوانەکەی گویزتەپەیان ئەنجامداوە، پێیوایە تەنانەت ئەو ئاژەڵانەی بۆ دابینکردنی خواردنی خۆشیان ئازار بە ئەوانی تر دەگەیێنن لەناو ئاژەڵەکانیشدا لە خاوەن پلە و پایەیەکی خوارترن و لەناو ریزبەندی مەخلوقات و مکونات ناکرێ دابنرێن، تەنانەت ئەوەیکە ناوێکیشیان لەسەر بنرێ مومکین نیە.
بەم حاڵەشەوە قانونی گەورەی [عەزەمەت نموونی] هەر کە سیبەری خۆی و دلۆڤانی خۆشی راکێشابێ، گەر کەسێک هەر چەندە شەڕانییش بێ گرینگ نیە، بەم حاڵەشەوە ناتوانێ خۆی لە پەنجەی یاسای عەزیم الاقتداری ئەو رزگار بکات...سروشتی ئەمانە ئەمەک نەناسی و هێرشکاری و تەجاوز و بنەمای ڕەگەزیان زوڵم ... شایستەی سزایە..."
دواتر اقدام بە تووندترین شێوە هێرشدەکاتە سەر بنەماڵەی بەدرخانیەکان و دەڵێ:
"ئیستاکە بۆ هەموو کەسێک ڕوون بۆتەوە ئەم بنەماڵە نەفرینکراوە... دزێوی و ئەم کردەوە هۆڤانەیان وەک میرات بۆ بەجێماوە و لە ئاکامدا کوڕ هاوشێوەی باوکەو ئەوەی لە گورگ بێ، هەر چەن لە گەڵ مرۆڤیش گەورە بووبێ، هەر دەبێتەوە گورگ، ئەمەش مژارێکی سەلمێنراوە.... لە کۆتاییدا بکوژان و هاودەستە نەفرینکراوەکانیان کە لەژێر کاریگەریی عەبدولرەزاق و عەلی شامیلدا بوون، کردەی جنایەتکارانەی خۆیان قەبوڵکردووەو... و بە تایبەت لە ژێر سایەی خاوەن شەرەف نەجم الدین مودەعی عمومی دادگای استیئناف و مودەعی عموم خاوەن شکۆ ادهم و ئەندامانی لێپرسینەوە عەلی رەزا و

صەدرەدین بەگ، حەقیقەتی پرسەکە ئاشکرا بووەو هەر چوار کەسیان لە دادگایەکی کراوەدا سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپێنراوە و شوکرانە بژێری ئەمەین."
لەبەشی دوای ئەمەدا، ڕۆژنامەکە دێتە سەر شێوەی ڕوودانی کوژرانی ریزوان پاشاو دەنوسێ:

"لە رۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠ی مارتی١٣٢٢ [کەدەکاتە ٢٣ مارسی ١٩٠٦]، کاتژمێر ١١، لە کاتێکدا ریزوان پاشا دەیویست لە وێستگەی شەمەندەفەری گویزتەپەوە بەرەو کۆشک بڕوات و سواری شەمەندەفەرەکە ببوو، لەکاتی دابەزین ئەم کەسانە بە ناوی ئەمین حەکاری، ناویتری عەبداە کوڕی تاتار، وانلی محەمەد کە ناویتری ئەسعەد کوری سەعدە، وانلی ئەحمەد کوری محەمەد، بیتلیسی عەبدە کوڕی مەحەمەد و عەلی چاوش ریزوان پاشایان کوشتوە.
لە دادگاییەکدا بە سەرۆکایەتی عطوفتلو حیلمی بەگ ئەفەندی ، خاوەن شکۆ یەحیا و جەمیل بەگ ئەفەندی، لەلایەن خاوەن شکۆ نجم الدین بەگ ئەفەندی وەک مودەعی عموم، سولەیمان رەفعەتلو و صوبحی بەگلەر، رەفعەت بەگ ئەفەندی چاوەدێری نوسینەوەی راپۆرتەکانیان کردوە. نەجاتی و مەحومد و سعد الدین و حسین خەیری ئەفەندییش وەک پارێزەر بوون. دەستەی دادگا کاتژمێر ٣ و نیو هاتنە ناو سالۆنەکە.
لەلایەن سەرۆکایەتی دادگاییەکەوە، ناسنامەی تاوانباران جەختی لێکرایەوە و پارێزەرەکان هۆشدارییە یاساییەکانیان دا و دەستەی تاوانبارکردن دەقی تاواننامەکانیان خوێندەوە.

**مەزبەتەی تاوانکارییەکان**

بە پێی ئەمە: دەستەی دادگا.محەمەد تۆفیق بەگ و ئەندامی هاوەل حسێن حوسنیز.. بە ئامادەبوونی سەرۆکی دادگای ئیستیناف خاوەن شکۆ نجم الدین بەگ ئەفەندی ئیدعا نامەی کردەوەی ١٨ مارسی ساڵی

٣٢٢ [٣١ی مارتی ١٩٠٦]خوێندەوە. بە پێی راپۆرتەکان پوختەی چۆنییەتی لێدان و کوژرانی ریزوان پاشا لەلایەن امین حکاری (عبدالله تاتار) محەمەد وانلی (اسعد بن سعدا) و وانلی ئەحمەد بن محەمەد و عبدالله بن محمد بتلیسی و محمدو عادلجوازلی علی چاوش بن محمد بە تێروتەسەلی لەمەزبەتەدا نوسراوەتەوە و لە ئاکامدا ئەمین بە ناویتر عبدالله و محمەد بە ناویتر ئەسعەد و ئەحمەد و عەبدولا، ریزوان پاشایان لە مانگی مارس لە رۆژی هەینی کاتژمێر ١٠و چارێک کە بەمەبەستی چونە سەرکاری لە ستاسیۆنی گۆزتەپەوە بەرەو کۆشک سواری شەمەندەفەر ببوو، بە هۆی دوژمنایەتی کەسییەوە، دوکەسیان بە چەکی ماوزەر و دووەکەی تر بە چەکی ڕۆلوری ئەمریکیی دەسرێژیان لێکردووەو ئەم خوالیخۆشبووە بەهۆی ئەم دەسرێژەوە لە ٨ جێگاوە بریندار بووە و بەهۆی ئەمەوە هەر لەو شوێنەوە وەفاتی کردوە. تاوانباران لەکاتێکدا ئامرازی بڕین و بریندارکردن و ڕۆلوریان بەدەستەوە بووە بە پەلە پەل لە شوێنەکەوە ڕایانکردووەو و خەڵکی و پۆلیسەکان وەشوێنیان کەوتوون...و دوای ئەوەی بە پەلە هەواڵەکەیان ناردۆتە شوێنی دیکە لەئاکامدا ل لایەن بەرپرسان و خەڵکی و عەسکەری شاهانە گەمارۆ دران و ... دوو خەنجەری گەورە و فیشەکی ماوزەر و رۆلۆر لە دەستیان دابوو و ئەمانەیان لێ سەندرایەوە.
دوایی ئەم ئیدعا نامەیە باسی ئەوە دەکا کە دوای ئەوەی ئەو کەسانە دەسگیر کراون عەلی شامل دەردەکەوێت و بە وشەی پیس و جنێو ئەو پۆلیسانەی خەریکی ئەرکی خۆیانن دەدوێنێ و هەڕەشەیان لێدەکات و لەکاتی لێپرسینەوە لە یاخییەکان (متجاسرەکان) جگەرەیان پێ دەدا و بە کوردی لە گەڵیان دەدوێت وبەڵێنی ڕزگارکردن و چاوپۆشی لە تاوانەکەیان پێئەدات و ڕێزیان لێدەنێت.
ئاکامی ئیدعا نامەکە سەبارەت بە امین بە (ناویتر عبدالله بن تاتار) و محەمەد (ئەسعەد کوڕی سعداە) و ئەحمەد کوڕی محەمەد و عەبدولا کوڕی محەمەد و عەلی چاوش سەبارەت بە ئیتهامەکەیان و هاندەرەکیان واتە عەلی شامل و هەر وەها عەبدولڕەزاق و هەندێک

له هاودەستەکانیان نوسراوەو داواکاری گشتیی ئەم ئیدعانامەیەی دوویات کردۆتەوە پێداگری لەسەر کردوە و راپۆرتەکەی رادەستی دەستەی دادگا کردوە.
ئەو سەبارەت بە چۆنییەتی لێدان و کوشتنی ریزوان پاشا لە لایەن ئەو چوار کەسەوە، راپۆرتەکەی نوسیوە و ئاشکرا بووە کە ئەم کێشەیە دەرەنجامی یەکەم، دوژمنایەتی بەردەومی شەخسیی بووە کە لەئاکامدا بۆتە هۆکاری کوژرانی ریزوان پاشا. بۆ جێبەجێکردنی ئەمە چەکی داوە بە ئەمین (عبداللە) و محەمەد (ئەسعەد) و ئەحمەد بن محەمەد و عبداللە بن محەمەد و لە گویزتەپە جێگای بۆ دابین کردوون و مانگ ونێوێک لە ئەرەنکۆی و گویزتەپە بە بەردەوامیی چاودێریی و ئاگاداریان لە هاتوچونەکانی کردووە و لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٣٢٢[١٩٠٦]، مانگی مارس لە رۆژی هەینی کاتژمێر ١٠ و چارێک کە ریزوان پاشا دەیویست بەرەو کۆشک بڕوات لە ستاسیۆنی گۆزتەپە سواری شەمەندەفەر دەبێت و هێرشی دەکرێتەسەر و و بە گولەی دەمانچەی رۆلور بە ئەنقەست بریندار و دەکرێت. بە پێی هەواڵ و دانپیانانی ڕاشکاوانە و ڕاپۆرتی پزیشکی و ڕاپۆرتە نوسراوەکانی پۆلیس و شاهیدەکان ئەمە دانپێدانراوە و گومانبارەکەی تر، عەلی چاوش لە سەرەتاوە، ئێوارەی پێنجشەمە لە گەڵ کوژەرەکان ئەمین و محەمەد چاوپێکەوتنی کردوە و لە رۆژی ڕودانی ڕوداوەکەدا بە مەبەستی قانعکردنی کوژەرەکان، ئەمین و محەمەد لە قاوەخانەی ستاسیۆنی گۆزتەپە چاوپێکەوتن و قسەی کردوە و دوای ئەوەی لە قاوەخانە وەدەردەکەوێ... و لە قاوەخانە دوور دەکەوێتەوە."
لە ئیدعانامەی دوو کەسەکەی تریشەو هەر ئەمە دوویات دەکرێتەوە و لە کۆتاییدا دەڵێ:
" ئیستاکە لە دەرەنجامی دانپیانانەکان زانیارییەکان بۆ دەستەی بەرێزی مەحکەمە باس دەکەم. ئەسعەد لە لەلایەن عبدولڕەزاقەوە بەکارهێنراوە و دزێوی دەروونی عەبدولرزاق و دژایەتی لەگەڵ ریزوان پاشا و هەستی دژایەتیی لەگەڵ مەرحوم کوژرانەکەی پشتڕاست دەکاتەوە و ... هەر وەها بەڕێوەبردنی ڕووداوی کوژرانەکەی گویزتەپە لەلایەن

عەلی شامل و هاوکارەکانی تریان لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەمین و ئەسعەدی بۆ ئەرەنکۆی ناردوەو ویستویەتی لە قەراخ قاوەخانەیەک ماڵیکی بۆ بە کرێ گرتوون بەڵآم نەیتوانیوە و هەر بۆیە دواتر لە ئەرەنکۆی ماڵێکی بە کرێ گرتوە و بۆ ماوەیەک مەرحوم ریزوان پاشای لە ژێر چاوەدێری گرتوە... ئێوارەی رۆژی پێنجشەمە عەبدولرزاق بە مەبەستی چاوەدێریکردنی ریزوان پاشا عەبدوڵای ناردۆتە سەر پردەکە (کۆپری)، لەو رۆژەدا عەبدوڵا لە کۆپری چاوەڕوانی خوالێخۆشبوو ریزوان پاشای کردووە. رۆژی هەینی دیسان لە سەر پرد چاوەڕوانی ریزوان پاشا دەکرێت کە سواری پاپۆڕەکە دەبێت و بەرەو گویزتەپە دەڕوات، هاوڕێکانی لەسەر چۆنییەتی سواربوونی بەلەمەکە ئاگادار دەکاتەوە و ... وعەبدولا ئێوارەی رۆژی هەینی دچێتە سەر پردەکە.بە هاندانی ئەسعەد چوار کوژەر بەم شیوە وەحشیانەیە ئەم کوشتنەیان بەڕێوە بردوە. عەلی شامیل پاڵپشتی خۆی لەو کوژەرە خائینانە کردوەو وبەڵینی ئەوەی پێدوان کە لە هەر حاڵدا رزگاریان دەکات و بکوژەکان دانیان بەمە ناوە. ئەمەش حەقیقەتی شامیل و عەبدولرزاق و هاوکارەکانیانە بۆ ئەم کردەوە وەحشیانە و جنایەتکارانەیان.

وەک ڕوونکردنەوەیەک بۆ فەخامەتی سەرۆکی مەحکەمە پێویستە ڕوون کەمەوە باوکی ئەم بەدرخانیانە لە سەردەمی خۆیدا بە نان و نەعمەتی سەلتەنەتی هەتایی گەورە بوبو و بە هۆی ئەوەیکە لە ئاست سەلتەنەت دەستی دابوو بە هەندیک کاری قێزەون سزا کرابوو و بە پێی دادپەروەری سەلتەنەتی والأمەقام ناچار سەریدانەواندبوو.

دوای ئەمەش زیاتر لە سەر ئاکار و کردەوەی دزێوی بەدرخانییەکان دەڕوات کە ئەمانە جینایەتی زۆر پیس و قێزەونیان کردووە وبەردەوامیان لەسەر ئەم کردەوانە نمونەیەکە لەم ڕوداوە. شامل، عەبدولرەزاق و براکانی، خەلیل، حسێن و کەنعان لە باوکیان بوێری ئەم سەرکێشیانە و کارانەیان وەرگرتووە و ئێستاکەش سروشتیان خراوەتە ڕوو... و پوختەی ئەم تاوانە ئەمەیە....بە پێی دانپێدایانانەکانی ئەم بوێرانەی ئەم بکوژانە و بە تایبەت ئەوەیکە لە ماڵی عەلی شامل

هەر دوکیان دەمانچەی ڕۆلۆریان وەرگرتووە و بە کاریان هێناوە و بە پێی شایەتەکان هەمو شتێک چەسپاوە..

**لێپرسینەوە لە تاوانباران**

لەسەرەتا حەکاریی ئەمین (عبدولا تاتارە) ٣٥ساڵی

- ئەمین روداوەکە چۆن ڕویدا بڵێ؟
- چۆن بێ ئەفەندم، کارمان گەیشتۆتە دادپەروەری پادشا.
- پێشەکی کارەکان (ترتیبات) چۆن کران؟
- عەبدولڕەزاق منی هێنایە لای خۆی، رۆژێکیش فەرمانی کوشتنی ریزوان پاشای پێدام و وتی ئەگەر ئەمە بکەن دوای ٣ رۆژ حەبس ڕزگارتان دەکەم. هەندێک بەڵینی پێدام. تەنانەت هەڕەشەی لێکردم کە ئەگەر نەیکوژم دەمکوژێ. ئێمەش لە هەر وتەیەکی بەدرخانیەکان دەترساین.
- کوڕەکانی بەدرخان هیچ گرینگییەکان نیە، ئەوانە نوێنەری لوتفی پادشان. تەنیا کفری نیعمەتەیان کردووە کە ئێستاکەش گرنگییەکیان نەماوە.
- دەترساین.
- سەبارەت بە کوژرانی ریزوان پاشا لە گویزتەپە بدوێ؟
- ئەو شەوە فەرمانیدا بیکوژین. ئەسعەد منی بە مەبەستی کرێگرتن بۆ قاوەخانەی گویزتەپە نارد. قاوەخانەیەکی باشمان نەدۆزیەوە.لە کۆتاییدا لە ئەرەنکۆی ماڵێکمان بەکرێ گرت. دوای عەبدولڕەزاق لە قاچاخچییەکانی توتن... چەکی پێداین.
- تەنیا دەمانچەی رۆلوری پێدان؟ یان خەنجەریش هەر ئەو پێی دان؟
- نەخێر، تەنیان دەمانچەی رۆلوری پێداین...
- ریزوان پاشات دەناسی؟
- لە هەوەڵەوە نەمدەناسی، تەبعەن عەبدولڕەزاق پێشانیدام.

- یەکەمجار کێ...؟
- من،ریزوان پاشا لە شەمەندەفەر دابەزی، یەکەمجار عەبدوڵلا هاتە لامان، پاشا وەدەرکەوت، عەبدولڕەزاق چونکە بە تەئکیدەوە وتبوی نەیکوژن دەتانکوژم، هەر بۆیە من یەکەمجار دەسرێژم کرد و دوای بەرەو دەرەی قوربەغلی هەڵاتین.
- کێ وەشوێن ئێوە کەوت؟
- سەربازەکان.
- بە رووی سەربازەکانیش دەسڕێژتان کرد؟
- کردمان.
- عەبدولڕەزاق بەڵێنی رزگاربوونی پێدان...؟
- وتی ڕزگارتان دەکەم.
- عەلی شامیل کەی هات؟

ئەفسەرە بەرپرسەکان ئێمەیان گرت، چەکەکانیان لێوەرگرتین، قۆڵبەستیان کردین، عەلی شامل بە گالیسکە بەرەو لای ئەوانەی ئێمەیان لە قوربەغلی دەرە گرتبوو، هات. ئەو لە گالیسکە دابەزی و بە کوردی لەگەڵمان دوا، وتی دەڵێم ئێوە قاچاخچی توتنن و رزگارتان دەکەم. دواتر چەکەکانی وەرگرت، دوای ئەوە وتی بە گالیسکە دەتانبەمە قەرەقۆڵخانەی قازیکۆی و لەوێشەوە بۆ قشڵەی سەلیمیە. خواردن و خواردنەوە و جگەرەی پێماندا.

- چاشی پێدان؟
- نەخێر، نەیدا.
- دەتانزانی عەلی شامل دێتە قوربەغلی دەرە؟
- نەماندەزانی، خۆی هات و وتی رزگارتان دەکەم.
- لە ساڵی ١٢٩٠[١٨٧٥ز] خزمەتی بەدرخان باوکی ئەوانەم کردوە، میرئالای بوو، بەڵام سەبارەت بە بەزەیی و لوتفی پادشا شوکرانە بژێر نەبوو. لە دەسەڵاتدا نەمایەوە، وەک مرۆڤێکی ئاسایی مایەوە، ئەوەتان نەدەزانی؟ لەبەردەوامی کردەوە سەرکێشانە و ناشوکری خۆی، عەبولرەزاق دەمانچەی رۆلۆرێکی پێدان و فێری کردن؟

- دەمانچەی ماوزێرو دەمانچەی رۆلوری پێداین، فێری کردین وتی ئاوا دەتوانن فیشەک بهاوێژن و پێمانی نیشان دا.
- ئامانجی ئەوەیکە دوو ناوت هەیە چیە؟
- لێرە پێمدەڵێن عەبدوڵا، لە وڵات دەڵێن ئەمین.
- چۆن چوونە خزمەتی عەبدولرەزاق؟
- دوو بۆ سێ مانگێک بێکار بووم...عەبدرلڕەزاق هەواڵی ناردبوو کە پیاوی دەوێت.
- عەلی چاوشت دەناسی؟
- دەمناسی.
- سەبارەت بەوەیکە چەکت لە کێ وەرگرتوە لەگەڵ عەلی چاوش قسەت کرد؟
- نا، رۆژی هەینی لە قاوە[خانە] بووم کە هاتە لام.
- کێ پارەی قاوەی دا؟
- نازانم کێ دای.
- لەو کاتا لەسەر ریزوان پاشا قسەتان دەکرد؟
- کە عەلی چاوش هات بە کوردی قسەمان کرد.
- عەبدولڕەزاق وتی بۆ کام لا ڕاکەن؟
- هەرلایەک قەرەقۆڵی لێ نەبێ بۆ ئەولا ڕاکەن، وتی بە لای سەلیمییە ڕاکەن.
- عەبدولرەزاق یارمەتی پێدان؟
- دای، وەک دەسمایە ١٥ لیرەی پێداین کەچوینە گویزتەپەش ٤لیرەی دیکەی دا.
- جل و بەرگەکان کێ پێیدان؟
- عەبدولرەزاق.

دوای ئەمە سەرۆکی مەحکەمە، لەگەڵ ئەسعەد، گومانلێکراوەکەی تری دواند

- چۆن بوو؟
- حسێن ئاغا؟؟؟ منی هێنایە لای عەبدولرەزاق .
- کەی؟

- ماوەیەک لەمەو بەر.
- مانگانە پارەی پێدەدایت؟
- مانگێک ئیشم بۆ کرد. ١٠٠ قروش پارەی پێدام. دوایە کێشە ساز بوو.
- دوای ڕووداوی شیشلی چیت کرد؟
- دوای ئەو شتێکم نەکرد.
- دوایە چی ڕوویدا؟
- عەبدولڕەزاق وتی: ئەمین بەگ چی کرد ئێوەش هەر وا بکەن
- ئەمین بەگ کێیە؟
- (لەناو گومانلێکراواندا نیشانی ئەدا) ئەوەی لێرەیە، وتی هەر چی ئەو دەیکا ئەتۆش هەر ئەو دەکەی، تەعلیماتی دا، چەکیشی پێداین. عومەر ئەفەندی بریکاری دارایی، ڕۆشت بۆ ئێمە جلوبەرگی کڕی، وتی وەک ئەمین پێکەوە ئەڕۆن، هەر چیەکی کرد تۆش دەیکەی، ئەگینا دەتکوژم، وتی دەچن ریزوان پاشا دەکوژن.
- تۆ ریزوان پاشات دەناسی؟
- نا نەمدەناسی.
- کێ بۆ یەکەمجار فیشەکی تەقاند؟
- یەکەمجار ئەمین تەقاندی و دوای ئەو من تەقاندم،... دوایە هەڵهاتین.
- دوای ئەوە پاشا کەوت، کێ دیسان گولەی تەقاند؟ مەبەستم ئەوەیە کێ لەسەریدا؟ چەن جار کەوتنە سەر پشتی پاشا؟
- نازانم چەن جار، من لە بیرم نیە،بەس عەبدولڕەزاق شتێکی نەوت. تەنیا چەکی دا.
- چۆن چەکێک بوو؟
- - ناوەکەییم لەبیر نیە. دە فیشەکیشی لەگەڵ پێدام.

ڕوو لە ئەمین:

- چەن فیشەکی پێدای؟
- ئەمین: ١٤ فیشەک.

- ئەسعەد: نا، ١٤ فیشەکی دا.
- ئەمین: ١٤ فیشەکی دا بە هەر یەک لە ئێمە.
- ئەسعەد: وتبووی ئەمین هەر چی بکا تۆش ئەو دەکەی.
- عەبدولڕەزاق چ گرینگیەکی هەبوو کە بە قسەی ئەوتان کرد؟
- لە وڵات باوکمانی دەردەهێنا!
- هیچی پێ نەئەکرا.
- ڕەنگە لێرە نا، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا با!
- عەبدولرەزاق وتی بۆ کام لا ڕابکەن؟
- شتێکی ئەوتۆی نەوت.
- فیشەکتان بەرەو رووی پۆلیسەکان تەقاندەوە؟
- بەدەم هەڵهاتنەوە لە ناو ڕێگا بە دەستێک تەقاندومانە، دوایە تەسلیمی قرەقۆڵ بوین.
- عەلی شامل کەی هات؟
- کە عەسکەرەکان ئێمەیان گرت لە پردەکەی قوربەغلی بە گالیسکە هات.
- عەلی شامل وتی ڕزگارتان دەکەم؟
- سەبارەت بە رزگارکردنم شتێکم نەبیست، کاتێک چوینە قشڵەی سلیمیە وتی مەترسن، دەڵیم قاچاخچی توتنن..
- لە قشڵە چی پێدان؟
- شۆربا .
- بە کام دەست فیشەکتان بەرەو رووی ریزوان پاشا تەقاند؟
- بەرەو رووی خوالێخۆشبوم نەتەوقاندەوە، لە ترسا هەر دوو دەستم بەردابۆوە.
- عەبدولرەزاق مانگانە چەندەی [پارە] پێ دەدای؟
- ٣٠٠ قروش [ هەڵبەت ئەم وشەیە کەمڕەنگ بۆتەوە] دوایە کە چومە گویزتەپە ٥ مەجیدی وەک بەخشیش پێدام و ٤ لیرەشی بۆ قاچاخچی دا و لە لای ئەمین ئەوانەی دا.
- کرێی ماڵەکە چەن بوو؟
- نازانم، ئەمین ماڵەکەی بە کرێ گرتبوو، من نەمگرت.

- چۆنی بە کرێ گرت؟
- نازانم، کاری ئەو بوو.
- چەکەکت لە کوێ فڕێ دا؟
- لە ڕێگا.
- عەبدولرەزاق وتبوی ئاوا بکەن؟
- نا، ئەو نەیوتبوو، من لە ترسان ئەمەم کرد.
- جگە لەمە چەکی دیکەت پێ بوو؟
- خەنجەرم پێ بوو.

دوای ئەمە سەرۆکی دادگا، ئەفەندی بەگ لە ناو گومانلێکراواندا ئەحمەدی دواند:

- ئەحمەد چی روویدا؟ راست بڵێ.
- من لە کورەخانە ئیشم دەکرد. ئەمین هات. وتی عەبدولرەزاق بە شوێن پیاو دەگەڕێت.منیش لەگەڵی رۆشتم. کاتژمێر ١١ دانیشتم چاوەران بووم. .. دواتر سەرپەرشتی داراییەکەی عومەر ئەفەندی جل و بەرگی کڕی. عەبدولڕەزاق ٢٠٠ قروشی وەک مەعاش دا.  رۆژێک عەبدولڕەزاق منی بۆ لای خۆی بانگ کرد و وتی ئەتۆم لەبەر کوشتنی ریزوان پاشا بانگ کردوە. وتی من پاشام و ئەگەر نەیکوژن من دەتانکوژم... دواتر لەگەڵ ئەمین، ئەسعەد توتنی هێنا و وتی لە گویزتەپە دەیانبینی، من چومە ئەوێ، لەوێ گەڕام، ئەمین لە گەڵ ئەسعەد هاتن و ٥ مەن توتنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو ئەمنیش فرۆشتم. رۆژی پێنجشەمە ئەمین بانگی کردم، لە سەر پردەوە سواری بەلەم ڕووەو سکۆدار چوین و لەوێشەوە چوینە گویزتەپە. ئەو شەوە میوانی ئەسعەد بوو. هەر ئەو شەوە عەلی چاوش هات، پرسیم ئەمە کێیە؟!  ئەمین وتی: قاچاخچی توتنە بە قاچاخ توتن دێنێ. دوایە لەگەڵ عەلی چاوش هەندێک توتنمان هێنا...دوایە بەیانی رۆژی هەینی، کاتژمێر ٥ و نیو لە ماڵ وەدەر کەوتین و لەوێ گەڕاین، کاتژمێر ١٠ هاتینە وێستگە. کاتژمێر ١٠ و نیو عەلی چاوش هات ولەگەڵ ئەسعەد

و ئەمین تاوڵەیان کرد.کاتژمێر ١١ و چارێک عەبدوڵا هات. لەگەڵ ئەسعەد قسەی کرد، منی بۆ لای عەبولڕەزاق نارد، وتی ریزوان پاشا نەکوژن گیانتان دەستێنم.

- پاشای کوژراوت دەناسی؟
- نەمدەناسی.
- کێ چەکی پێدای؟
- عەبدولرەزاق لەگەڵ دەمانمچەی رۆلورێک ٨ فیشەکی پێدام. ئەوانی دیکە ماوەزر بوون. ئەوەی من رۆلۆری ئەمریکی بوو.وتی بۆ هەر لایەک هەڵدێن.... (نەهاتووە)

ڕو لە ئەمین:

- عەلی شامل لە گەل عەبدولڕەزاق هاتبوو بۆ مالەکەتان؟
- نازانم، من حەوت رۆژ لەوێ مامەوە، ڕەنگە هاتبێ

سەرۆک ڕوو لە ئەحمەد:

- بڵێ عەلی شامیل چۆن ئێوەی لەدەستی پۆلیسەکان دەر هێنا؟
- لەپردەکەی قۆربەغڵی دەرەوە هات و بەکوردیی پێی وتین کە رزگارتان دەکەم. بەمەئمورەکانی وت کە ئەمانە بکوژ نین و قاچاخچیی توتنن. سەیری دەستەکانی ئیمەی کردو بەگالیسکە ئێمە بردە قازی کۆی. لەدەرمانخانە دەرمانی کڕی و برینەکانی ئێمەی تیمارکرد. دواتر چووین بۆ قشلەی سەلیمییە. لەوێش شۆربای پێداین، دوایش وتی : رزگارتان دەکەم.
- لەقشڵە، عەلی شامیل سەبارەت بە عەبدلڕەزاق قسەیکرد؟!!انا چەکتان پێ بوو؟!
- نا، نەمبوو.
- عەبدولڕەزاق کە پارەی پێدەدان چەند قرۆش بوو؟
- ٧٠٠ قرۆشی بەمندا، لە دوو مانگدا، ٢٥٠ قرۆشی وەک مانگانە دەدا، دوایش مەسرەفی رێگاشی دا.
- پارەی بەعەلی چاوشیش دا؟
- ئەوەی کە پارەی دابێتە عەلی چاوش، ئاگادار نیم.

بەڕێز سەرۆکی دادگا لەگەڵ عەبدولا قسەیکرد:

- تۆ بڵێ بزانم چی بووە؟
- ئەوەی کە دیبێتم دەیڵێم. من لەخاسکۆی حەماڵبووم، رۆژێک لەقاوەخانەی بازار دانیشتبووم، ئەسعود هات و وتی : دەتبەمە شوێنێک و لەحەماڵیی رزگارت دەبێت!! منیش وتم ئەگەر کارێکم نەبێت ...دەمرم. ئەسعەد پێداگریی کردو وتی : من چۆن بم تۆش هەروا دەبی. پێکەوە چووینە ماڵی عەبدولڕەزاق، سێ چوار رۆژێک دانیشتم وەڵامیکیان نەدایەوە...رۆژێک ئەسعەد لەشیشلییەوە ریزوان پاشای بینی لەنێو گالیسکەو پێشانی منیدا. رۆژی پێنج شەممە، عەبدولڕەزاق منی بانگکرد، دە مەجیدی دامێ و منی ناردە گویزتەپەو تەنیا ئەو رۆژە لەسەر پردەکە چاوەڕوانی ریزوان پاشام دەکرد، نەمبینیوە. کە گەڕایەوە ماڵەوە ئاگادارم کردەوە. رۆژی دواتر، عەبدولڕەزاق دووبارە بانگیکردمەوە.لەسەر چوونی ریزوان پاشا بۆ کۆشک قسەیکرد، وتی لەسەر پردەکە چاوەڕوانی بکە، بڕۆ گویزتەپە، هاوڕێکانت ئاگادار بکەرەوە کە ئەگەر جارێکی تر بەساغی بگەڕێتەوەو نەیکوژن ، من ئێوە دەکوژم، ئەمە بەهاورێکانت بڵێ، ئێمەش گیانی خۆمان رزگار کرد.
- وتی دوای ئەمە بۆ کوێ رابکەن؟
- وتی دوای ئەوە لەگەڵ هاوڕێکانت بۆ کوێ هەڵدێن هەڵبێن، من رزگارتان دەکەم.
- کە هەڵهاتن لەڕێگا فیشەکتان تەقاند؟
- سێ جار بەڕووی پۆلیسەکاندا فیشەکم تەقاند، ئەویش تەنیا بۆ ترساندیان بوو.
- هەموو فیشەکەکانت تەقاند؟
- بەڵی هەمووی.
- کەی عەلی شامیلت بینییەوە؟
- کە لەلای سەربازەکان بووین بینیمان. لەگەڵ ئەسعەد...، لەگەڵ ئەمین ، لەگەڵ ئەحمەد...عەلی شامیلمان بینی. ئێمە لەلایە

عەلی شامیل وەک قاچاخچی وابووین. بیستم کەوتی رزگارتان دەکەم. ئێمەی وەرگرت و بردنینی بۆ دەرمانخانەیەک و پاشتر بۆ قشڵە، لەقشڵەش شۆربای داینێ و وتی رزگارتان دەکەم.

- حەسەنت ئەناسی؟
- نا، نەمدەناسی، جارێک لەجێژنە هات.
- حەسەن نەیدەزانی؟ بەڵام ئایا یاساو دادپەوەریی هەبێت، کەسێک هاندەدرێت مرۆڤ بکوژێت؟!
- ئێمە عەجەمین [ واتە بێئەزمون و نەخوێندەوار]ئێمە!! وتی : نە لێرەو نە لەوڵات رزگارتان نابێ.
- حوکمی دادپەروەریی لەلایەن حەزەرتی پاشاوە چۆن دەبێ؟
- ئێمەی ترساند.
- عەلی چاوش لەقاوەخانەی وانلی دەناسی؟
- ئەو ئێوارەیە لەگەڵ ئەوان دیتم.
- کە پاشا هات، چیت لەگەڵ هاورێکانت وت؟
- بەقامکم ئاماژەم پێکرد.

پاشان، فەخامەتی سەرۆک ئەفەندی روو لەعەلی چاوش دەکات و دەپرسێت:

- رۆژی رووداوەکە لەقاوەخانە لەگەڵ ئەوانەی دانیشتبوون، چیتانکرد، بڵێ؟!
- من ئەوانە ناناسم و نازانم کێن. من لەگویزتەپە کرێکاریم دەکردو لەباغلار ئیشم دەکرد.
- تۆ لەگەڵ ئەوان چوویت بۆ قاوەخانەو لەگەڵیان دانیشتوویت؟
- تەنیا جارێک چوومەتەماڵیان و توتنم بۆ بردوون. پێک نەهاتین. چوومە قاوەخانەو لەگەڵیان دانیشتمن و چەکەکانیانم نەبینی . نەمدەزانی دەیانەوێت ریزوان پاشا بکوژن.

سەرۆک - کە پاشا هات نەتبیست عەبدوڵایان ئاگادارکردەوە؟

- نەمبیست. ئەوانەی لەوێ بینیم هیچیانم نەدەناسی...

پاش تەواوبوونی ئەم پرسیارانە، سەرۆک ئەفەندی لەناو بوخچەیەک دوو دەمانچەی رۆلورو ٢ خەنجەرو فیشەکی تۆمەتبارەکانیان پێشانی یەکەکە یەکەیان دەدات و ئەمین و ئەسعەد دان بەوەدا دەنێن کە چەکەکان هینی ئەوانن. سەعدەدین ئەفەندی پۆلیس، ، لەگەڵ بکوژەکان و لەگەڵ شایەتحاڵەکان لەوێیەو یەکێک لەوانە پۆلیسێکە بەناوی سەعدەدین کوڕی تورمش وەک شایەتحاڵ لەوێیە کە تەمەنی ٣٠ ساڵە و ئەو دەڵێت:

" رۆژی هەینی کە بەرەو قەرەقۆڵی نیزامیە چووبووم لەگەڵ چاوەشێک و دووکەس بە سواریی کە دەگەڕاین، هاوارێکم بیست و بینیم خەڵک هەڵدەهاتن، چوارکەسم بینی دەمانچەی رۆلوریان بەدەستەوە بوو، لەتەپە بەرەو خوار هەڵدەهاتن و لەپشتیانەوە شوینیان کەوتبوون و بیستم هاورایندەکرد : بکوژ. بکوژەکان کە سەربازیان بینی سیانیان دەمانچەیان فڕێدا. یەکێکیان (ئاماژەی بۆ ئەمین کرد) بەو دەستەی دەمانچەکەی پێبوو، دەهات. لەگەڵم حوسێن چاوش هێرشیکرد. عەلی هاوکاریی لەگەڵ حسێن چاوش کرد، منیش گەیشتم. دوو دەمانچەی ماوزەرو دوو رۆلوری سپی و دوو چاقۆمان گرت. لەنیو گومان لێکراوان (عەبدوڵای پێشاندا) لەگیرفانی چەپی ٥ فیشەکی ماوزەرمان دۆزییەوە، وتم ئەوە چییە؟ پێکەنی و وتی ئەگەر بتەوی دیسان لەگیرفانم دەربێنە. پسولەی وەرگرتنی چەکەکان نووسرا، چەکەکانم لە دەسرێکەوە ئاڵاندو مولازم حسێن ئەفەندی وتی وەرە لەگەڵم. دەسرەکەی وەرگرت و دواتر بەرێگاوە دەسرەکەی دا بە حسێن چاوش و پسوڵەی لێوەرگرت. لەلای ئێمە، سەربازەکانی پاشا، بکوژەکانیان بەستەوەو لەپۆلیس دەرکەوتین...کە گەیشتینە سەر پردەکە، عەلی شامیل بە گالیسکەیەکەوە هات، لەدوای ئەوەوە گالیسکەیەکی دیکە بەتاڵ بوو، لە بکوژەکانی پرسی : ئێوە قاچاخچیی توتن نەبوون؟! حسێن چاوش وتی: ئەمانە، پاشایەکیان کوشتووەو رووبەڕووی سەربازەکان بوونەتەوەو فیشەکیان بەڕووی ئێمەدا تەقاندووە، پسولەکەی لەمن ویست ، منیش بۆئەوەی پسولەکە نەکەوێتە دەستی، خستمە ناو چاڵێک و هەڵاتم...

- عەلی شامیل چی بە ئێوە وت؟
- هەر کە دابەزی زۆری وت و هیچ نەبووەو ئەمانە بۆ کوێ ئەبەن و ئەم قسانە.
- بۆ ئەم قسەیەی چۆن بەڵگەی هێنایەوە؟
- وتی ئەمانە قاچاخچیی توتنن. داوایکرد کە بەریاندەین. حسێن چاوش وتی ئەمانە بکوژی ریزوان پاشان، وتییان نا، نین، قاچاخچی توتنین... منیش بۆ رزگارکردنی پسوڵەکە لەوی هەڵهاتم."
دوای ئەمە، میقرازچییێکی [ ئەو کەسەی هێڵی شەمەندەفەرەکان رادەگرێ و کاتژمێری هاتوچۆی شەمەندەفەرەکان ڕادەگری] شەمەندەفەر لە وێستگەی گۆزتەپە،٣٥-٣٧ساڵی... بە ناوی محەمەد بن ئەحمەدیش ئیفادەی خۆی دا.
- کاتژمێر ١١ و نیو، ئەو شەمەندەنەفەرەی لە حەیدەر پاشاوە دەهات ریزوان پاشای هێنا... ١٢ و ٤٠ دەقە بوو. لەگەڵ ڕەشاد بەگ پێکەوە چوینە لای هێڵەکانی لە سەرە وێستاین کە بینیمان ٤ کەس هێرشیان هێنا، لە دەستی ئەسعەدا دەمانچەی رۆلۆرم بینی. بە هەر دوو دەستەوە [گرتبووی] و فیشەکی هاویشت. هەر کە پاشا کەوت دەوریان دا و دیسان وەبەر گولەیان دا. لەوناوەشدا چەن فیشەکیان بە حەواوە تەقاندەوەو کێشەی بۆ کەس نەبوو. ترساین. لەمانە، کە پاشا کەوت تەنیا بینیم ئەسعەد فیشەکی دەتەقاند. دەم و چاوی ئەوانەی دیکەم نەبینی. دوایە، بەرەو حەیدەرپاشا ڕۆیشتن و لەبەر رووناکی بەرەو قوربەغلی دەرە گەڕانەوە.
- عەلی چاوش دەناسی؟
- عەلی چاوەشم نەبینی، لەوکاتدا نەبوو، لە کاتی هەڵهاتنەکەدا نەمبینی....
ئەم شایەتحاڵەش ئیفادەکانی خۆیدا و باسی لە روداوەکە کرد.

دوای ئەوە، چراغیی [ دەبێ وەک شاگردی قاوەخانە و هۆتێلەکە بێ] قاوەچی، ٣٨-٣٩ ساڵی، بە ناوی حوسێن کوڕی سلێمان ئیفادەی خۆی دا:

- رۆژی هەینی ئێوارەکەی ٤ پیاو هاتنە قاوەخانە، قاوەیان خواردەوە و تاوڵەیان کرد...فنجانی قاوەکەمی لێوەرگرتم.
- عەلی چاوەشڕوبەڕووت هات؟
- نا دوایە هات.
- ئایا بینیت عەلی چاوەش لەگەڵ ئەوانە دانیشتبێ؟
- کە هاتمە قاوەخانەکە، ئەوەی کە ئەوان یەکتریان دەناسی یان نا نازانم.
- کێ پارەی قاوەکەی دا؟
- عەلی چاوەش دای

سەرۆک ڕوو لە عەلی چاوەش:

- عەلی چاوەش ئەتۆ سەبارەت بەوەکە لەگەڵیان بووی و پارەی قاوەکەت داوە بدوێ.
- من پێشتر بە قاوەخانەکە قەرزدار بوو، پارەی قەرزەکەم دایەوە.
- بەر لەوە کە پاشا لە شەمندەفەرەکە دابەزێت ئاگاداری هاتنی بووی؟
- نا.

گومانلێکراوان ئیفادەکانی ئەم شایەتحاڵەیان بیست و وەڵامی خۆیان دایەوە.

ماویەتی...

●●●

دوێنێ محاکەمە تەواو بوو و مەحکەمە بڕیاری خۆیداو و بە پێی شایەتی شایەتحاڵەکان و ئیدعانامە و راپۆرتی پزیشکی و بەرگریی وەکیلەکان، دوێنێ بڕیاری مەحکەمە وەدوا کەوت و ئەمڕۆ بڕیاری تاوانباربوون و مەحکوم بوونیان بەم شێوازە درا.

**بڕیاری تاوانبارێتیی و مەحکوم بوون**

لە ژێرەوە بڕیارنامەی مەحکەمە لە لایەن خاوەنشکۆ سلێمان بەگ خوێندرایەوە.
داخوازی و بەرگریی لایەنەکان بیسترا و بە پێی خوێندنەوەی راپۆرتەکانی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە سەریان، و قسەکردن لە سەر هۆکارەکانی ئەم رووداوە بە تێروتەسەلی وردبونەوەی لەسەر کراوە؛ کە لە مارسی ساڵی ۱۳۲۲، کاتژمێر ۱۱ و چارەک، ئەوکاتەی ریزوان پاشا بەرەو کۆشک دەرۆیشت و لە وێستگەی گویزتەپە سواری شەمەندەفەر بوو... لە دەرەنجامی دوژمنایەتی بەردەوامی تاکەکەسیی عەلی شامل و عەبدولرەزاق- بەدرخانیەکان-و هاندان و بڕیاری و دەستوری ئەوانەوە، ئەم گومانلێکراوانە؛ ئەمین حەکاری بە ناویتیر عبدوڵا بن تاتار ، محەمەد وانلی بە ناویتری ئەسعەد بن سعدا ، ئەحمەد بن محەمەد خەڵکی وان و عەبدوڵا بن محەمەد خەڵکی بیتیلیس، بە ئەنقەست و هاوبەش بە هەڵگرتنی ماوزر و رولۆری ئەمریکی هەستاون بە بریندار کردن و کوشتنی و بە پێی دانپیانان خۆیان لە هەوەڵ و ئاخیرەوە، و بە پێی شایەتیدانی وەک یەک و بە زمانی شایەتەکان و راپۆرتی پزیشکی تاوانبار بونیان سەلمێندراوەو و گومانلێکراوەکەیتر، عەلی چاوەش بە هاودەستیی و بەشداریکردنی بەرائەتی پێدرا.
دوای خویندنەوەی بڕیارنامە لەلایەن سەرۆکی مەحکەمە ....لەلایەن داواکاری گشتییەو،ە بۆ تاوانباران ئەمین حەکاری بە ناویتیر عبدوڵا بن تاتار ، محەمەد وانلی بە ناویتری ئەسعەد بن سعدا ، ئەحمەد بن محەمەد خەڵکی وان و عەبدوڵا بن محەمەد خەڵکی بیتیلیس، بە پێی مادەکانی **٤٥ و ١٧٠-ی یاسای سزادان،** سزایان بۆ داوا کراوە و پارێزەری تاوانباران جگە لە کەمکردنەوەی سزاکەیان داوایەکی تری نەبووە.
دوای خوێندنەوەی ئەمە و وەدەرکەوتنیان، دەستەی بەڕێزی گەڕانەوە ناو هۆڵەکە و لە لایەن سەرۆکی مەحکەمە، بڕیاری تاوانبار بوونی

ئەوانەی بە پێی بڕگە یاساییەکان خوێندەوەو پێکەوە لەسەر **ئیعدامکردنیان** بڕیار درا و پێویستە تاوانباران بە پێی یاسا داخوازی خۆیان بۆ مەحکەمەی تەمییز بنێرنەوەو و داوای پێداچونەوە بکەن...و دوای ئەمەش تاوانباران ناردرانەوە بۆ زیندان."

هەروەها بەگوێرەی رۆژنامەی (اقدام) کەلەرۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٠٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "پەڕاوی بکوژانی ریزوان پاشا " هەواڵی ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە ئەو چوارکوردەی کە بەناوی "ئەمین ، ئەسعەد ، ئەحمەد و هەروەها عەبدا " لەلێکۆڵینەوەکاندا دانیان بەوەدا نابوو بەهاندانی عەبدولڕەزاق بەدرخان لەرۆژی ٢٣ی مارتی ١٩٠٦دا، ریزوان پاشای پارێزگارو سەرۆک شارەوانی ئەستەمبوڵیان کوشتووە، و لەدادگادا سزای سێدارەیان بۆ دەرچووە، لەو رۆژەدا بڕیارەکەیان چۆتە دادگای تەمیزو لەوێش ئەرێ کراوە.



ژمارەیەک لەکەسایەتییەکانی بنەماڵەی بەدرخانیی


نسخه‌سی ۱۰ پاره‌در

نومرو ۴۲۵۱

اقدام

IKDAM

JOURNAL POLITIQUE, ÉCONOMIQUE ET LITTÉRAIRE

Un Numéro (4 Copeje) 10 paras

DIRECTEUR-PROPRIÉTAIRE

Vendredi 5 Avril



[illegible]

## جرمیت ومحکومیت قرارلری

زیرده محرر قرارنامه ضبط کاتبی عزتلو سلیمان بك طرفندن قرائت ایدلدی :

طرفینك ادعا ومدافعه‌لری استماع واوراق تحقیقیه مطالعه وتدقیق اولندقدن صکره ایجاب گذشته [illegible]

[illegible]

# شؤونات عمومیه

## صربستان تجارت معاهده‌سی

دولت علیه ایله صربستان حکومتی آره‌سنده طرفین مرخصلری معرفتیله متنی امضا ایدلمش اولان تجارت معاهده نامه‌سنك اخیراً بعض موادی حقنده اجرا قلنان تدقیقات وتعدیلاته دائر بوکره صربستان حکومتی طرفندن وارد اولان جواب اوزرینه کیفیت سلطنت سنیه مرخصلرنجه تدقیق ایدلمش وتدقیقات واقعه‌یی متضمن اوراق وسائره‌نك بوکون خارجیه نظارت جلیله‌سندن مقام سامیٔ صدارتپناهی‌یه دردست تقدیم بولندیغی ایشیدلمشدر .

## قونسلوسلق مقاوله‌نامه‌سی

دولت علیه ایله رومانیا حکومتی بیننده عقد ایدیله‌جك قونسلوسلق مقاوله‌نامه‌سنك اجرای مذاکراتنه مأمور ورسومات امینی دولتلو حسن فهمی پاشا حضرتلرینك ریاستلری آلتنده ذوات معلومه‌دن مرکب تشکل ایدن قومیسیونك بوکون دائرهٔ جلیلهٔ خارجیه‌ده انعقاد ایدرك مذاکراته ابتدار اوله‌جغی خبر آلنمشدر.

## رضوان پاشا قاتللرینك اوراق

بکنلرده جنایت محکمهٔ علیه‌سنده محاکمه‌لری اجرا قلنوب اعداملرینه قرار ویرلمش اولان امین ، اسعد ، احمد وعبدالله حقلرنده لاحق اولان حکمك اعلامی محکمهٔ مشار الیهاجه تنظیم اولنه‌رق بوکون محکمهٔ تمیزه تقدیم اوله‌جغی خبر آلنمشدر .

غروش قدرینك قارشولغی زیرده مرقوم اولدیغی وجه... موجود ایسه‌ده اوست طرفی اولوب قارشولغی بول... اوچ یوز سکز بیك غروش زیرده‌کی نسبت دائره... نظامیه وطوبخانه وبحریه وژاندارمه بودجه‌لر... علاوةً وعیناً تخصیص اولنه‌رق اورالردن ... ماه بماه متقاعدین عسکریه اداره‌سنه ویریله‌جکد...

| | یکون | عیناً [illegible] اولنان | نقداً ویریلمکده اولان |
|---|---|---|---|
| دائرهٔ امور عسکر... | ۲۸۲۹۳۲ | ۱۸۲۶۶۰ | ۱۰۰۲۷۲ |
| طوبخانهٔ عامره... | ۵۷۰۱۹ | ۳۶۸۱۱ | ۲۰۲۰۸ |
| دائرهٔ بحریه‌دن | ۶۰۹۴۷ | ۳۹۳۴۷ | ۲۱۶۰۰ |
| ژاندارمه‌دن | ۷۶۱۸۲ | ۴۹۱۸۲ | ۲۷۰۰۰ |
| جزودان بدلاتـ... | ۵۰۹۲۰ | | ۵۰۹۲۰ |
| | ۵۲۸۰۰۰ | ۳۰۸۰۰۰ | ۲۲۰۰۰۰ |

التمش اوچنجی ماده نظارت دائره‌سنه مت... هر نوع مصارف متفرقه جزودان بدلاتنك معا... قارشولق اتخاذ اولنان مقدارینك بقیه‌سندن ص... اولنوب متقاعدین وارامل وایتام معاشی قارش... اولان صنوف وارداتدن نظارت دائره‌سی مصا... قطعاً وقاطبةً براقیه صرف واستعمال اولنه‌میه‌جق...

التمش دردنجی ماده عموم متقاعدین و ای... وارامل عسکریه اموری نظارتی دوائر ثلثهٔ عسکری... برشعبه‌سی ومأمورین وکتبه وخدمه‌سیده دوائر... ره‌نك منسوبی اولدقلرندن دوائر مذکوره قلمل... منحلات ظهور ایتدکجه نظارت کتبه‌سی ... مسابقه امتحانلرینه دخول حقی حائز اوله... ودوائر کتبه‌سنك نظارت اقلامنه ونظارت کتبه... دوائر اقلامنه انتخاب کتاب عسکریه قومیسیون... معرفتیله بالامتحان نقل وترفیعلری اجرا قلنه‌جقد... بناءً علیه نظارت کتبه‌سنك ترتیبات اخیره‌یه ک... دائرهٔ عسکریه انتخاب کتاب قومیسیونجه نظ... رؤسای اقلامیده حاضر اولدقلری حالده متوفه تف... بالاجرا کتبه‌لری دوائر سائرهٔ عسکریه‌ده دخی ... بولنه‌جقدر .

التمش بشنجی ماده تدقیق وتفتیش هیئتی ... متقاعدین وایتام وارامل عسکریه اموری نظار...

## دەرئەنجام

پاش تێفکرین لەهەموو ئەو سەرچاوەو نووسراوانەی پێشوو سەبارەت بەکوشتنی ریزوان پاشاو رۆڵی نەوەکانی بەدرخانیی لەو رووداوەو ئەو چارەنووسەی بەهۆی رووداوەکەوە بەسەریاندا هات، دەتوانین بڵێین کە نزیکەی تەواوی ئەو سەرچاوانە، بەدرخانییەکان بەبکوژی ریزوان پاشا دەزانن و هۆکارەکەشی بۆ ئەو ناکۆکییە شەخسییە دەگێرنەوە کە لەنێوان عەبدولڕەزاق بەدرخان و ریزوان پاشادا ، لەسەر چاکنەکردن و بەردرێژنەکردنی شەقامەکەی بەردەم ماڵی عەبدولڕەزاق و دواتر گرتنی ئەحمەدئاغاوە، لەلایەن عەبدولڕەزاق و هەروەها پەلاماردانی ماڵەکەی عەبدولڕەزاق لەلایەن پیاوەکانی ریزوان پاشاوە، روویانداوە.

دیارە لەگێڕانەوەی رووداوەکاندا، جیاوازیی لە هەندێک وردەکارییەکاندا هەیە، چونکە هەندێک عەبدولڕەزاق بە سوێندخواردن بۆ کوشتنی ریزوان و پێداگر لەسەر ئەنجامدانی تاوانی کوشتنەکە لەقەڵەمدەدەن و هەندێکیش زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە عەلی شامیل بەهۆی ئەو تایبەتمەندیتییە زبرو توندەی هەیبووە، لەکۆبوونەوەی ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا، ئاراستەی بڕیارەکەی بەلای تۆڵەکردنەوەی شەخسیی و کوشتنی ریزوان پاشادا بردووە.

هەروەها سەبارەت بەهەڵوێستی سوڵتانیش لەرووداوەکان، جۆرە تەمومژێک هەیە، چونکە هەندێک باس لەوەدەکەن، کە سوڵتان لەدوای رووداوی پەلاماری ماڵەکەی عەبدولڕەزاق لەلایەن پیاوەکانی ریزوان پاشاوە، ئیدی پشتیکردۆتە ریزوان و پاش کوشتنیشی زۆر دوودڵبووە لە سزادانی توندی نەوەکانی بەدرخانی کە لەکوشتنەکەوە تێوەگلابوون و بەناچاریی و لەژێر فشاری دۆخەکە سزای دوورخستنەوەی بۆ دەرکردوون.

دواجار، مەسەلەی کاریگەریی رووداوەکەش لەسەر فەزای ناشتەوایی سیاسیی و دۆخی ئەستەمبوڵ و ئیمپراتۆرییەتەکەو نفوزی

کوردان لەسیاسەت و ئیدارەی عوسمانییدا، یەکێکە لەو بابەتە بنەڕەتییانەی کە شایەنی تێڕامان و ئاوڕلێدانەوە بێت.

ئاشکرایە، پاش ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمید هاتەسەرتەختی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکە، دۆخێکی شێواو لەوڵاتدا بەرقەراربوو. بەهۆی شکستی تەنزیمات و دەستێوەردانی دەرەکیی و جوڵانەوەی هەرێمەکان دژی دەوڵەت و لاوازیی پێگەی سوڵتان و زێدەبوونی قەرزە دەرەکییەکان و هەژمونی بیرۆکراتی و بابی عالی بەسەر کۆشکدا، رەوشی گشتیی تادەهات لەپاشەکشێدا بوو، ئومێدێیش بە سەرکەوتن و بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکان لاوازبوو. هەربۆیە سوڵتان عەبدولحەمید بریارییدا چەندەی دەتوانێت هەوڵ بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی سەڵتەنەت و زیندوکردنەوەی هێزی مەعنەوی خەلافەت و زیندووکردنەوەی گیانی سەرخانی رژێمە کۆنەکە بدات بێئەوەی چاو لە ناوەندگەرایی و چاکسازییە ئابوریی و ئیدارییەکان بپۆشێت، بەتایبەت راکێشان و نزیکردنەوەی چینی باڵادەستی سونەتیی و داخستنی ئیمپراتۆرییەکە بەرووی دەستێوەردانی بێگانە و جەختکردنەوەی لەسەر پانئیسلامیزم و توندکردنەوەی جومگەکانی دەوڵەت و حکومەت بەپشتبەستن بەکۆمەڵێک کاربەدەستی گوێڕایەڵ و ملکەچ بۆ خودی سوڵتان. هەرچەندە سوڵتان لەقۆناغی یەکەمی دەسەڵاتدارییەتییەکەدا، کۆمەڵێک لەمپەری گەورەی وەک جەنگی روس و رێکەوتنامەکانی وەک بەرلین و سانستیڤانۆ لەدەرەوەو هەروەها جوڵانەوەکانی بەلقان و نفوزی کاریگەری هەندێک لەکاربەدەستە باڵاکانی بیرۆکراتییەت وەک میدحەت پاشا، لەناوەوە هاتەبەردەم، بەڵام وردە وردە بەسەریاندا زاڵبوو، توانی ئەو ئامانجانە بینیتەدی کە بۆخۆی پلان و پیلانی وردی بۆ دادەڕشتن.

سەبارەت بەکوردیش، سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵیدا تاکو ئەوپەڕی سوود لەتواناو هێزی عەشیرەتە کوردییەکان و چینی باڵادەستی سونەتیی کورد، لەپێناو بەهێزکردنی دەسەلات و پێگەی خۆی سیستمەکەی، دژی نەیارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، وەربگریت. بەڵام سوڵتان لەورووەوە، زۆر زیرەکانە هەڵدەسوڕاو هەمیشە دەیوست کە

ئەو سوودوەرگرتن و ڕاکێشانە بەجۆرێک بێت کە ببێتە بەهێزکەرێک بۆ سیاسەتی ناوەندگەرایی دەوڵەت و هیچ کات دەرەفەتی گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆجێیی هاوشێوەی سەردەمی میرنشینەکانی بەکورد ڕەوانەبینیەوە.

لەم سەربەنەوە، نزیکردنەوەو ڕاکێشان و لەخۆگرتنی سیستمەکەی عەبدولحەمید، بۆ بەشێکی بەهێز لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەئەستەمبوڵ و پێدانی دەسەڵات و پێگەی باڵاو پۆستی جۆراوجۆر بە بەشێک لە ئەندامەکانی، کە ئامادەبوون بە خزمەتکردنی سوڵتان و ئاراستەکەی، وەک : بەحری پاشا، نەجیب پاشا، عەبدولڕەزاق پاشا، عەلی شامیل پاشا..هتد، بەشێک لەو ئامانجەی کە لەپێناو ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و چەسپاویی دەسەڵاتی خەلافەت و سەڵتەنەت گیرابووەبەر.

بێگومان پەیوەستبوونی بەشێک لە ئەندامە دەرکەوتەکانی بنەماڵەی بەدرخانیی بەسوڵتان عەبدولحەمیدو سیستمەکەیەوە ( لەبەرامبەر کەسانی وەک میقداد مەدحەت و عەبدلوڕەحمان بەدرخان ،کە لەدەرەوە بوون و دژی سوڵتان وەستابوونەوە) جگە لەکۆمەڵیک ئیمتیازو بەرژەوەندیی، کۆمەڵێک ئەرک و پابەندبوونیشی بەسەریاندا سەپاند، ئەوەش وایلێکردن کە لەنێو ئەو سیستمە ئاڵۆزو پڕململانێ و پیلانگێڕییەی سوڵتان عەبدولحەمیددا، تووشی چەندین ململانێ و ناکۆکیی و دوژمنایەتیی لەناوەوەو دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکەدا ببنەوە، بەتایبەت بەهێزی پێگەی بەدرخانییەکان لەئەستەمبوڵدا، بەتایبەت لەکۆشکی یەڵدزدا، چ لەنێو حەرەمسەراو چ لەلای خودی سوڵتان و پیاوە متمانەپێکراوەکانی وەک : تەحسین پاشا و شێخ ئەبولهودای سەیادی و ئەوانی دیکە، هەروەها لەنێو چینە هەژارو کەمدەرامەتەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، بەتایبەتی کوردەکانی ئەستەمبوڵ، ئەوانەی زۆرینەیان بەکاری حەماڵییەوە ژیانیان دەگوزەراند، وایکردبوو کە بەشێکی بەرچاو لە پیاوانی کۆشک و حکومەت و بیرۆکراتییەتی تورکیی، لەسۆنگەی کوردبوون و بەشێکبوون لە دەستەبژێرە سونەتییەکەی کۆمەڵگاو سیستمەکە، رقیان

لەبنەماڵەی بەدرخانییەکان و نەوەکانیان ببێتەوەو بەردەوام لەبۆسەدابن بۆئەوەی دڵی سوڵتانیان لێ کرمێبکەن و کارێک بکەن لەپێگەو دەسەڵات دەریانپەڕێنن. دیارە لەئاکامی ئەو پیلانگێڕیی و گێژاوی ناحەزییەدا کە دژی بەدرخانییەکان هەبوون لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا، چەند جارێک گەورەپیاوانی ئەم بنەماڵەیە وەک بەحری بەگ و عەلی شامیل و عبدولڕەزاق و عوسمان پاشا و بەدری بەگ، تووشی سەرزەنشت و لێسەندنەوەی پۆست و دوورخستنەوەو تەنانەت لەکارلابردن و زیندانیش بوونەتەوە. بەڵام کاتێک سوڵتان عەبدولحەمید سەیری دۆخی وڵاتەکەو دەوروبەری خۆی دەکردو لەدڵسۆزیی بەدرخانییەکان بۆخۆی و سیستمەکەی رادەما، بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی ناحەزانیان، چاوی لە تۆمەتبارکردنەکان و زمانلێدانەکان و کەموکورتییەکان دەپۆشی و دەیگەڕاننەوە نێو بازنەی دەسەڵات و پێگەو شوێنی باشترو شیاوتری پێدەدان. ئەوەش بەردخانییەکانی زیاتر لەنەیارانیان تیژدەکرد و وای لێکردبوون جگە لەسوڵتان، مل بۆ هیچ لایەن و کەسێکی تر دانەوێنن و لەسەر ویست و بەرژەوەندییەکانیان سازش نەکەن.

شایەنی باسە، ئەوەی لەهەموویان بەهەژمونترو تیژترو کاراتر بوو، عەلی شامیل بوو، کە پێشتر لەساڵی ١٨٧٧دا، لەجەنگی روسدا، لەگەڵ غازی عوسمان پاشادا لەشەری (پلیڤان) بریندارببوو. ئەو سەرپەرشتی کاروبارو بەرژەوەندیی بەدرخانییەکانی لەئەستەمبوڵ دەکردو پێگەیەکی بەرچاوی لەلای سوڵتان هەبوو، جگە لەوەی پەیوەندییەکی بەهێزیشی بە ئەڵقەی پیاوە کاراکانی سیستمی حەمدییەوە هەبوو، بەڵام توندیی و هەژمونگەرایی و باڵادەستی گیانی جەنگاوەریی ، وایکردبوو زوو زوو لەگەڵ نەیارەکانیدا لەکۆشک و بابی عالی تووشی تێکهەڵچوون بێت، بەشێوەیەک سەری لەململانێکان و پیلانگێڕییە نهێنییەکان بە باشیی دەرنەکردو هەوڵیدەدا کە بەهێزو بازوو رووبەروویان بێتەوەو یەکلاییان بکاتەوە. دیارە لەپاش عەلی شامیل، عەبدولڕەزاقی کوڕی نەجیب پاشای بەدرخان بەپلەیەکی کەمتر دێت، ناوبراو لەکۆشکی یەڵدز تەشریفاتچیی بوو، پەیوەندییەکی

بەهێزیشی بەسوڵتان و دەورەبەرەکەیەوە هەبووە، وێڕای ئەو پەیوەندییە تایبەتەی کەلەڕۆژانی کارکردنی لە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانیی، لەگەڵ بەشێک لە پیاوە دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتووەکانی حکومەت و هەروەها سەفارەتخانەکانی فەرەنساو روسیاشدا هەیبوو، ئەوەش هێزو حزورو پێگەو قورساییەکی گەورەی بە بەدرخانییەکان لەسیستمی حەمیدییدا بەخشیبوو، کە کینەی نەیارەکانیان و لایەنگرانی رزگاربوون لە سیستمە کۆنەکەو دەستەبژێرە خانەدانەکانی بەرەو مۆدێرنەی تورکخوازانە و یەکپارچەگەرایی دەورووژان. هەربۆیە، لەم سۆنگەیەوە، بەریەککەوتن و تێکهەڵچوونی نێوان عەبدلڕەزاق و ریزوان پاشای پارێزگاری شار، راستە بەڕواڵەت لەسەر خۆدزینەوە لە تەختکردن و بەردڕێژکردنی شەقامەکەی بەرماڵی عەبدولڕەزاق بوو، بەڵام ریشەی ناکۆکییەکان و ساردوسڕیی نێوان پیاوانی دەستڕۆیشتووی کۆشک و بابی عالی و هەروەها بەگە بەردخانییەکان و بەرپرسانی حکومیی وەک ریزوان پاشا، ریشەیەکی قووڵترو کینەیەکی شاراوەی لەپشتەوە بوو!!

پێویستە بوترێت، کاتێک هەندێک لەنووسەرانی بێگانە سەبارەت بەم جۆرە ململانێ و دووبەرەکییەی نێوان کۆشک و بابی عالیی، یان دەستبژێرە سونەتییەکەو بیرۆکراتییەتە هەژمونگەراو تێکەڵبوو بەبەرژەوەندی سیاسەت و کارگێڕیی و ئابووریی دەنووسن، بەو پێیەی کە بەدرخانیەکان کوردبوون و دۆستی سوڵتانبوون، هەروەها لەسۆنگەی باسوخواسە نادروستەکانی مەسەلەی ئەرمەنیی و پرۆپاگەندەکانیان سەبارەت بەکورد لەدەرەوە، ئەوە جگە لە ئیعجابیان بە سەروسەکوت و ئاکاری بیرۆکراتییەتە رۆژئاواگەراکان، یەکسەر دێن و لەو بارەیەوە تۆمەتی نارەوا بەسەر بەدرخانییەکاندا دەبەخشنەوە.

لەم بارەیەوە، فلیپ مانسێل (Philip Mansel) لە کتێبەکەیدا بەناوی : کۆستەنتنپۆل شاری ئارەزووی جیهان ١٤٥٣-١٩٢٤/ Constantinople: City of the World's Desire, (1453-1924) دا دەڵێت :

"یەڵدز هێندە بەهێز ببوو بەشێوەیەک هەر یەکە لەکۆشک و بابی عالی وەک دوو دەوڵەتی جیالەیەکتر دەردەکەوتن، لەنیوان هەردوولا، کەندڕێکی گەورەهەبوو. فەرید پاشا کە لەنیوان ١٩٠٣ بۆ ١٩٠٨ دا، سەدری ئەعزەم بوو، دەیوت: وەڵاهی ئەوەم پێخۆشترە لەکەناری گەڵاتە حەماڵ بم. کۆشک و بابی عالی هەڵوێستی جودایان سەبارەت بە حوکمی یاسا هەبوو. بنەماڵەی بەدرخان، کە خانەدانێکی بەهێزی کوردبوون و سوڵتان بۆ شارەکەی هێنابوون، ئاوێتەی نەریتەکانی پایتەخت ببوون بێئەوەی کەلتوری خۆیان ونکردبێت. کاتێک عەبدولڕەزاق لەلایەن کەسێکەوە پرسیاری ئەوەی لێکرابوو داخۆ کوردان دزبن، لەوەڵامدا عەبدولڕەزاق خان وتبووی: مەدام، گەر پێتخۆشە ئەوە ئێمە چەتەو رێگرین، بەڵام دز نین. لەساڵی ١٩٠٦دا، دوای ناکۆکییەک لەنێوان بەرێوەبەری پۆلیسی ئەستەمبوڵ، لەگەڵ دوو کەس لەبەرخانییەکان، بەڕێوبەرەکە تەقەی لێکراو لەکەناری شۆستەی رێگای ئاسنییەکە کوژرا، سوڵتان بۆ بێزراکردن و لەڕقی حکومەتەکەی، بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ رێوشوێنیکی یاسایی، تەنیا بنەماڵەی بەدرخانی بۆ مەنفا دوورخستەوە.

ئالێرەدا، پێویستە بەروونی ئاماژە بۆ هەڵوێستی ناڕوون و نادادپەروەرانەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بدرێ، سەبارەت بەو ململانێیەی لەئارادا هەبوون و ئاراستەی رووداوەکان و کێشەکەی نێوان ریزوان پاشاو بەردخانییەکان، ئەوەی پاشتر بەشێوەیەکی مەترسییدار، نەک هەر لەسەر ئایندەی کوردو بەدرخانییەکان لەئەستەمبوڵ، بگرە لەسەر خودی سیستمەکەی سوڵتان عەبدلوحەمیدو نغرۆبوونی پاش دووساڵ رەنگیدایەوە. لەڕاستییدا، پێش هەموو شت، وەک وترا دەمێکبوو رۆژنامەو بڵاوکراوە جیهانییەکان، دەمیان لەگەندەڵیی ریزوان پاشا دەداو فەزیحەت و سکانداڵەکانی ریزوان لاپەڕەی رۆژنامەکانی ئەوروپای تەنیبوو، کەچی سوڵتان، وێرای ئاگاداریی هەر وردو درشتێکی ئاکاری کارمەندەکان و گەیشتنی هەواڵەکان پێی، لەڕێگەی ئەو تۆڕە سیخوڕییە بەهێزەی لەدەرەوەو

ناوەوەی کۆشک و ئیمپراتۆرییەکە دایمەزراندبوو، کەچی هیچ لێپرسینەوەو سزادانێکی دژی ریزوان پاشا نەنواندو نزیک بە ١٦ ساڵ بوو وەک هەمەکارەی ئەستەمبول و پایتەختی خەلافەتەکە هێشتبوویەوە!!

دواتر هەر لەساتەوەختی قەومانی کێشەکەی نێوان ئەحمەد ئاغاو عەبدولڕەزاق لەسەر تەواونەکردن و بەردرێژنەکردنی شەقامەکەی بەرماڵی عەبدولڕەزاق لە نۆڤەمبەری ١٩٠٥دا، سوڵتان دەبوو بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەستی لەمەسەلەکان وەربدایە کە دواتر بەوجۆرەی بینرا گەورە نەبووایە. پاشتریش کە ریزوان پاشا لەیەنایەری ١٩٠٦دا، کرێکارەکانی شارەوانی بەدەمانچەو خەنجەرەو کوتەکەوە، ناردەسەر ماڵی عەبدولڕەزاق و جگەلەوەی داروديواری ماڵەکەیان هێنایەخوارەوە، بەدرخانی برابچووکیشیان بەسەختی بریندارکردو یەکێک لە خزمەتکارەکەنیان کوشت، لێرەشدا، پاش رشتنی خوێنی مرۆڤێک و ئەو هەرایەی ریزوان لەپەنا کۆشکی یەڵدزدا نایەوە، هێشتا سوڵتان هەڵوستێکی لێبڕاو و توندی نەنواند. سوڵتان ئەگەر دادپەروەربووایە، لانیکەم دەبوو دەستبەجێ ریزوان پاشا لەپۆستەکەی لابەرێت و زیندانی بکات و لێکۆڵینەوە لەو کارەبکات و دادگایەکی تایبەتی بۆ پێشنیاربکات، یان لانیکەم لەشوێنەکەی لاییەرێت و بۆ جیگایەکی دیکەی دووربخاتەوە گوایە بەڵێندرابوو کە ریزوان بکرێتە والی بەغداو لەئەستەموڵ نەمینێ وەک پاگەندەی بۆ دەکرا!! بەڵام هیچ نەکرا!! وادیارە بەرژەوەندیی هاوبەش و حەرەمسەرا خراپ کاریگەریی لەسەر خواستی عەدالەتی خەلیفە جێهێڵابوو.

پاش بێئومێدبوونی بەدرخانییەکان لەهەرهەنگاوێکی توند دژی ریزوان پاشا لەلایەن سوڵتانەوە، ئەوسا بیری تۆڵەکردنەوە خۆی سەپاند، هەرچەندە بەدرخانییەکان لەو بڕیارەدا پەلەیانکردو نەدەبوو تەواوی بەرژەوەندییەکانی بنەماڵەکەیان لەنێو ئەو بەرداشی ململانێ و ناکۆییە توندەی باڵە دژبەیەکەکانی کۆشک و بابی عالیدا، بەتۆڵەسەندنەوەو لەناوبردنی گیانی تاکە کەسێکەوە ببەستنەوە.

بەهەرحاڵ، پاش کوشتنی ریزوان پاشاش، سوڵتان هەڵوێستێکی دادپەروەرانەی پێشان نەداو کەوتەژێر کاریگەری پێداگریی و پرۆپاگەندەی ئەو تاقمەی کە لەبەر کوردبوون و لەبەر دژایەتیی نفوزو دەسەڵاتی بەردرخانییەکان، مەسەلەیەکەیان بەئاراستەیەکی دیکەدابردو وایان گەیاندە سوڵتان، کە بەدرخانییەکان بۆ کودەتاکردن و لەناوبردنی بڕێکی زۆر لەکاربەدەستانی دەوڵەت و لەناوبردنی دارودەستەی سوڵتان پیلانیانگێراوەو تاوانەکەیان لەتۆڵەکردنەوەو کوشتنی پارێزگاری شار گەورەترە!!! نەک هەر ئەوە بەڵکو کاریان گەیاندە ئەوەی کە بەدرخانییەکان وەک هەڕەشەیەک لەسەر گیانی سوڵتان و دەسەڵاتەکەی لەقەڵەمبدەن و تۆمەتی پەیوەندییکردن بەنەیارانی سوڵتان و کارکردن بۆ لابردنی سوڵتان و خیانەتی مەزنیان بۆ داتاشن!! هەربۆیە، سوڵتان عەبدولحەمید سێ رۆژ پاش رووداوەکە، فەرمانی رەشبگیرییەکی گشتیی دژی بەدرخانییەکان لەئەستەمبوڵ و هەرێمەکانی دی ئیمپراتۆرییەتەکە دەرکردو وەک خالیدە ئەدیبی ژنەشاعیری تورک گێڕاوێتییەوە، تەنانەت دراوسێکان و منداڵانی خوێندنگاش لەو رەشبگیرییە رزگاریان نەبووەو فەرمانەکە تەواوی کوردە خاوەن پێگەکانی ئەستەمبوڵی گرتەوەو ترسی هاویشتە دڵی ئەو تورکانەشی بەدۆستی سوڵتان حیساب نەدەکران. لەوەش زیاتر، لەرۆژنامەی فەرمییەوە، بەناوی هەواڵی دادگاییکردنەکەی بکوژانی ریزوان پاشا وقسەکردن لەسەر رووداوەکە، لێشاوێکی توندی پەلاماری راگەیاندن و تەشهیر بەدژی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بەڕێوەچوو، کە تێیدا پەلاماری کەسایەتییەکانی ئەم بنەماڵەیەی وەک عەبدولڕەزاق و عەلی شامیل دراو بەچەندین جنێو و سوکایەتیی وەک : پیاوکوژ، لەئیم، نیعمەت ناشناس، مەلعونلەر، شرور، حەیوانی وەحشی، گورگزادە، ردیء الاخلاق، مەلاعین و چەندین چەمکی ناشرینی تر ناوبران. نەک هەر ئەوە بەڵکو لەژێر پاساوی بنەمای (کوڕ هاوشێوەی باوکە/الولد صنو ابیه) مێژووی نیوەسەدە زیاتری ئەم بنەماڵەیە هێنرایەوە بەرباس و بەتوندیی سوکایەتیی بەمێژوویان دەکراو ئەوە بڵاودەکرایەوە کە ئەم بنەماڵەیە هەر لەبنەماوە دژەدەوڵەت

و دژەیاساو یاخیی و خراپەکارن و ڕێزی خەلیفەو پادشایان لانییەو کوڕانی بەدرخانیش هەروەک باوکیان تاوانکارن و ئەوان بەرامبەر بە سوڵتان و وەلینعمەتەکەیان بێوەفا و خراپەکاردەرچوون. هەروەها پێویستە ئاماژەش بۆ ئەو ڕاستییە بدرێت کە هێشتا لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان و دادگاییەکە بەتەواویی دەستی پێنەکردبوو، کە ڕەشبگیریی بەدرخانییەکان و پەلاماردانیان لە ڕۆژنامەی فەرمییەوە بەخەستیی دەستیپێکرد، دواتریش دەستگیرا بەسەر تەواوی ماڵ و موڵکیان و سامان و دارییەکانیاندا، هەروەک ئەوەی لەسەرەتاوە پیلانیکی داڕێژراو ورد بۆ ڕیشەکێشکردنی بەدرخانییەکان و لێدانی پێگەو نفوزو دەسەڵاتیان لەکۆشک و ئەستەمبوڵدا بەباشیی چنرابێت. بابەتێکی بەو چەشنەو نادادپەروەرییەکی زەقی بەو شێوەیە، دەشێت هانی کەسێکی وەک (کارتەر.ڤۆگن. فایندلی / Carter Vaughn Findley ) دابێت، لەلاپەڕە ٢٣١و ٢٣٢ی کتێبەکەیدا بەناوی "ریفۆرمی بیرۆکراتی لەئیمپراتۆریی عوسمانییدا"، وێڕای ئەوەی هەڵوێستی سوڵتان لەهەمبەر بەدرخانییەکاندا ئاسان پێشاندەدا، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە پرۆسەی سزادانەکە بەتەواویی لەڕێوشوێنی پێویست و تۆکمەی یاسایی و دادوەرییەوە دووربووە!!جگەلەوەی کە وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆدا، (ئەی . هایدبۆرن A . HEIDBORN) یش، دادگایی بەدرخانییەکانی وەک نموونەیەک بۆ دادگای نائاسایی هێناوەتەوە.

دواجار، دەکرێت بوترێت کە ڕووداوی کوشتنی ریزوان پاشاو ئەو پاشهاتانەی دواتر ڕوویاندا، بەتایبەتی ڕەشبگیریی بنەماڵەی بەدرخانییەکان و ڕیشەکێشکردنی نفوزو دەسەڵاتیان لەکۆشک و لەپایتەختی خەلافەتدا، کەلێنێکی گەورەی لەو هاوسەنگییە کرد کە چەندین ساڵبوو عەبدولحەمید هەوڵی بەدیهێنانی دەدا، بەشێوەیەک کە دەتوانرێت بوترێت ئەو ڕیشەکێشکردنە، جۆرە شڵەقاندنێکی لەنێو کۆشکدا خولقاند، بەحەرەمسەراشەوە، ئەوەش وایکرد لەداهاتوودا تای تەرازووی هێزەکان بەقازانجی بابی عالی و بیرۆکراتییەتدا بێت و چیتر سوڵتان عەبدولحەمید نەتوانێت بەو ئاسانییە لەنێوان کۆشک و

بابی عالیدا گەمەی بەدەستەوەگرتنی سەرەداوەکانی بڕیارو سیاسەت بەدەستەوە بگرێت. بەو کارە، سوڵتان ئامانجی تاقمە دژە کوردو دژە دەستەبژێرە سونەتییەکانی هێنایەدی و لەکاتی پێویستییدا کەسانێکی ئەوتۆی بەدەورەوە نەمابوو بەگیانی خۆیان، دڵسۆزانە بەرگریی لێبکەن، جگەلەوەی ئەو باڵۆنە پرۆپاگەندەییە چەند ساڵەیەی فشکردەوە کە هەمیشە سوڵتان عەبدولحەمیدی لەپێشوودا وەک "باڤێ کوردان" بەکۆمەڵانی کورد دەناساندو ئەوەش کوردو دەستەبژێرەکەی گەیاندە ئەو بڕوایەی بەتەواویی لەبەرەی سوڵتان تەرەبن و بکەونە بەرەی ناڕازییان و دوژمنانی عەبدولحەمیدەوە. هەربۆیە بەبڕوای ئێمە، ئەو هەنگاوە نادادپەروەرانەیەی سوڵتان عەبدولحەمید بەدژی کوردە بەدرخانییەکان لەئەستەمبوڵ نای، بەتوندی پێچەوانەی ئەو بنەمایانە بوو کە سیستمی حەمیدیی بانگەشەی بۆدەکردو نەک تەنیا گورزێک بوو لە نفوزی کوردو کۆتاییپێهاتنی لەژیانی سیاسیی و بەڕێوبەرایەتیی لەپایتەختی ئیمراتۆرییەکە، بەڵکو زەنگێکی مەترسیداربوو بۆ ئاوابوون و ماڵئاوایی خودی سیستمەکەو کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و خۆشکردنی زەمینە بوو بۆ کودەتای ئیتحادو تەرەقی بە ١٩٠٨دا، لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییدا.




Constantinople
CITY OF THE WORLD'S DESIRE, 1453–1924
PHILIP MANSEL

made from selling the left-overs.

Yildiz had become so powerful that 'the palace' and 'the Porte' were sometimes compared to two separate states. Torn between the two, Ferid Pasha, Grand Vizier from 1903 to 1908, said he would prefer to be a hamal on the quays of Galata. The palace and the Porte had different attitudes to the rule of law. The Bedir Han family, rich and powerful Kurdish notables brought to the city by the Sultan, assimilated metropolitan habits without losing their own. When asked by a bridge partner if the Kurds were thieves, Abdul Razzak Bedir Han, a master of ceremonies at Yildiz, replied: 'Madame, we are brigands if you wish, but not thieves.' In 1906, after a dispute between the prefect of Constantinople and two of the Bedir Hans, the prefect was shot dead on a railway platform. To the fury of his government, the Sultan, without following due process of law, merely sent the Bedir Han family into exile.

One of the Sultan's secret police forces was managed by his wet-nurse's grandson, a fat pink-cheeked psychopath called Fehim Pasha. His agents subjected both men and women to torture, extortion and abduction. Finally, when German subjects received such treatment, the German ambassador, Baron Marschall von Bieberstein, a former Foreign Minister over six foot tall and broadly built, known as 'the giant of the Bosphorus', confronted the Sultan with



عەبدولڕەزاق پاشا بەدرخان


A PRINCETON UNIVERSITY PRESS E-BOOK
Bureaucratic Reform in the Ottoman Empire
The Sublime Porte, 1789-1922
Carter V. Findley
PRINCETON

his system.

The second secretary in the *Mabeyn* during the later years of the reign was a Syrian known as "Arab" İzzet or İzzet Holo Paşa, who made himself so widely hated that he had to flee for his life at the outbreak of the Revolution of 1908. Once described as "the avatar of the 'Hamidian system,'" he owed his rise to a combination of corruption and cleverness. Repeatedly out of favor, he always found his way back. His greatest inspiration was reportedly the Hijaz Railway,[28] a project that combined spiritual with strategic utility in a way that Abd ül-Hamid found irresistible.

Not all "palace creatures" were so clever, and the misdeeds of several caught up with them in spectacular ways even before 1908. One notable case centered on the Bedir Han family, onetime Kurdish chieftains whom a succession of sultans had attempted to integrate into Ottoman officialdom. In 1906, a dis-



agreement arose between the prefect of Istanbul, Rıdvan Paşa, himself a palace protégé, and two members of this family: Abd ül-Rezzak Bey, then on the staff of the *chef de protocole* of the palace, and his uncle, Ali Şamil Paşa, commander of the Selimiye garrison at Üsküdar. Before the matter was settled, two shootouts had occurred in Istanbul, Rıdvan Paşa being killed in the second. In response to the pleas of his ministers for legal action, the sultan simply exiled the entire Bedir Han family without following prescribed judicial processes at all.[29]

Fehim Paşa, one of Abd ül-Hamid's aides-de-camp and the chief of the secret police of the palace. Grandson of Abd ül-Hamid's former wet nurse and son of İsmet Bey, who was a "milk brother" and thus particular intimate of the sultan, Fehim commended himself most of all for what one observer called "hereditary loyalty." This ascribed quality enabled Fehim, a pudgy,


GÖZTEPE
GÖZTEPE



سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم